هەندێ بەش لە کۆمەڵە چیرۆکی

پێکەنینی گەدا

پێشەکی بە قەڵەمی
مامۆستا هێمن

سەرەتا

شەو درەنگانە، بێدەنگییەکی بەسام ژووره ساردوسڕ و چۆڵوهۆڵ و نیوه تاریکەکەی داگرتووم. لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانه بوومەوه. لە حاڵێکدا کە کارێکی زۆریان کردۆتە سەر مێشك و دەمارم و ورده فرمێسکیان پێ هەڵوەراندووم، بە ئەسپایی دەفتەرەکەم دادەنێم، ئەسرینەکانم دەسترەمەوه، چراکه دەکوژێنمەوه، لە جێگاکەم دەخزێم و چاو لێك دەنێم، بەڵکو بتوانم سەرخەوێك بشکێنم و خەم و پەژارەم برەوێنم.

کەچی خەیاڵ هەڵم دەگرێ، دەمبا.. دەمبا.. دەوەناو دەوەن، ڕەوەزا و ڕەوەز، بەسەر بەفر بە سەری کوێستانانداا، بەناو دارستان و لێڕه چڕو پڕەکاندا، بە نواڵە زەنوێر و بژوێنەکاندا، بە پێدەشت و گۆڕ و نەرمانەکاندا، بە بەستێنی چۆمی (تەتەهوو)دا، بۆ شاره خونچیلانەکەی مامۆستا، بۆ (بۆکان)، بۆ بووکی شارەکانی کوردستان، بۆ کانگای ئەوین و دڵداری، بۆ مەکۆی خەبات و فیداکاری، بۆ بەرسەرای سەرداری شەهید، بۆ سەر حەوز و کانییە جوان و بەناوبانگەکەی، بۆ تەماشای بەژن و باڵا و خاڵ و میل و چاوو برۆ و کەزی و ئەگریجە و پووز و بەلەك و سەر و شەدە و شان و دەسماڵ و قەد و پشتێنی کیژه بۆکانییان، کە دەستە دەستە و پۆل پۆل، وەك مێگەلی مامز و ئاسك، بە لەنجەولار و تاسکەتاسك دێنە سەر حەوز، گۆزە سوور و نەخشاوەکانیان بەناز لە ئاو هەڵدەدەن و، وێنەیان لە ئاوێنەی ڕوون و بێگەردی حەوزەکەدا جیلوەیەکی ئاسمانیی هەیە کە فریشتە و پەری وەبیر دێنێتەوه و، شعوور و زەوق مشتوماڵ دەکا و هەست و خەیاڵ دەبزوێنێ.

گویم له دەنگی ئەو منداڵە ڕەزا سووك و بزۆز و ڕووتەڵە هەڵوافرۆشانە دەبێ، کە تەبەکی هەڵوا دەگێڕن و بە هەوایەکی خۆش پێی هەڵدەڵێن و هاوار دەکەن:

هەڵوای تەن تەنانی

هەتا نەیخۆی نایزانی

لە جێگاکەمدا ئەمدیو و ئەودیو دەکەم، بە ناهومێدییەوە هەناسەیەك هەڵدەکێشم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم خۆزگە و هەزار خۆزگە منیش وا پیر و کەنەفت و شەکەت و کەلەلا نەدەبووم، ئەوەندەم هێز و گوڕ و تین و توانا دەما تا پڕ بە ئامێزم لەو چیرۆکانە هەڵگرتبا و بە هەموو شار و دێ و کووچە و کۆڵان و بازێڕی کوردستاندا گەڕابام و یەك بە خۆم هاوارم کردبا: خەڵکینە! ئەگەر شتێ لە هەڵوای تەن تەنانی شیرینتر و لە گوڵاڵەی نوالآن بە بۆن و بەرامەترتان دەوێ وەرن وەرن بخوێننەوە، بخوێننەوە تا ئاهی خۆشتان لە دڵ و دەروون بگەڕێ. بخوێننەوە تا تامەزرۆییتان بشکێ. بخوێننەوە تا کولڵ و کۆتان دامرکێ. بخوێننەوە تا کۆمەڵەکەتان بناسن و لە دەرد و ئازار بگەن. بخوێننەوە تا پتر شاییتان بە زمانەکەتان بێ. تا نەیخوێننەوە، نازانن قەڵەمی سیحراویی مامۆستا قزڵجی چ شوێنەوارێکی بەنرخ و بێ وێنەی خولڤاندووە. بیری ورد و خەیاڵی بڵیند و هەستی ناسکی ئەم نووسەرە بلیمەتە چ نموونەیەکی ئەدەبی بەرزی داڕشتووە و پەنجەی بەهێز و ڕەنگینی ئەم هونەرمەندە گەورە لیزگەیەکی چۆنی لە دوڕو مرواری و گەوهەری نایاب بۆ هۆنیونەوە.

لەموکریان باوە دەڵێن: "بنەماڵەی قزڵجی وەك بێچووە مراوی وان هەر لە هێلکە هاتنەدەر مەلەوانن". مەبەستیان ئەوەیە ئەوی لەو بنەماڵە بێ، هەر لە منداڵییەوە زانا و پیتۆڵە. بە ڕاستیش ئەو بنەماڵە بەڕێزە گەلێك پیاوی بلیمەت و زانای لێهەڵکەوتووە کە بێئەوەی بۆ خۆیان ویستبیان ناوبانگی زانست و هونەرییان لە دنیادا بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا حەسەنی قزڵجی ڕۆڵەیەکی هەڵکەوتووی ئەو بنەماڵە گەورەیە، کە مایەی شانازیی نەتەوەکەمانە. ئەو ڕێبازی باوك و باپیرەکانی نەگرت و ڕێگایەکی تری هەڵبژارد و، لە باتیی خزمەتی ئاین کە ڕێگای باوك و باپیرەکانی بوو، خزمەتی ئەدەبی وەئەستۆی خۆی گرت، ئەویش چ ئەدەبێك؟ ئەدەبێکی بەرزی کۆمەڵایەتی.

یەکێك لە سیاسەتە شوومەکانی ڕەزاخانی پەهلەوی لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەشی فاشیستی خۆیدا، هەوڵی بێوچان و بێڕەحمانە بوو بۆ تواندنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستە شەیتانییە، داب و شوێن و جلوبەرگ و زمان و ئەدەب و مۆسیقا و سەمای کوردیی بە توندی قەدەغە کردبوو.

بەڵام بەو هەموو هێزە شەیتانییەوە نەك هەر کوردی کۆڵنەدەری بۆ نەبەزی و دەڕۆستی نەهات، بەڵکو ئەو سیاسەتە و زەبروزەنگی پۆلیسی ڕەزاخان بوو بە هۆی ڕاپەڕینێکی بەرینی فیکری لە کوردستاندا.

هەزاران پێچ و پشتێن و ڕانك و چۆغە و پەستەی پیاوی کورد و شەدە و هەوری و دەسماڵ و کۆڵوانەی ژنی کورد دڕاو سووتا، بەڵام جلوبەرگی کوردی وەك سوننەتێکی میللی هەر ماوە.

لە قوتابخانە و ئیدارە، تەنانەت لە کوچە و خەیابان هەزاران کورد بە تاوانی کوردی گوتن گیران و ئازار دران و سووکایەتییان پێکرا، بەڵام زمانی کوردی وەك سەرمایەی نەتەوایەتیمان هەر پارێزرا، کورد نەتواوە و ئابڕووتکاوی و ڕیسوایی مێژوو بۆ پۆلیسی ڕەزاخان مایەوە.

لەو سەردەمە تاریك و تنووك و ئەنگوست لە چاوەدا، لە مەڵبەندی موکریان بۆ بەربەرەکانێ دەگەڵ سیاسەتی تواندنەوەی کورد، کۆمەڵێکی نهێنی لە زانایان و ڕووناکبیران و گەورەپیاوانی کورد بە ڕابەری مامۆستا مەلا ئەحمەدی فەوزی، سەیفی قازی، پێشەوای نەمر، قازیی بۆکان، شێخ ئەحمەدی سرێلائاوا و گەلێکی تر لە ڕووناکبیرانی ئەو سەردەمە پێکهاتبوو کە ئامانجی ئەساسی و هەرە گەورەیان پاراستن و پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی بوو. کتێب و ڕۆژنامەی کوردی کە لە عێراق بڵاودەبوونەوە، بە زەحمەت پەیدایان دەکرد و بە ئیحتیاتەوە بەسەر لاوانی بڕواپێکراودا بڵاویان دەکردنەوە، تا فێری کوردی خوێندنەوە بن. ئەوان، بە تایبەتی مامۆستا فەوزی، دەستەیەك لاوی ڕووناکبیریان پێگەیاند کە لە دواڕۆژدا شاعیر و نووسەری زۆر خزمەتکار و بەناوبانگیان لێ هەڵکەوت. یەکێك لە دەست پەروەردەکانی فەوزی و هاوبیرەکانی، کاك حەسەنی قزڵجی خۆمانە کە هەر لەو دەمەی ڕا فێری کوردی خوێندنەوە ببوو. ئەوە بوو دەگەڵ سایەی شوومی پەهلەوی لاچوو و تەمومژی نەگبەت و چارەڕەشی کورد ڕەوی، وەك ئەستێرەیەکی گەشی ڕووناك و پرشنگدار لە ئاسمانی ئەدەبی کوردیدا درەوشایەوە و لاپەڕی گۆوار و ڕۆژنامەکانی کوردی بە نووسراوە جوانەکانی ڕازاندەوە.

لە زەمانی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا مامۆستا قزڵجی بێئەوەی سینگ ڕەپێش خاو خۆ ڕانێ، یەکێك لە خۆشەویستترین و نێزیکترین دۆستانی پێشەوا قازی محەمەدی ئەدەب دۆست و هونەرپەروەر بوو. بێجگە لەوەی لە ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبدا دەینووسی، سەرنووسەری گۆوارە جوانەکەی (هەڵاڵە)ش بوو.

پێشەوا لە ئاخرین ڕۆژانی دەسەڵاتیدا خەریك بوو مامۆستا قزڵجی و چەند شاعیر و نووسەری لاو و تازە پێگەیشتوو بنێرێتە دەرەوە تا بە قەولی خۆی چاو و گوێیان بکرێتەوە و شتی تازە فێربن. بەڵام بە داخەوە نەگەیشت و ئەم ئاواتەشی وەك زۆر لە ئاواتە پیرۆزەکانی نەهاتەدی. وەك ئێستا لە بیرمە و تا گڵەبانی چاوم دەکەن لە بیرم ناچێتەوە، ڕۆژێکی سارد و سەهۆڵبەندانی مەهاباد بوو، زریانێکی ساردی دەهات و کەڕەسیسەی دەکرد. خۆم کووزوو کردبوو و بە پەلە دەڕۆیشتم جێگایەکی گەرموگوڕ ببینمەوە. تەماشام کرد پێشەوا لەبەر بێلاکەی هاتوچوو دەکا و ڕۆژنامەی کوردستانی بە دەستەوەیە و یەکێك لە نووسەرانی ڕۆژنامەکەی لەلایە. خەریك بوو فیزماڵکی دەمێ و خۆم ببوێرم. دیتمی و بانگی کردم. هێشتا دوور بووم فەرمووی: دیوتە ئەو قزڵجییە چۆنی نووسیوە؟

زانیم مەبەستی ئەو پارچە ئەدەبییە جوانەی قزڵجییە کە لەو ژمارەدا چاپ کراوە. گوتم":بەڵێ دیومە و بە ڕاستی چاکی نووسیوە. کاکی نووسەر هەڵیدایە و گوتی: بەڵێ چاك دەنووسێ، بەڵام کەم دەنووسێ.

پێشەوا بزێکی هاتێ. سەری ڕاوەشاند و ئەم دوو شیعرەی (سەعدی)ی خوێندەوە:

خاك مغرب شنیدەام كە كنند
بە چهل سال كاسەء چینی
صد بە روزی كنند در بغداد
لاجرم قیمتش همی بینی

کە خوالێخۆشبوو (مەلا مستەفای سەفوەتی) ئاوای کردوە بە کوردی:

بیستوومە کەوا لە ڕۆژهەڵاتا
بە چل ساڵ ئەیکەن یەك کاسەی چینی
لە (مەردەشت) ئەکەن سەدی بە ڕۆژێ
بۆیە قیمەتی وایە ئەیبینی

دیسان ڕووی لە من کرد و فەرمووی: بریا زۆری وامان هەبان و پێش ئەوەی من جوابی دەمەوە بۆ خۆی گوتی: ئەگەر بۆ خۆمان بین زۆری وامان لێ هەڵدەکەون.

داخی گرانم زۆر زوو هێلانەکەمان لێ شێوا و سایەی ئەو پیاوە نیشمانپەروەر و ئەدەبدۆست و هونەرپەروەر و قەدرزانەمان لەسەر وەلاکەوت. قزڵجیش وەك زۆر لەشاعیر و نووسەرەکانی کورد

بێئەنواو بێداشدار و دڵسۆز مایەوە و لەدەست زوڵم و زۆری ڕێژێم ئاوارە و پەڕیوەی هەندەران بوو.

هەر بۆ خۆی دەزانێ لەو ماوە دوور و درێژەی لێقەومان و دەربەدەریدا چەند تاڵ و سوێریی ژیانی چێشتووە. چەندی سەرما و گەرمای دنیا دیوە. چەندی پەند و گوڵمەز بەسەرهاتووە. چەند گیراوە و ئازاردراوە و ئەمدیو ئەودیوی پێکراوە و بۆ پەیداکردنی پاروە نانێکی بێمنەت ناچار بووە بەو دەستەوستانیی خۆیەوە، کاری چەند سەخت و گرانی بەدەمی بکا و سەر بۆ ناکەسان شۆڕ نەکاتەوە.

مامۆستا لە کوڕی خەباتدا قاڵ بووە، خاراوە و، لە گڵ هاتۆتە دەرێ. لەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و چەرمەسەرییە شت فێربووە. زانستی بەرەو ژوورتر چووە، تەجرەبەی وەسەریەك ناوە، کۆمەڵی خۆی باشتر ناسیوە. هەستی بە ئێش و ئازاری کردووە و دەرمانی بۆ دۆزیوەتەوە و بۆتە فەیلەسووفێکی پسپۆڕ و نووسەرێکی ڕیئالیست و واقیعبین.

پاڵەوانی چیرۆکەکانی قزڵجی هیچ کامیان بۆ خوێنەرێکی کورد نەناسیاو نین، هەموویانی لە چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری هەڵبژاردووە، کارەساتی ژیانی وانی بە کوردییەکی ساکار بەو زمانەی هەموو کوردێکی نەخوێندەوار و ساویلکەی لێ حاڵی بێ، شی کردۆتەوە. خوێنەری ورد تێدەگا مامۆستا قزڵجی تا چ ڕادەیەك شارەزای زانستی ڕەوان شناسییە و چۆنی ڕۆحی پاڵەوانەکانی ناسیوە و چۆتە ناخی هەناو و دەروونیانەوە.

مامۆستا قزڵجی کۆمەڵی کوردەواریی لە هەموو کەس چاکتر ناسیوە. خوێنەر لەم چەند چیرۆکە کورتەدا نموونەی ژیانی دەرەبەگێکی چەکمەڕەق، کۆنە بەگێکی بارگین تۆپیو، شێخێکی دەستبڕ، دەروێشێکی زەرگ وەشێن، جووتیارێکی زۆرلێکراو، باب نۆکەرێکی زمان لووس، کاربەدەستێکی بەرتیل خۆری بێگانە، تاجرێکی سووت خۆر و تەماعکار، جاسووسێکی نیشتمان فرۆش، تەنانەت ژنێکی چارەڕەش و بێبەشی کورد، دەبینێ.

خوێنەر پاش خوێندنەوەی زوربەی چیرۆکەکان پێکەنین دەیگرێ، بەڵام چ پێکەنینێك؟ پێکەنینێکی تاڵتر لە کەکرە.

ئەوەی بۆ کوردێکی دڵسۆز جێی داخ و خەفەتە ئەوەیە کە زیاتر ڕووداوەکانی ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکانە دەگەڕێنەوە بۆ سی ساڵ لەوەی پێش. کەچی دەبینی ئێستاش ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ لە وەزعی کۆمەڵایەتی کورددا ڕووی نەداوە کە ئەم چیرۆکانە تازەیی خۆیان لەدەست بدەن.

ئێستاش جوتیار بە چەشنێکی نوێ دەچەوسێنرێتەوە و لەبەر زۆریی ئیجارە و قیست و سووروسات دەست لە زەویوزاری خۆی هەڵدەگرێ و ڕوو لە شاران دەکا. ئێستاش توونی حەمام پڕن لە هەژارە بێجێ و ڕێیەکان. ئێستاش بازرگانی سووت خۆر و ساختەباز، شێخی کۆنەپەرست و دەستبڕ، دەروێشی فریودراوی زەرگ وەشێن لە کوردستاندا کەم نین.

ئێستاش دایك و بابی کورد بۆ چارەی دەردی منداڵە نەخۆشەکانیان دەست و دامێنی ئامینەخانی نووشتەنووس دەبن و زۆر ئامینەخانی بێبەش و چارەڕەش ماون کە لەبەر وەزعی نالەباری کۆمەڵایەتی، هەوەس ناچاریان دەکا بە فێڵ ڕەشد فێرکەن نووشتەیان دەکۆشی باوێ.

ئێستاش سەرکار ڕەزایی پاسگاکانی کوردستان لە جەنابی سەرهەنگ بە ئیجارە دەگرێ و بۆ ئە ستاندنی بەرتیل و سازکردنی پەڵپ و بیانوو حوسێن قولیی هەر بەدەستەوەیە.

خوێنەرانی بەڕێز! من لەو سەرەتا کورتەدا ناتوانم مامۆستا قزڵجی بە ئێوە بناسێنم. خۆتان کتێبەکەی بە سەرنجەوە بخوێننەوە تائەم نووسەرە هەڵکەوتووە بناسن و لەبیری بەرزی بەهرە وەرگرن.

با تێکڕا فەرمایشەکەی پێشەوای نەمرمان دووپاتە بکەینەوە و بڵێین: "بریا زۆریوامان هەبان".

چیرۆکەکان

پێکەنینی گەدا

لە بەربەڕۆچکێك هەڵتروشکابوو، چیلکەیەکی بە دەستەوە بوو لە خۆڵەکەی بەردەمی دەوەژاند. بەیانیی ڕۆژێکی دوامین مانگی پاییز بوو. خۆڵەکە بە زوقمی شەو تەڕ ببوو. جێگای چیلکەکەی بە ڕوونی لێدیاربوو. بە درێژایی دوو بست خەتی ڕاستی لەپاڵ یەکتردا کێشابوو. لەولاشەوە جەغزێکی خاڵی و بەتاڵی کێشا.

ئەمانە نموونەی ئەوە بوون کە بە دڵیدا دەهات. بیری بەلای شتێکی دیکەوە بوو. هیچ ئامادەی ئەوە نەبوو کە سەرنج بدات تەبەقی زێڕینی ڕۆژ لەو بەرەوە لە کام کەژ و چیاوە سەری لە کەل دەرهێناوە بە پرشنگی خۆی گوندی (تەپەڕەش) زێڕەوشان دەکات. ئە وەی کە لەو کاتەدا مەبەستی ئەو بوو تینی خۆرەکە بوو کە تەزووی سەرمای شەو لە لەشی دەرکا و نەختێ گەرمی کاتەوە.

ئەگەر لەو وەختەدا سەری بەرزکردایەتەوە لە بەرانبەری خۆی بیڕوانیایەتە تەبەقی ڕۆژ، ڕەنگ بوو لە کولێرەیەکی گەنمەشامیی داغ بەولاوە هیچی تری بە خەیاڵدا نەهاتایە. "بێ کراس گەزەجاو بە خەو دەبینێ". کابرای نەخۆش و برسیش کە چاوی تراویلکە دەکا، دوور نییە ڕۆژی لێ ببێتە کولێرەی زەرد و زۆڵی گەرمە تەنووری گەنمەشامی.

لەشی کە تا پێش تاوهەڵات سڕ ببوو، وردە وردە بە تینی خۆرەکە دەبووژاوە و خاو دەبۆوە. تومەس دەستە ڕەق و تەقەکانی ماندوو ببوون. ئیتر وازی لە چیلکە ئاژنینی خۆڵەکە هێنا، لەسەر زەوییە تەڕەکە دانیشت. بە هەردوو دەستی ئەژنۆکانی گرتە باوەش و سەری بەرداوە، تا تەوێڵی نیشتە سەر کەشکەژنۆکانی. لەو حاڵەدا ئەگەر پان و پۆڕ و مل ئەستوور و ڕیش شانەکراو بوایە، دەتگوت سۆفی بیارەیە "موراقیب" بووە.

نێزیکەی سەعاتێک بەو جۆرە مایەوە. لەوە دەچوو بە گەرمای خۆرەکە خاوەبووبێتەوە و خەوی لێکەوتبێ. بەڵام لە بزووتنەوەی پەنجەکان و سەری، کە ناوبەناو دەیجولاندن، وا دیاربوو ماشەری خەیاڵەکەی هەڵدەکات.

سەری ماشەرەکەی لە چیلکە وەژاندنەکەوە دەستپێکردبوو. بە خەتەکانی کە لە پاڵ یەکدا کێشابووی، بیری لە شێف و وەردی زەوییەکەی دەکردەوە. بە جەغزەکەش جێ خەرمانەکەی نیشان دەدا کە ئێستا و ئێستاش شەنە و کەو و بێژینگی بە خۆیەوە نەدی. چونکە ئەو ساڵە شارەزوور نەهاتی بوو، سن و کوللە هیچیان بۆ نەهێشتبۆوە و تا بیری لێبکاتەوە، بەڵام دەرد و مەینەتی ئەوەندە زۆر بوو نەیاندەهێشت مێشکی وچان بدات و تاوێک بحەسێتەوە. لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان دابوو، یەک لە دوای یەک تارماییی خۆیان نیشاندەدا. دەهاتەوە بەرچاوی چۆن خۆی و ژنەکەی تووشی سێبەرۆ بوون و سێ مانگی ڕەبەق کەوتن. چۆن حاجی ڕەشید لە سلێمانییەوە هات جووتەگاکەی لە جیاتیی سەلەم برد و ڕۆیشت. چۆن منداڵەکەی هاوڵەی گرت و مرد. چۆن ژنەکەی لە خەفەتی منداڵەکەیان و لە برسانا بە دەم سێبەرۆوە گیانی دەرچوو، یاسینی فریانەکەوت. بە ئاسانی هەست بەوە دەکرا کە بیر لەم نەگبەت و نەهاتییانە دەکاتەوە، بەڵام دژوار بوو بزانرێ داخوا هەوادای وتوێژەکەی دەپسێ، یان هەڵی دەکا تا دەیگەیەنێتە جێگایەکی وا بڕیارێک بدات.

کتوپڕ بە شێنەیی سەری هەڵێنا، دەتگوت ملی وەکو فەنەرێکی ڕەواوە وایە و توانای ئەوەی تێدا نەماوە سەرەکەی بۆ بەرزکاتەوە. وردە وردە سەری هەڵێنا تا لەسەر ئەستۆی ڕاست وێستا. ئەمجار پەنجەکانی لەبەر یەک ترازاند و دەستی نا سەر زەوییەکە بەو نەختە هێزەی کە لە دەستیدا مابۆوە یارمەتی قاچەکانی دا، هەموو جمگەکانی کەوتنە قرچەقرچ تا ڕاستەوە بوو. بەلارەلارەوە چووە ماڵەوە. لە شتومەکی ناوماڵ تاقە لێفەیەکی مابۆوە، دوو بەرکۆژەی بە بەن لێنابوو ڕۆژانی باران و سەرما دەیدا بە شانیدا و بەرکۆژەکانی گرێ دەدا.

لێفەکەی دا بە شانیدا، گالۆکەکەی بە دەستەوە گرت و کەوتەڕێ. کەس نەیدەزانی تا کوێ بردەکات و دەیەوێ بچێتە کوێ، بەڵام وا دیاربوو ورەی بەرنەداوە، هێشتا دڵی لەدەست و قاچی بەهێزترە. ڕۆیشت و ڕۆیشت تا دوای ماوەیەک لەچاو ون بوو.

پاش چەند ڕۆژ (حەمەڕەش) لە هەڵەبجە سەری هەڵدا. بەم حاڵەوە دەچووە ناوبازاڕ داوای کاری دەکرد، بەڵام کاری چی؟ خەڵک کرێکاری دەویست کە هەر لە بەیانییەوە تا ڕۆژئاوا پشوو نەدا و وەکو خولخولە هەڵخولێ. گەلێ لەوانەی بۆ کرێکار دەگەڕان، کە حەمەڕەش داوای کاری دەکرد سەریان ڕادەوەشاند و دەڕۆیشتن، لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت: کرێکاری چاکی! نۆرەی ئەوەیە لە کارەکەمدا بمری، کن و دفنی تۆشم بە ڕیشەوە بێ!

بە ڕێکەوت هیی واشیان بوو ئانایەکی دەدایە و دەیگوت: باوکم تۆ ناتوانی کار بکەی، ئەوە بدە بە کولێرەیەک و وازبێنە. حەمەڕەش بە درێژایی ژیانی کوڕی ناو مەزراو شیناوەرد بوو، بە شان و باهووی خۆی ژیابوو، ئەو گەوزەی ئەو لە درەودا دەیوەشاند کەم پاڵە هەبوو بیوەشێنێ. ئێستا کە تووشی ڕۆژێکی ئاوا ڕەش هاتبوو وای وەڵام بدەنەوە، کزە لە جەرگییەوە دەهات. ئانەکانی وەرنەدەگرت و هەموو جارێ دەیگوت: لالۆ! من گەدایی ناکەم، داوای کار دەکەم. بەڵام ئاگری برسیەتی کە بڵێسەی سەند، ئازا و خوێڕی وەکو یەک دەسووتێنێ. کە زانیی کەس بە کرێی ناگرێ، ناچار چەند ئانایەکی وەرگرت و دوو سێ کولێرەی کڕی.

لە بن دیوارێک دانیشت. برسیایەتی ئەوەندە زۆری بۆ هێنابوو تا بڵێی یەک و دوو کولێرەکانی ماشتەوە. پشوویەکی داو لەبەر خۆیەوە گوتی: وا باشە جێگایەک بدۆزمەوە شەو تێیدا بحەوێمەوە، ئەگینا بەم سەرمای دەمەو زستانە لە کۆڵانان و لە بن دیواران ڕەق دەبمەوە. هەستا، بێئەوەی بزانێ بۆ کوێ دەچێ، لەو کۆڵانەوە ڕۆیشت بۆ کۆڵانێکی دیکە، هێندێک بەوێدا گەڕا و ڕووی کردە کۆڵانی سێهەم، لەوێ تەماشای کرد دووکەڵێکی ئەستوور بە هەوادا دەچێ. گوتی: هەرچییەک بێ ئەوە ئاگرێکی

گەورەیە، وا چاکە بچم شەو لە پەنایدا بحاوێمەوە. وەکو شوێن گەڕێکی چاك شوێنی دووکەڵی هەڵگرت تا دۆزییەوە. دووکەڵەکە لە کونێکی ڕەشی گەورەی وەکو ئەشکەوت دەهاتە دەرێ، خۆی کرد بە کونەکەدا. لەناو چڕە دووکەڵدا تارمایی کابرایەکی دی پەیتاپەیتا ئاگرەکەی خۆش دەکرد، سڵاو و ماندوونەبوونی لێ کردو پرسی:

–لالۆ ئەم ئاگرە چییە وا بێوچان هەر خۆشی دەکەی؟

ئاگر خۆشکەر گوتی: براکەم ئەمە توونی حەمامە. کاری من ئەوەیە ئەم توونە تاودەم.

حەمەڕەش: لالۆ وەرە پیاوەتی بکە لە ڕێی خوادا جێم بکەرەوە شەو لێرەدا بحاوێمەوە، با لە سەرمانا ڕەق نەبمەوە.

تاوونچی: برالە توونی حەمام پاڕانەوەی بۆچییە؟ وەرە هۆ لەو قوژبنە پاڵ کەوە.

حەمەڕەش لەگەڵ توونچی ڕێك کەوت، شەوانە یارمەتی توونچی دەدا تا تاوێ بخەوێت و نەختێ بحەسێتەوە. بە ڕۆژیش دەڕۆیشت لەناو بازاڕ بوایە، لە کۆڵانان بوایە، چەند نانێکی گەدایی دەکرد و دەهاتەوە. مەبەستی ئەوە بوو هەرچۆنێك بێ بگاتە بەهار، ئیتر بچێتەوە دێهات شوانی و گاوانی بێ، ڕەنجبەری و سەپانی بێ، هەرچییەك بێ، ملی کارێك بگرێ و لە تەنگانە دەرچێ.

ڕۆژێك زۆر تۆف بوو، بە باوە کڕیوەی دەکرد، کەس نەیدەتوانی ماڵەوماڵ بکا، حەمەڕەش تا چێشتانێ سەبری کرد بەشکەم نەختێ هەوا خۆش بێ، بەڵام گڤەگڤی با تا دەهات توندتر دەبوو. کولوە بەفری گێژ و خول دەدا و دەکرد بە کونی توونەکەدا، دەتگو لە عاسمان هەرەوەزیان کردووە و بەفر هەلاجی دەکەن.

حەمەڕەش گوتی: ئەمڕۆ ناگەمە ناو بازاڕ، ماڵەوماڵیشم پێناکرێ. وا چاکە ڕووبکەمە ماڵە دەوڵەمەندێك داوای دوو نان بکەم. هەرچۆنێك بێ ئەمڕۆکەی پێ بەرمە سەر، تا بەیانی خوا کەریمە. لێفە شڕەکەی بە شانیدا دا، دەستی دا گاڵۆکەکەی و لەقەلەق کەوتەڕێ. ئەوەندە بایەکە ڕایدەوەشاند بەفرەکە بۆیەی سپی تێهەڵدەسوو. فایدەی نەبوو، سەرتاپا دەتگوت لە قیرت هەڵکێشاوە، ڕەشاوی لێ دەچۆڕا وە و بەدوایدا خەتێکی ڕەشی لەسەر لاپەڕی بەفری سەر زەوییەکە دەکێشا، بەڵام لەو وەختەدا کێ هەبوو ئەوەندە ورد بێ ئەم خەتە بخوێنێتەوە و بە سەرهاتی ئەو تێبگا؟

لەولاوەی هێندێ خانووی قوڕین و کشومات کۆشکێکی تەرز و بەرزی بەرچاو کەوت لەناو حەوشەیەکی گەورەدا لە چەند لاوە لە بانەکانی دووکەڵ هەڵدەستا و لەگەڵ کڕێوە و ڕەشەبا شەڕی دەکرد. وا دیاربوو هۆدەکان سۆبەیان تێ دادەئایسا و گەرمگوڕ بوون. پەنجەرەکانی پەردەی سپییان پێوە بوو، بەڵام دەبیندرا بەم چلەی زستانە گوڵیشیان لێیە. حەمەڕەش بیرێکی کردەوە و گوتی:

–یێژن لەو دنیا بەهەشت هەس، کەچی ئەمانە هەر ئیسە وان لە بەهەشتا.

ڕۆیشت تا گەیشتە بەر قاپیی حەوشەکە. دەرگاکە ئەوەندە سەوز و جوان بوو نەیوێرا بە دەست لێی دا چونکە دەستی ڕەش و دووکەڵاوی بوو، دەترسا قاپییەکە پیس کات و بەگژیدا بچن. ڕەانیە دەوروبەری خۆی، دارێك، بەردێك بدۆزێتەوە پێی لە قاپییەکە بدا. بەفر هەموو شتێکی داپۆشیبوو، هیچی دەس نەکەوت. ئاخرییەکەی چەند مستی لە قاپییەکە دا. دەستی کە هەر ئێسقانی ڕووت بوو تەقەی لە قاپی هەستاند، وەکو بەدار لێی دەی دەنگی دایەوە لەناو حەوشەکە.

کابرایەکی سەر زلە، بە سەری ڕووت و باوەشێ قژەوە، کولێرەت لە لاملی ساوییایە چەوری دەکرد، سەری لە پەنجەرەیەك دەرهێنا و نەڕاندی: سەعە ئەوە کێیە بەم بەیانییە لە قاپی دەدا؟

حەمەڕەش گوێی لە دەنگی کابرا بوو، لە دڵی خۆیدا گوتی: دەك کوچکت لێ وارێ! بەیانی چی؟ ئەوا نیزیك نیمەڕۆس.

سەعە قاپییەکەی کردەوە، چاوی بە حەمەڕەش کەوت. لە وەڵامی کابرادا گوتی: بەگم، بێژم چی! داوەڵێ ڕەشە، وادیارە گەدایە.

حەمەڕەش گوتی: خێرومەند! خوا نەیبڕێ، فرە برسیمە، دو نانم بدەنێ.

سەعە قیژاندی بەسەریدا: بڕۆ بەڕێی خۆتەوە، کابرا! خانم لە ماڵ نییە، چۆتە حەمام.

حەمەڕەش سەرنجی بەژن و باڵای سەعەی دا، لێوە چرچەکانی تا لای بناگوێی لێکترازان. ئەگەر ئینسانێکی ساغ و تێر و تەسەل بوایە زوو دەزانرا خەریکە پێبکەنێ، بە دەنگێکی کوتوپڕەوە گوتی:

–کوڕە، جوان خاسەکە، خاسیان وتووە "هەرکەس گوێز لە هەمانەی خۆی ئەژمێرێ". تۆ گوێت پێوە نەبوو، من داوای نانم کرد. خانمی چی؟ من برسیمە، شتێکم گەرەکە بیخۆم، شتێکم گەرەك نییە گەمەی لە تەکا بکەم!

عادەتی بازاڕ

لە بەغدا کەلە حەیدەرخانەوە بە جادەی ڕەشیددا، بەرەو (بابشەرجی) دەڕۆیشتی، هەوەڵێن مەیدان ناوی (ساحەتولئەمین) بوو. لەو مەیدانەوە جادەیەکی کورت بە بەر خانی حاجی قەدووریدا دەپەڕییەوە بۆ ئەوبەری دەجلە، بە ویشیان دەگوت (شاریعولئەمین).

پێش ئەوە بگەیتە خانی حاجی قەدووری، کۆڵانێك لەو جادەوە دەچووە بازاڕی مسگەرەکان، ئەو کۆڵانە ئەوەندە تەنگ بوو ئەگەر حەماڵ بە کۆڵە تووتنەوە پێیدا دەڕۆیشت ڕێگە دەبڕا. هەر ئەوەندە بوو هۆڕن لێنەدەدرا و پۆلیسی هاتوچۆو نەوێستابوو، دەنا دەبوو بوێستی تا قەتاری حەماڵ تێدەپەڕێ.

ئـەو حەمالانـە فـەردە تووتنـەکانیان دەبـردە خـانی عەبـدولقادر خەفاف، یا سەڕاف. بەهەرجۆر، تۆ نە حـەماڵی نـە تـووتن کڕ. کابرا سـەڕاف بـێ یـا خـەفاف، بـۆ تـۆ فـەرقی نییـە. بـا ئێمـەش وەکـو حەماڵـەکان پێـی بڵـێین عەبـدولقادر ئەفەنـدی، تـا لـەم چـەقی ڕێیـەدا بەدەست ناوەکەیەوە گیر نەخۆین.

بەغدا وەکو پیوازی توێ توێ وایە، ئەوەی بە بەرچاوەوەیە توێی سـەرەوەیە و شـارەزابوونی ئاسـانە،جادەیەو ئـەم بـەرو ئەوبـەری مەغازەیە، لەسەر مەغازەکانەوە یانەی حەکیم و ددانساز و پارێزەر و شتی لـەم بابەتـەن. تابلۆیـان لەسـەر دەرگاکانیـان، وەکـو تەبکـە بـۆ مشتەری ناوەتەوە. هەرکامێك لەوانەش گلۆڵەیەك ڕاز و نهێنـی خـۆی هەیە. ئەمە ڕواڵەتی بەغدا یا توێکڵی سەرەوەی ئەو پیوازەیە. ئەگەر بتوانی بە نێوان ئەو توێکڵانەدا خۆ بگەیەنیتە ناوەڕۆکەکەی، شتی زۆر سەیر دەبینی. دوور نییە ئاخرەکەی ڕێت بکەوێتە خەزێنەکەی (عەلی بابا).

ناوەڕۆکی ئەو پیوازەش ڕواڵـەتێکی هەیـە کـە نـاوی بازاڕە. بازاڕ هـەمووی سیپە و حەشارە بە تەنیشت یەکـەوە. لەهـەر حەشارێکدا ڕاوکـەرێك دەسـتی داوەتـە چـەکی نیوگـەز، یـا تەڵـەی تـەرازووی ناوەتەوە و خۆی مات داوە. نەچیر وەك لافاو لـەم سـەرەوە بـە سـاخی دێن و لەو سەرەوە کە دەردەچن، هیـی وایـان هەیـە نیوگـەز گیرفـانی دڕیوە و هیی واشان هەیە کیسەکەی بە تەڵەوە بووە.

ئەمەش هێشتا شتێکی زۆر سەمەرە نییە. ناوبەناو لە نێوان ئەو سیپە و حەشـارانەدا، درزێـك، قەڵـشتێك هەیـە، ئەگـەر خـۆت باریـك بکەیتەوە و بە درزێك لەو درزانەدا بڕۆی، دەگەییە شتی زۆر سەیرو سـەمەرە کـە پێیـان دەڵـێن: خـان. مـشکی سـەر خەزێنـە بەناوبانگـە، دەڵـێن مـشك کـونێکی پێـچەڵپووچی، درێـژی، تاریـك هەڵدەکـەنێ، ئاڵتوون دەدزێ و لـە قوژبنێکی کونەکـەیدا کـۆی دەکاتـەوە. شـەوانە گاڵـتەیان پێـدەکا و کـەیفی پـێ دێ. ئـەو خانانـەش کونەمـشکی سەرخەزێنەن.

خـانی عەبـدولقادر ئەفەنـدی یـەکێ بـوو لـەو کونەمـشکانە. قاپییەکـەی بچووك بـوو، حەماڵـەکان فـەردە تـووتن، کـەتیرە، مـازوو، خوری و شتی وایان لـە بەردەرگاکـە دادەنـا و دەیانهێنـا ژوورەوە. لـە قاپییەکـەوە تـا ژووری، دالانێکـی دوو سـێ میتـری بـوو. دەڵـێین ژوور چونکە ناوێکی دیکە نییە پێی بڵێین. لەوە دەچوو ئەسڵەن حـەوش بووبێت. کەی و، چ وەختێك سەری گیراوە؟ نازانین! ئێستا ئـەوا لـە قـاتی دووهـەم بـانێکی قـایمی بەسـەرەوەیە و ئـەم حەوشـەی کردۆتـە هـۆڵ. لـە حەواشـەوە عەبـدولقادر ئەفەنـدی سـنوری مـوڵکی خـۆی دیاری کردووە، تەنانەت هەتاویش بە خۆڕایی ناتوانێ ڕێی بکەوێتە ئەوێ.

لە سووچێکی ئەم هۆڵە قەپانێکی گەورە وەکو تەڵە نراوەتـەوە. لـەلای قاپییەکـەوە جێگایـەك هەیـە. پـێش ئـەوە کـە حەوشـەکە بـانی بخرێتە سەر، هەیوان بوە. ئیدارەی عەبدولقادر ئەفەندی لەوێیە. دوو قەنەفـەی لـێ دانـراوە و مێزێکیـان لـە نێواندایـە. وا دیـارە ئەوانـەش هاوتەمەنی خانەکەن. بەڵام شەربەی ئاو و پەرداخەکە، بێگومـان لـەو قەنەفانە گەنجترن. لە تەنیشت ئەو کۆنە هەیوانەوە، قاپییەکی قورس و قـایم هەیـە هەمیـشە داخـراوە و کلیلەکـەی لـە گیرفـانی عەبـدولقادر ئەفەندیدایە. ئەو قاپییە، وەکو (زاکیر)ی خانچی دەیگوت، دەچێتە (سەرداب) یانی ژێرخانێکی گەورە کە سێ سندووقی پۆڵای لێیە.

ڕۆژی هـەوەڵ کـە مـانگی بـە چـوار دینـار لای ئەفەنـدی دامـەزرام، ئـەرکی ڕۆژانـەی منـی دیـاری کـرد: مـەخاریجی ڕۆژانـەی ماڵـەوە لـەو دەفتـەرە بنووسـە. چـەند فـەردە تـووتن دێ و چـەندەش دەڕوا لـەو دەفتـەرە بینووسـە. لـە ژوورەکـانی قـاتی دووهـەم لەگـەڵ زاکـیر گوونییەکان بژمێرن، تازە بە جیا و، کۆنـەی سـاغ بـە جیـا و، دڕاو بـە جیـا دانـێن و لـەو دەفتـەرە بیاننووسـە. ئیشەکانی تـریش خـۆم بـە ڕۆژدا لێرەم پێت دەڵێم.

مـەخاریجی ماڵـەوە ڕۆژی هـەوەڵ: تـرێ ٥٠ فلـس، گۆشـت ١٥٠ فلس، نان ٦٠ فلس، تەماتە و سەوزی ٣٠ فلس، جەریدە ١٠ فلس.

ڕۆژی دووهەم: شووتی ٥٠ فلس، ئەوانی دیکە وەك خۆیان.

ڕۆژی سێهەم: لە جیاتی شووتی، کاڵەك.

ئاخری مانگ ئەفەندی گوتی: کوا دەفتەری ماڵەوە؟

–ئەوەتا.

–حیسابی هەموو ڕۆژێکت نووسیوە؟

–نـەخێر، چـی بنووسـم؟ هـەموو ڕۆژێ ٣٠٠ فلـسە. ئـەوا ئێـستا دەنووسم مەخاریجی ئەم مانگە ٩ دینار.

–کاکـە، ئەمـە دەڵێـی چـی؟ گـۆترە نییـە. ئەمـە تیجارەتـە. (بـە چپەوە) کچەکەشم لە ماڵەوە دەینووسێ.

سەری مانگ بەرامبەریان دەکا، بەڵکو زاکیر فڕوفێڵی کردبێ.

–ئەفەندی عەیبە. لە ٣٠٠ فلس فڕوفێڵی چی دەکرێ.

–کاکە تۆ نیقاش مەکە. ئەمە تیجارەتە.

–باشە، ئەفەندی، باشە.

ڕۆژێـك لەگـەڵ زاکـیر چـەند سـەعات گوونیمـان جیـادەکردەوە، گەروومان پڕبووبوو لە تەپوتۆز، لە تیوانا دەهاژاین، گوتم: زاکیر بچۆ دوو پیپسی کۆلا بکڕە با لە تینوانا نەخنکێین. زاکیر زۆری بەلاوە سـەیر بـوو، لـە بیـچمی وا دەرکـەوت کـە لـە مێـژووی ئـەو خانـەدا هـەوەڵین جارە شتی وا دەبیسێ. گوتم: بۆچی واقت وڕماوە؟ ئەوە ٣٢ فلس، ڕاکە زوو وەرەوە.

دانیشتبووین پیپسی کۆلامان دەخواردەوە، ئەفەندی پەیدابووم. بێئەوە سڵاو بکات، بە ڕوویەکی گرژەوە هات دانیشت. زاکیر پیپسی کۆلاکـەی بەجێهێـشت و چـووە گیـان گوونییـەکان. خـۆم بـەوەوە شـەکەت نـەکرد ئەفەنـدی بۆچـی ڕووگـرژە. پیپـسی کـۆلای خـۆم خـواردەوە. بـانگم کـرد زاکـیر وەرە پیپـسی کۆلاکـەت گـەرم دەبـێ،

ئەفەندی، دەمی وەك مەشكەی كۆن تەقی و نەڕاندی: كاكە، ئەمە خانە، گازینۆ نییە. تۆ خۆت كار ناكەی، خەریكی زاكیریشم لیٚ بەدعەمەل كەی؟ من خۆم پیپسی كۆلا ناخۆمەوە. ئێوە پارەتان لە كویٚ بوو پیپسی كۆلا دەخۆنەوە؟ كاسبی چۆن وا دەبیٚ؟

–ئەفەندی خۆ گوونییەكانمان نەگوشیوە پیپسی كۆلای لیٚ چۆڕابێتەوە. من بە پارەی خۆم كڕیومە. جگە لەوەش خۆمن حەماڵ نیم، كاتبم، ڕاستت پیٚ بڵێم، لەبەر تۆ نییە یارمەتی زاكیر دەدەم، بەزەییم بەودا دێتەوە.

–بەزەیی چی؟ زاكیر خانچییە، دەبیٚ كاری خۆی بكات. تۆ وا دیارە بە كاری بازاڕ نایەی. وا بزانم بۆنی (یەعیش و یەسقوت) لە مێشكت دیٚ!

–نەوەڵڵا، ئەفەندی، من كابرایەكی كاسبم، لەو كوردستانەوە هاتووم، سەرم لەم بەزمانە دەرناچیٚ، ئەگەر ڕازی نی، دەڕۆم. ئەوەندەی بیركەوتەوە كە شەش دینار لە كاتبەكەی پێشوو كەمتر بە من دەدا. خاوبۆوە و گوتی: باوكم، برام، تۆ غەریبی، دەمەویٚ فێری كاسبی ببی. عەقڵی خوێندەواری لە سەرت دەركە. ڕۆژی ٣٢ فلس پیپسی كۆلا مانگی دەكاتە نێزیكەی دینارێك، كۆی كەرەوە، پاش چەند ساڵی تر بیكەرە دەسمایە و كاسبی پێوە بكە، بۆ خۆت دەبیە پیاو. ئێمەش هەر وامان كردووە.

تا ئەوكاتە تەواو بەوردی سەرنجی سەر و گوێلاكی ئەفەندیم نەدابوو. بە ڕاستی مشكی سەرخەزێنەم بیركەوتەوە،. سەرێكی گرمۆڵە، دوو چاوی بچكۆلە و زیت، لووتێكی باریك، دەمێكی درێژ، پێستێكی وەك كۆنە مەشكە. لەسەر قەنەفەكە قوت ببۆوە و خێرا خێرا دەیڕوانییە من، دەیڕوانییە قەپانەكە، دەرگای ژێرخانەكە. جاروبار لە شووشەكانی پیپسی كۆلا مۆڕ دەبۆوە. تێگەیشتم كە شووشەكان وەك (مەرگەمووش) ئازاری دەدەن. هەڵم گرتن و چووم بۆ لای زاكیر، ئەوەندەی هەوڵم دا زاكیر پیپسی كۆلای نەخواردەوە، سپی هەڵگەڕابوو، خێرا خێرا گوونیی دەژمارد. گوتم كوڕە ئەوە بۆچی دەترسی، خۆ دنیا سەری بە پووش نەگیراوە؟ بە دەنگی بەرز تا ئەفەندی گوێی لیٚ بیٚ، گوتی:

–ئەفەندی ڕاست دەكا. ئێمە كاسبین نابیٚ هەڵەخەرجی بكەین. لە پاشان بە چپە گوتی: ئەم كابرایە دەرم كا لە هیچ خانێك ڕام ناگرن، دەڵێن یا دەست پیسە، یا سەرسەرییە. كارێكی دیكەش نازانم، منداڵەكانم لە برسانا دەمرن.

تۆزێكی پێچوو ئەفەندی بانگی كرد وەرن. هاتینە خوارەوە. مام سەعدوون و چەند كەسی تر لە دهۆكەوە كەتیرەیان هێنابوو.

–كاكە تۆ بچۆ دانیشە، بییاننووسە. زاكیر وەرە بییانكێشە.. زاكیر فەردەی كەتیرەی دەخستە سەر قەپانەكە و ئەفەندی خۆی تەماشای دەكرد. بنووسە: ٤٨ كیلۆ –٤٠ كیلۆ– ٣٢ كیلۆ– ٤٦ كیلۆ. دوای قڕە و هەرایەكی زۆر نرخیان بڕی: كیلۆی بە ٢٠٠ فلس.

–هەمووی بوو بە چەند كیلۆ؟

–١٦٦ كیلۆ.

–چوار جێگایە، ٨ كیلۆی لیٚ فڕێدە.

مام سەعدوون: عەبدولقادر ئەفەندی چۆن ٨ كیلۆ؟ ئەم كیسانە یەكی كیلۆیەكیش نابن.

–كاكە ئەمە عادەتی بازاڕە. ئێرە بەغدایە، بەغدا.

–٦ كیلۆی تەپوتۆز و خاكوخۆڵ لیٚ فڕێدە.

مام سەعدوون: كوڕە پیاوی چاك بە، كەتیرە دەڵێی جەواهێراتە، تەپوتۆزی چی؟

–كاكە ئەمە دەڵێی چی؟ چەند جارت پیٚ بڵێم عادەتی بازاڕە؟

–بەڵیٚ، دەمێنێتەوە ١٥٢ كیلۆ.

–بیكە بە باتمان.

–دە باتمان و دوو كیلۆ.

–نا، نا، وانییە كەمتر دەكات.

–بۆچی وانییە؟ ١٥٢ كیلۆ، هەر باتمانی ١٥ كیلۆ، دەكاتە ١٠ باتمان و دوو كیلۆ، ئیتر چی؟ خۆ شتێكی ئەوەندە زۆر نییە.

–كاكە غەڵەتی، عادەتی بازاڕ ١٦ی بە ١٥یە.

–تێناگەم، ١٦ بە ١٥ یانی چیی؟

–دەزانم تێناگەی. تاوانی خۆمە تۆم ڕاگرتووە.

١٦ كیلۆ دەژمێرن و دەڵێن ئەمە ١٥، دایدەنێن بە باتمانێك.

هێندەم پیٚ سەیر بوو دام لە قاقای پێكەنین و گوتم: دەی جا با ئەمەش عادەتی بازاڕ بیٚ هەر ١٦ دیناری بۆ دەژمێرین و دەڵێین ئەوە ١٥ دینار.

مام سەعدوون گوتی: ئەو كێشەیەی ناویٚ. ئەو میرزایە چۆنی حیساب دەكات بەو پێیە پارەم دەدەیٚ باشە، دەنا دەیبەمە خانێكی دیكە.

–كوڕە ئەمە عادەتی بازاڕە. لە هەموو خانێك هەر وایە.

–من عادەت و مادەت نازانم. هەر ئەوەیە پێم گوتی.

ئەفەندی لە تووڕەییان چاوی دەرپەڕیبوو: باشە دەكاتە چەند؟

–٣٠ دینار و چوار سەد فلس.

–چوار جێیە. دەلاڵییەكەی دەكاتە چوار دینار. تۆ ٣ دیناری لیٚ دەركە، بۆ مام سەعدوون بە زایە ناچیٚ.

–٢٧ دینار و چوارسەد فلس.

–دینارێكیشی ئەرزییە و قەپانی لیٚ دەركە.

–٢٦ دینار و ٤٠٠ فلس.

–٤٠٠ فلسەكەش حەماڵیی زاكیر.

مام سەعدوون و ئەوان ڕۆیشتن. ئەفەندی گوتی: چەندی مانگە؟

–١٥ی مانگە.

–بگرە، ئەوە دوو دینار و، بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. تۆ بە كاری بازاڕ نایەی.

بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە

کۆشکی ئاغایی وەکو کوندەبەبووی گەڕۆڵ بە بەربەڕۆچکی دێی (سەرکەل)ەوە هەڵنیشتبوو. لە هێندێ جێ پاسارەی بانەکان کەوتبوونە خوارەوە، لە هێندێ جێشدا چۆڕابوون، دەتگوت دەمی گزیری پیرە لەبەر کڕووساندنەوەی ئێسقانی پاشخوان و چەقەی زۆری چەند ساڵە لەگەڵ بێگارچییەکان ددانی تاق و واز کەوتووە و، ئەوی ماویشەتەوە خوار و خێچ بووە. لەمێژ بوو پلووسکەکان بەرببوونەوە و چاییان پێ لێنرابوو. شۆڵاوگەی باران کەندڕی خستبووە دیوارەکان و دەمیان لە گوندی سەرکەل داپچڕیبوو، دەتگوت قەستیانە ئەو چەند ماڵە ڕەعیەتەش کە لە دێدا ماون بە گاو گوێر و شیناوەردەوە قووت بدەن. بەردەکان سەریان لە سواغەکان دەرهێنابوو، ددانیان لە ڕیچەوە بردبوو، لەوە دەچوو نیازیان وابێ خۆیان لە بەندی دیوارەکان ڕزگاربکەن.

بەشی دەرەوەی قەڵا، دیواخان و پێشخانە، تەویلە و کادین، هێشتا هەر بەپێوە بوون. دیواریان بەدەورەوە و بانیان بە سەرەوە مابوو. بەڵام نە لە تەویلە حیلەی ئەسپ و ماین دەهات، نە کادین سپیایی کای تێدا دیاربوو. لە بن میچ سیسرە دەیانخوێند و لە خوارێشەوە قالۆنچە ڕمبازییان دەکرد. ساڵێك بوو فەرشی دیواخانەکە فرۆشرابوو، بەڕەکانی پێشخانەی لێ ڕاخرابوون. هەموو شتێك لە ماڵی مەجیدخان بەرەو سووك و چرووکی دەڕۆیشت. ئەم بەڕانە نەبێ ڕێز و حورمەتیان پەیدا کردبوو لە پێشخانەوە هاتبوونە دیواخان و جێگای قاڵییان گرتبۆوە. تاقە حەسیرێکیش لبە مزگەوت پەڕەوازە ببوو هاتبووە قوژبنێکی پێشخانەکە.

دەزگای دەرەوەی مەجیدبەگ بە سێ شتەوە دەگەڕا: فەرەجی فەڕاش، هەڵۆی تانجی، ئێسترە بۆز. شەوانە ئێسترەبۆز فەرمانڕەوای شەشدانگی تەویلە بوو، سەربەخۆ دەیزەڕاند. هەڵۆ لەسەر کوتە حەسیرەکەی پێشخانە و فەرەجیش لە مزگەوت دەخەوتن.

تازە تاو لەناو ئاوایی کەتبوو. فەرەج لە مزگەوت هاتەدەرەوە. نۆرەی ماڵی سۆفی ڕەحیم بوو، چوو سەوەتەیەك کاو جامێ ماستی لێ ئەستاندن. کایەکەی کردە بەر ئێسترەبۆز و، ماستەکەی بردە ژوورەوە بۆ بەرچایی ئاغا. هاتەوە لە گوێسوانەی کادینەکە پێنج شەش لقی دار دەرهێنا و کوورەی دیواخانەکەی داخست، هەڵۆی لەسەر حەسیرەکە دەرکرد و لە جێگای دانیشت. تاوێکی پێچوو مەجید بەگ پەیدابوو، بەکاوەخۆ هەنگاوی هەڵدەهێنا. لەگەڵ هەموو هەنگاوێك کەوشەکانی قاچیان دەقۆستەوە. هەردوو دەستی نابووە کەلەکەی، ڕەسمی ئاغایەتیی بەجێ دەهێنا و لە شنەبای ساردیش شاردبوونیەوە. مەجید بەگ هاتە ژوورەوە لە پەنا کوورەکە دانیشت. فەرەج وەك دەست بۆ ژیژك بەرێ سەرینێکی تووکی گەورەی چڵکن کە بەرگەکەی لە دوو سێ جێ دڕابوو، لای پەنجەرەکەوە لە جێگای دوێنێ ئێوارەی ئاغا دانرابوو، بە ئەسپایی هەڵیگرت و هێنای لە پشت ئاغایەوە داینا. مەجید بەگ پاڵی داوە و گوتی: بچۆ نان بێنە. فەرەج تاوێکی پێچوو سینییەکی گەورەی هێنا دوو نان و پیاڵەیەك ماست و سێ ئیستیکان چای لەسەر بوو، لە بەردەم ئاغا داینا و چووەوە پێشخانە.

مەجید بەگ بە دەم وتووێژەوە، چەند پارووی نان و ماست خوارد و دوو ئیستیکانی چا خواردەوە. چاوی بڕیبووە سینییەکە و کەوتبووە دەریای خەیاڵاتەوە. دەستی شارەزای بەرپشتێنەکەی بوو. لە خۆیەوە قوتووە سغارەکەی دەرهێنا، سغارێکی پێچاوە و بە ئاگری

کوورەکـە دایگیرسـاند. پزیـسکێك ئـاگر پەڕییـە پـشتی دەسـتی. وریابۆوە و بانگیکرد: وەرە لای بە.

فەرەج هات سینییەکەی لابرد. مەجید بەگ ناوبەناو مژێکی لە سیغارەکەی دەدا و بە وردی دەیڕوانییە میچی دیواخانەکە. تۆڕ و ڕایەڵـەی جاڵجاڵۆکـەی نـەدەدی، فیکـری دوورتـر ڕۆیـشتبوو، لەبەرخۆیەوە دەیبژارد: یەك.. دوو.. سێ.. تا گەیشتە سی.

فەرەج وای دەزانی ماڵە ڕۆیشتووەکان دەژمێرێ. لە پێشخانەوە هەڵیدایە: نەخێر ئاغا، بیست و پێنج.

مەجید بەگ ئەوەندە نوقمی خەیاڵات بوو گوێی لە فەرەج نەبوو، مژێکی دیکـەی لـە سیغارەکەی دا، دووکـەڵ نەهاتـە دەمـی. قونچکە سـیغارەکەی فـت کـرد. دارجگەرەکـەی چـەقاندە بەرپـشتێنی و هاتەدەرەوە. بۆڕەو قۆڕەی گاو گوێر وریای کردەوە. تەماشای کرد ئەوا ماڵێکی دیکەش خەریکی کۆچ کردنە. تاوێ لووتی داژەند و، لە پاشـان لەبەرخۆیـەوە گـوتی: بـە گـۆڕی بابیـەوە، بـا بـڕوا. داری خانووەکە بەشـی مـانگێکی کوورەکە دەکات. مەجید بەگ ڕۆیشتە ماڵـەوە، سینییەکە بە سێ ئیستیکان و پیاڵـەکی خاڵییـەوە لـەوێ دانرابوو، خەیاڵاتەکەی دیواخان سەری لێداوە. گوتی: ئەرێ خانم! تۆ پێم ناڵێی ئەم سینییە بۆچی وایە؟

زارا خانم گوتی: سینی چییەتی؟ چۆنە؟

–کچێ! ئەوە دەڵێی چی؟ بڕوانە ئەوەندە گەورەیە گێرەی لەسەر بگێڕە. لە دیواخان تەماشام دەکرد نانەکانیش بە حاڵ لە قوژبنێکیدا دیاربوون. دیواخانەکەش دەڵێی وشترخانە ئەوەندە بەرز و گەورەیە سێ ئاڵووداری تێدایە.

جا بۆ ناڵێی ئەویش لەبەریەك ڕەویوەتەوە.

–بـەڵێ، بـەڵێ، ئەسـڵەن هـەموو شـتێك لەبەریـەك ڕەویوەتـەوە. کەوشەکانیشم ئەوا بە حاڵ بە پێمەوە گیر دەبن. بڕوانە کەواکەی بەرم، دەڵێی عەبایە، دوانی وەك منی تێدا جێ دەبێتەوە.

–کوڕە! قسەی چا بکە، ئابڕوومان دەچێ.

–چـۆن بڕواناکـەی؟ تـۆش هـەر وای. دەڵێـی کیژۆڵـەی کراسـی دایکت لەبەر کردووە.

زارا خانم هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی: ئەو ڕەعیەتە بێوەفا و ناپیاوانـە بـەجێیان هێـشتین. لـە دێیـەکی چـۆڵ و هۆڵـدا هـەر چاکە شێتیش نابین. سەیدی زەنبیل ئاور لە عەمر و ماڵیان بەردات.

میمکە پیرۆز، ژنی لالۆ ڕەحمان، کە بۆ خواحافیزی هاتبووە لای خانم، گوتی: ئەیڕۆ خانم گیان، توخوا بۆ دوعای شەڕ لە هاوماڵەکان دەکەی! ئەوانیش وەك تۆ ڕۆڵەی شیرینیان هەیە.

–میمکە پیرۆز ئەی توخوا ئەوە پیاوەتییە لەگەڵ ئێمەی دەکەن. ئەوە وەفا و ئەمەکە! دێیەکەتان چۆڵ کرد و ئێمەتان بە تاقی تەنیا بەجێ هێشت؟

–خانم گیان، بڵێین چی؟ ئەوەی لای خواوە بێ خۆشە. ئاخر چی بکەین. بەخوا ئەرکتان زۆر قورسە. تا پێمان کرا خزمەتمان کردن. ئێـستاش لـە پـەڕوپۆ کـەوتوون. ناشـکوری نـەبێ دێیەکـە نەگبـەت گرتوویـەتی. دەڵـێین بەشـکم خـوا لـە جێیـەکی دیکـە دەروویـەکی بەخێرمان لێ بکاتەوە و نەگبەت بەرمان بدا.

خانم لـە قسەکانی میمکـە پـیرۆز "خـوا"، "نەگبـەت". "دەرووی خێـر".. فیکرێکـی بەدڵـدا هـات و گـوتی: میمکـە پـیرۆز بەدڵییـەوە مەگرە، لەگەڵ تۆم نەبوو. ئێوە ڕەعیەتێکی باش بوون، تا توانیتان لەگەڵمان مانەوە، بەخێرچن، خێرتان بێتەڕێ.

–خانم گیان! دەم خۆش. قەت دوعای شەڕ لە خەڵك مەکەن. ئێوە نەجیمزادەن. ودمی باش نییە.

–بەخێرچی، میمکە پیرۆز، بەخێرچی.. کارتان ڕاست بێ!

میمکە پـیرۆز ڕۆیـشت. زارا خـانم قیژانـدی بەسـەر مەجید بەگدا. عـەمرت نـەمێنێ. سەرسـەپۆلەی بـێ دەم و پـل و دەستەوستانە. تۆ کەی پیاوی.. منیش نەگبەت گرتمی، چارەم لـە چارەی تۆ نووسرا. دیواخان وەك وشترخان وایە و سینی بۆ گەورەیە؟ ئاقڵ لـە مێشکتدا نەماوە. بە دیار ئەو پیرەژنە ڕەعیەتەوە ئەم قسانە دەکەی. ئەوانە بە خوێنی سـەرمان تینـوون. هـەر دەڕوا و دەیڵـێ. ئاخرییەکـەی بۆمـان دەکاتە بەیت و باوێك و ئابڕوومان دەچێ.

جـاری جارانـە، سـینی نـانی گەنمـە سـەرداری شانەوشـان دایپۆشێ، شەش حەوت قاپ و دەوریی لەسەر بێ؟ دوو نانی وەك باڵـە مێشوولە سینی لـە کوێ پڕدەکاتـەوە؟ ئاقڵـت بـەوە ناشـکێ لـە برسانا و لەبەر خەم و خەفەت وەك چیلکە وشك هەڵاتووین، کراس و کـەوامان لێ بووەتـە عـەبا، دیواخـان چـۆڵ و هـۆڵ و ڕووت و قـووت؟ وشترخانە، ئەی چییە؟

تازە بۆم دەبێتەوە ئاغا و لە دیواخانە نان دەخوا. چاکە دێیەکە چۆڵە و کەسی تێدا نییە، دەنا دەبووینە پەند و مەخسەرە.

مەجید بـەگ وەکو قەلەموونـە لـووتی بەسـەر لـچیدا شـۆڕ ببـۆوە، چـاوی بڕیبـووە عەرزەکـە. بـە کزییەکـەوە گـوتی: بڵـێم چـی؟ منـیش دەزانم دیواخان و میواخان وەختی بەسەرچووە. گوتم بەرەجێژنانـە. جارێ با وابێ، بەڵکو ڕەعیەتەکان ڕۆژی جێژن جێژنانەمان بۆ بێنن، جا لە پاشان بەڕەو مەڕەکان کۆدەکەینەوە.

–جێژنی چی؟ تازە بە تـەمای جێژنانـەی؟ ئەوا ئەمڕۆش ماڵێکی دیکـەیان ڕۆیـشت. ماوەتـەوە چـوار مـاڵ، ناگاتـە جێـژن ئـەوانیش باردەکەن. بە تەمای جێژنانە خۆت لەسـەرمانا دەکوژی؟ هەستە بڕۆ بـۆ زەنبیـل، بـەڵکو سـەیید هیمـەتێکمان بـۆ بکـا، خـوا دەروویـەکی بەخێرمان لێبکاتەوە و نەگبەت بەرمان دا.

مەجید بەگ سواری ئێسترەبۆز بوو. فەرەج کەوتەپێشێ و چوونە زەنبیل. نە وەك جاران بارگە و بنەی پێبوو و نە دیاری و سەوقات. کەس خۆی تێنەگەیاند. شەو لێفەیەکیان بۆ هێنا لە خانەقا، چووە

ناو دووتوێی لێفەکەوە. لە خەویدا لای وابوو جاری جارانە، سەردەمی دەسڕۆیشتنییەتی. خەبەری بووەوە، بە دەم خەوەوە بانگی کرد: کێ لەوێیە؟

فەرەج گوتی: بەڵێ ئاغا.

—شتێکم پێدا دە، ساردە.

—هچ نییە، جلی ئێسترەکە نەبێ.

—بێدەنگ بە، سەگباب.

تاوێکی دیکەی پێچوو، سەرما زۆری بۆ هێنا. بانگی کرد: فەرەج شتێکم پێدا دە، زۆرم سەرمایە.

فەرەج گوتی: هەر جلە ئێسترەکە هەیە، هیچی دیکە نییە.

مەجید بەگ وتی: وست بە، کەرە.

چاوی چووە خەو، لە خەویدا زارا خانم لێی بە دەمدا هاتووە، گەزارە دەکێشێ و ئەوی بەسەر زاریدا دێ پێی دەڵێ. داچڵەکا. لەسەرمانا دەلەرزی. گوتی:

—فەرەج، زۆرم سەرمایە، عیلاجم بکە.

فەرەج گوتی: ئاغا، بەم شەوە کێ چاوی لێیە، قەی چی ئەکا؟ با جلی ئێسترەکەت پێدا دەم.

مەجید بەگ گوتی: باشە، بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە.

تاج و تەختی کوێخا هۆمەر

چەند ساڵ پێش شەڕی دووهەمی جیهانی، هەر لە بەیانییەوە ڕۆژێک لە بازاڕی مەهاباد، سەرودا و کڕین و فرۆشتن وێستا. دووکاندارەکان کە هەموو شتێک بە گەزی خۆیان دەپێون، وە هەموو شتێک بە سەنگ و تەرازووی خۆیان دەکێشن، تا گەز و تەرازوویان لەکاردا بێ بەتەنگ هیچەوە نین، دنیا ژێروژوور بێ، هەر ئەوان فرۆشیان ببێ، پەکیان پێناکەوێ. ئەو ڕۆژە نیوگەز وەکو مقاشی هاوین لەولاوە کەوتبوو، تەرازووش مریشکە بەکورکت تێدا بنایەتەوە. کوتووپڕ چپەچپ کەوتە بازاڕ. یەک لە یەکی دەپرسی: چ باسە، کرمانج ئەمڕۆ بۆ دەرمانیش دەست ناکەوێ؟

زۆری پێ نەچوو زانرا: سەربازدەوری شاری گرتووە، سوخرەیە، ماین، ئەسپ، وشتر، گوێدرێژ، هەرچی بە کاری سواری و باری بێت بە سوخرە دەگیرێ.

ئەمجار خەڵک زیاتر تینووی دەنگوباس بوون. چییە؟ چ قەوماوە؟ کەس نەیدەزانی! کەسیش نەیدەوێرا زۆری لێ بکۆڵێتەوە. کاروباری لەشکری دەوڵەتە و نهێنییە، لێکۆڵینەوەی باسی سەرە.

دوو سێ ڕۆژی پێچوو، وردە وردە سوخرە بڕاوە و وەزع هاتەوە دۆخی خۆی. دەنگوباس بڵاوبۆوە: بەشێک لەو لەشکرەی لە مەهابادە، چووە بۆ ناو (گەورکان). پاشان خەبەر گەیشت کە لە گەورکانیش تێپەڕیوە و بەرەو سەردەشت ڕۆیشووە. ئیتر دەنگوباس وشکاوی هات. هێندێک دەیانگوت: ڕەنگە ئەمانە چووبن هیی سەردەشت بگۆڕن. هێندێکانیش دەیانگوت: ڕەنگە لەو ناوە شەڕ بێت. هاتوچوو بۆ سەردەشت نەبوو، نەیاندەهێشت هیچ کەس هیچ ببیسێ. ئەوە ببووە مەتەڵۆکەیەک کەس نەیتوانی هەڵیبێنێ. تا شێن و شەپۆڕ لە ماڵی (حەیدەر عەلی خان)دا کەوت. حەیدەر عەلی خان ئەفسەری فەرماندەی بەشی شەست تیری ئەو لەشکرە بوو کە چووبووە سەردەشت. دەرکەوت کە سەید عەلی خان کوژراوە.

خەڵک لە ژمارەی سەربازە کوژراوەکان کەوتنەخۆ. یەکێ: دەیگوت: سەد سەرباز کوژراوە. یەکێک دەیگوت: دوو سەد. هیی وا بوو دەیگەیاندە پێنج سەد. هێندێکیش دەیانگوت قەلاچۆیان تێخراوە و چۆڵەکەکوژیان نەماوە.

خەڵک ئەوەندەیان حەز بە فەوتانی لەشکری دەوڵەت دەکرد، ئەوەی لە دڵیاندا بوو بە زۆرکردنی ژمارەی سەربازە کوژراوەکان دەریان دەبڕی و، بەم جۆرە کفتوکۆی دڵی خۆیان دەڕشت. بەلام سەرلەبەریش بتگرتایە قسەکەیان بێ ناوەڕۆک نەبوو، چونکە ئەو بەشە لەشکرەی دەوڵەت کە لە سەردەشت بوو هیچی پێ نەکرا.

دەوڵەت نەیدەویست وەکو جاران —کە لە هەرلایەکی کوردستانی ئێران جووڵانەوەیەک ببوایە تفەنگی بە عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی و قەرەنی ئاغای مامەش و چەند سەرۆک عەشیرەتی خۆفرۆشی دیکە کۆدەکردەوە و جووڵانەوەکانی کوردی بە کوردەکان دەخنکاند— ئەمجاریش وابکات. دەوڵەت خۆی بە دەستەلاتدار دەزانی، ئەوانیشی چەک چن کردبوو، ئیتر نەیدەویست جارێکی دیکە چەکیان بداتەوە دەست. دەیگوت: "ڕەش هەر ڕەشە". ئەمانە با خائینی گەلەکەشیان بن، هەر کوردن و جێگای بڕوانین.

نەشیدەویست لە شارەکانی دیکەوە لەشکر بێنێ. تا خەڵک نەزانن هێشتا کەسی وا ماوە بتوانێ لە زەمانی ڕەزاشادا سەری دڵی هەڵاوێ. لە تارانەوە فەرمان درا مەسەلەکە لە کورتی ببڕنەوە و پووش بەسەری کەن.

فەرماندەکانی لەشکری (ورمێ) و (مەهاباد) و (سەردەشت) کەوتنە ڕاو تەگبیر. ئاخرییەکەی بڕیاریاندا لەگەڵ کوێخا هۆمەری سوێسنێ وتووێژ بکەن. "کێ ئەم زەنگۆڵە لە ملی پشیلە بکات؟" دەستیان کرد بە پرسیار لەو بازرگان و دەرەبەگانەی سەر بە دەوڵەت بوون. بە هەموویان "کاحسێن"یان دۆزییەوە.

کاحسێن هەم سەید بوو، هەم بە ڕاوێژی دەمی عەشایری دەزانی. کاتی شەڕی هەوەڵی جیهانی میرزای باپیراغای مەنگوڕ بوو. لە پاشان بەنۆرە میرزای عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی وقەرەنی ئاغای مامەش بوو. سەرۆک عەشیرەتەکان دەیانناسی و بە پیاوێکی ئاقڵیان دەزانی. چەق و تەقی دنیای زۆر دیبوو. لە شەڕی هەوەڵی جیهانیدا کە لەشکری عوسمانی لە سابڵاخ (مەهاباد) بوو، داوایان لە باپیراغا

کرد بە خۆی و لەشکرییەوە بچێ بۆ (خەزا). باپیراغا بە کاحسێنیدا وەڵامێکی زۆر توند و تیژی بۆ ئەفسەری عوسمانی ناردەوە. ئەفسەری عوسمانی کە دەستی نەدەگەیشتە باپیراغا، حوکمی ئیعدامی کاحسێنی دا.

کاحسێن بە تکای قازی عەلیی باوکی قازی محەمەدی شەهید ڕزگاری بوو. کە لەشکری ڕووسی قەیسەری هات و لەشکری عوسمانیی شکاند، ڕۆژێک کاحسێن بۆ کاری باپیراغا دەچووە سابلاخ. لە ڕێگا تووشی دەستەیەک سالْداتی ڕووسی بوو، سالْداتەکان کە بۆ کابرایەکی دیکە دەگەڕان، بەهەڵەچوون و کاحسێنیان گرت، وە لەگەڵ دیلی دیکە نێردرا بۆ قەفقاز، تا لە شۆڕشی مەزنی ئوکتۆبەردا بەربوو، هاتەوە.

کاحسێن کە بە سارد و گەرمی ڕۆژگار قاڵ ببوو، بۆ ئەم کارە هەڵبژێردرا، وە لەگەڵ ئەفسەرێک ناردیان بۆ لای کوێخا هۆمەر لە گوندی (قەڵەڕەشە).

کاحسێن گوتی: فەرماندەی سەردەشت لە پێشدا پیاوی ناردبووە لای کوێخا هۆمەر، کە لە لایەن دەوڵەتەوە دوو کەس دەنێردرێن بۆ وتووێژ. کوێخا هۆمەر قبووڵی کردبوو. لەسەر ئەو بەڵێنییە کەوتینەڕێ. کە لە سەردەشت دەرکەوتین و گەیشتینە ناو نزار، دوو کابرای سوێسنیی ڕووتەڵە لە بن دەوەنێک دەرپەڕین، تفەنگەکانیان قایشی پێوە نەبوو، لە جیاتیی قایش بەنیان تێخستبوو. پرسییان چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

گوتمان: لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

گوتیان: ڕاوەستن تا پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت، دوای نیوسەعات هاتەوە.

گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتین، گەیشتینە بەندەنێ. دیسان دوو سوێسنی لەبن دارێک دەرپەڕین:

–چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

–لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر. ڕاوەستن، تا پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعاتێک هاتەوە، گوتی: با بڕۆن.

بە دۆڵی قەلەڕەشەدا بەربووینەوە. لە شیوێک دوو سوێسنیمان لێ دەرپەڕی:

–چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

–لەلایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

–ڕاوەستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت و دوای سەعات و نیوێک هاتەوە،

گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتن تا گەیشتینە قەراخ ئاوایی قەلەڕەشە. دوو سوێسنی لەوێ ڕاوەستابوون:

–چ کارەن، بۆ کوێ دەچن؟

لە لایەن دەوڵەتەوە دەچین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

–ڕاوەستن، با پرس بکەین.

یەکیان ڕۆیشت، دوای دوو سەعات هاتەوە،

گوتی: با بڕۆن.

ڕۆیشتن، گەیشتینە بەر حەوشەیەک کە بە تەیمان گیرابوو، چەپەرێکی گەورەی پێوە بوو.

سوێسنییەک بە تفەنگەوە لەودیوی چەپەرەکە ڕاوێستابوو.

–چ کارەن، لە چی دەگەڕێن؟

–لە لایەن دەوڵەتەوە هاتووین بۆ لای کوێخا هۆمەر.

بانگی کرد: پیرۆت! ئەمانە دەیانەوێ بێنە لای کوێخا هۆمەر.

دوای چارەکە سەعاتێک پیرۆت لە هەیوانی هۆدەیەکەوە بانگی کرد: با بێن.

ڕۆیشتین، گەیشتینە هەیوانەکە. پیرۆت گوتی: ڕاوەستن.

پیرۆت چووە ژوورەوە. دوای ماوەیەک هاتە دەرەوە، گوتی: بچنە ژوورەوە.

چووینە ژوورەوە. چ ببینین؟ سەیر و سەمەرە! هۆدەیەکی قوڕین، دیوارەکانی بە دووکەڵ ڕەش ببوو، میچەکەی قورماوی بوو، تاقە پەنجەرێکی بچووکی تێدابوو بۆ سەر هەیوانەکە، شووشەکەی بە دووکەڵ ڕەش داگەڕابوو. هیچی لێ ڕانەخرابوو. لە ناوەڕاستی هۆدەکەدا کورسییەکی زستانی کە لەسەر تەنوور دایدەنێن و لێفەی پێدا دەدەن و لە دەوری دادەنیشن، دانرابوو. کوێخا هۆمەر لەسەر کورسیەکە دانیشتبوو، لاقێکی نابووە سەر لاقێکی، بەسەر سەریەوە سەوەتەیەک بە بەن بە داری میچەکەوە هەڵاوەسرابوو. کوێخا هۆمەر سەری کردبوو بە بن سەوەتەکەدا. کوێخا هۆمەر نە تەماشای کردین" نەوەڵامی داینەوە. پیرۆت قەلیانێکی تێکرد و دایە دەست کوێخا هۆمەر. کوێخا هۆمەر ناوبەناو مژی لە قەلیانەکە دەدا و چاوی بڕیبووە پەنجەرەکە. ئێمەش وێستابووین. کابرای ئەفسەر سپی هەڵگەڕابوو.، لە بیچمی وا دەردەکەوت لای وایە بەدەست ئەم دێو و درنجەوە هەزار گیانی پێ بێ گیانێک بە ساخی دەرناکات. بە چاو ئیشارەم لێ کرد: نەترسی. دوای تاوێک کوێخا هۆمەر گوتی: پیرۆت، چای بێنە.

پیرۆت چایەکی هێنا و داینا. کوێخا هۆمەر ناوبەناو مژێکی لە قەلیانەکە دەدا و قومێکی لە چایەکە دەخواردەوە. کە لە قەلیان و چایەکە بۆوە، ڕوویکردە ئێمە و گوتی: ئێوە کێن؟ دەڵێن چی.

گوتم: کوێخا هۆمەر، ئەمە ڕەسم و باوی کوردەواری نییە. لە هەمووماڵێک ڕێز و حورمەت لە میوان دەگرن. ئێمە میوانی تۆین.

–بەڵێ، کە دەستتان ناڕوات، ئەم قسانە دەکەن. ئێستا قسەتان چییە بیڵێن.

–له پێشدا پیاویان ناردبووه لات قبووڵت کردبوو ئێمه بێین. ئەوا له لایەن دەوڵەتەوه هاتووین قسەت لەگەڵ بکەین.

–چۆن هاتن؟

–له سەردەشت کەوتینه ڕێ و ئەوا گەیشتووینەته ئێره، لای تۆ.

–نا، نا، به وردی بۆم بگێڕنەوه تووشی کێ هاتن؟ چییان لێ پرسین؟

به وردی هەمووم بۆ گێڕایەوه، چەند جار ڕایانگرتین، چەند برسی و توونی بووین.

گوتی: لێره، لەم هۆدەیەدا چۆن؟

گوتم: وەڵامی سڵاوت نەداینەوه، ماندوو نەبوونیت نەکردین. لەو ساوه تا ئێستا به پێوه ڕاتگرتووین.

–قسەی چیم لەگەڵ دەکەن. ئەمه وەڵامەکەتانه. کردەوەی پیاوەکانی دەوڵەتەکەتان له سەردەشت لەگەڵ ئێمه ئاوایه. به شایەکەتان بڵێن کردەوەی پیاوەکانی باش دەکا و وەکو ئینسانان دەبزوونەوه، ئەوا باشه. ئەگەر هەر لەسەر ئەم پێودانانەش دەڕۆن، ئەو تاج و تەختی هەیه، منیش ئەمه [ئیشارەی بۆ سەوەتەکه کرد] تاج و، ئەمەش [ئیشارەی بۆ کورسییەکه کرد] تەختم. دەسا دەست له دەست و قەوەت له خوا. کوێخا هۆمەر دەرفەتی نەداین قسه بکەین، گوتی: پیرۆت بییانبه.

پیرۆت بردینییه هۆدەیەکی گەورەی ڕووناك و خاوێن، قاڵیی لێ ڕاخرابوو، پاڵ و پشتی لێ دانرابوو، سەماوەر قوڵتەقوڵتی بوو. دانیشتین، چایان بۆ تێکردین. دوای تاوێك کوێخا هۆمەر هات و لای خوارەوه دانیشت. به ڕووخۆشییەوه بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕی کردین. نان و خوانێکی باشیان هێنا و نانمان خوارد.

گوتم: دەی کوێخا هۆمەر، ئێستا با قسان بکەین.

–قسەی چی بکەین؟ "قسه هەزاره، یەکی بەکاره". من وەڵامی ئێوەم دایەوه. تۆ پیاوێکی ئاقڵی. بڕواناکەم تنێنەگەیشتبی. ماڵاواییمان لێکرد. کوێخا هۆمەر زۆر به حورمەتەوه بەڕێی کردین.

هاتمەوه، سەرلەشکرم تێگەیاند تاوانی ژاندارمەیه سوێسنییەکانی ئەوەندە هەراسان کردووه ناچار بوون بەگژ دەوڵەتدا بچن. دەوڵەت قەدەغەی کرد ژاندارم به خاکی سۆسنیدا بچێ. بۆ کاروباری ئەوێ دایرەیەکیان دانا به ناوی (دایرەی ئینتیزاماتی عەشایری)، کابرایەکیان کرده سەرۆکی ئەو دایریه به ناوی (سەرهەنگ پزیشکییان). سەربازەکانی پزیشکییانیش پاش یەك دوو ساڵ ورده ورده چوونەوه سەر پێودانەکەی ژاندارم، تا ڕێژێمی ڕەزاشا ڕووخا. ڕۆژێك له ڕۆژەکانی هاوینی ساڵی ١٩٤١ پزیشکیان و سەربازەکانی، وەکو سڵقی ڕووت، به توێی کراس و دەرپێ هاتنەوه مەهاباد و لەوێوه ڕۆیشتنەوه بۆ پێتەختی شاهەنشاهی.

ئاغا وەجاخی ڕۆشنە

ڕەشید ئاغا لە تەمەنی لاوێتیدا بوو. چەند ساڵێك بوو ببووە ئاغا. ئەویش وەك "گای حاكم[١]" لە تەڕی دەیخوارد و لە ویشكی دەخەوت. لەوەتی پێگەیشتبوو، شەو خەریكی قومار و، ڕۆژ خەریكی ڕاوو شكار بوو. تاقە هونەرێكی كە بووی، ئەوە بوو لە زمانی تاژیی دەزانی.

ڕەشید ئاغا: هەو.. هەو.. هەو.. ڕستی هاوریشم و قەلادەی زیوت لە ئەستۆ دەكەم، دەست و پەنجەت لە خەنە دەگرم، جلی تورمەت بۆ دەكەم!

تاوس، وەكو ژاندارمەیەك كە تازە چەند كوردی گرتبێ و ئافەرینی لێ كرابێ و ئەفسەرەكەی بانگی كات، یا وەك ژنە وەرزێرێكی كە بەناو دڕك و داڵدا بە دوای تاقە مانگا ونبووەكەیدا ڕابكات، بە خۆشبەزی و خێرایی بازی دەبرد بۆ لای ڕەشید ئاغا، وە خشپەی پێی نەدەبیسرا، بە قەلادەی زێوین و جلی تورمەوە بە دەوروبەری ئاغادا دەهات و دەچوو، كلكەسووتەی دەكرد، خۆی دەكێشاوە و دەیقوروسكاند، پای: ئامادەی ڕاو و تێبەربوونم.

ئاغا و تانجی، پشتاوپشت، لەگەڵ یەكتر هاتبوونە خوارەوە. هەرچەند لە دوو ڕەگەزی جیاواز بوون، بەڵام سەبارەت بە پێشینەی مێژوویی بێ تەرجومان لە یەكتر تێدەگەیشتن.

ئێوارەی ڕۆژێكی دەمەوزستان بوو. لە هەیوانی دیواخانی "نۆبار[٢]" ڕەشید ئاغا و تاوس بەدیار نۆكەرەكانەوە، بە زمانی حاڵ ئەو قسانەیان دەكرد.

نۆكەرەكانی ڕەشید ئاغا كە زوربەیان لەگەڵ نۆبار و دیواخانە و ئەسپ و تاژی لە ئاغای ڕەحمەتی بە میرات مابوونەوە، لە هەراویی ناودەست و باریكیی دەست و پاشوو و خۆشبەزیی تاوس واقیان وڕمابوو، هیوادار بوون خۆیان و ئاغایان بێ گۆشت نەكات. یەك لە دوای یەك پیرۆزبایی تاوسیان لە ڕەشید ئاغا دەكرد. لە پاشان كوێخا عەولاّ هەڵیدایە و گوتی: بە گۆڕێكی ئاغای ڕەحمەتیی تێچووە، ئەو تاژیە دیزیەتییە. ئەگینا ئەم هەڵۆیە و دوو تەغار گەنمیان نەگوتووە.

ڕەشید ئاغا: دەچەغەبە. دەویت باب، ئاقڵت بۆ لەكاركردم! دیارە ئەگەر حەمەوەیس لەبرسا قۆڕەی زگی نەهاتایە، بۆ دوو تەغار گەنم لێرەوە نەدەچووە "تیلەكۆ[٣]"، بە شەوی ئەنگوستەچاو، سینگی خۆی بە گوولـلەوە نێت و تاوس بۆ من بدزێ. دوو ساڵی تەواوە ناوبانگی تاوسم بیستووە. لە عاسمان بۆی دەگەڕام، لەسەر زەوی دەستم كەوت، ئەگەر زۆرت بەخیلی بە حەمەوەیس دێ دوو تەغار گەنمی دەستكەوتووە، نەچووە بچێ، ڕستت دەكەم و تێت بەردەدەم، كە كەروێشكێكت كوشت دوو تەغار گەنم بە تۆ دەدەم.

كوێخا عەولاّ: دە باشە ئاغا. تۆ لەسەر كەروێشكی خۆت نیی؟ من تەماڵێكت بۆ دەدۆزمەوە، كەیفت لێیە لە لاندا بە زیندوویی دەیگرم، حەزدەكەی تاوسی تێبەردە.

ڕەشید ئاغا: دە بڕۆ تەماڵ بدۆزەرەوە.

كوێخا عەولاّ: ئاغا ئەوەندەم لێ بوەستە گەردالێك بەفر بباریّ. بزانە دوو تەغار گەنمەكە حەلاڵ دەكەم یان نا؟

لەوكاتەدا، تاوس ڕەشید ئاغای تێگەیاند كە ئارەزووی ڕاوی هەیە. بە بەردەمی ئاغادا ٣-٤ بازی برد. بەحاڵ نووكی پەنجەی لە زەوی دەخشا. ڕەشید ئاغا [بە تاوس]: دەك لەبەر قەڵەمبازت مرم. [ئەوجار بە كوێخا عەولاّ]: بەسەری مارف ئاغا، سبەینێ تا چێشتانێ تەماڵێك نەدۆزییەوە گەسكت لەسەر بارەوە دەنێم[٤]. كە دۆزیشتەوە جگە لە دوو تەغار گەنم، ئەو ڕانك و چۆغەی بەریشم هیی تۆیە. دە بڕۆ بزانم چ دەكەی؟

كوێخا عولاّ: ئاغا! سوێندەكەت بە گوڵ بێ. لە بەفری نەباریو، تەماڵت لە كوێ بۆ بدۆزمەوە؟ ئەوەندەم سەبر لێ بگرە. بەفر عەرز سپی بكات جا ئەو حەلە چاوم لێ بكە.

ڕەشید ئاغا: ئەو قسانەی پێ ناوێ. باسی تەماڵت كرد، دەبێ بیدۆزیتەوە. دەنا دەتكەمە تەماڵ و سەگت تێ بەردەدەم.

بایز [یە كێ لە نۆكەرەكان، كە بەڕیز لە بن دیواری هەیوانەكە بەدیار ئاغاوە وێستابوون] لەبەرخۆیەوە: عەولاّ خۆی بە دەمڕاست دەزانێ. دە بڕۆ بەم ڕەشانگە تەماڵ بدۆزەوە.

جافر [یەكێكی دیكە لە نۆكەرەكان]: ئەوەندە گەوجە پێی وایە كەروێشكیش ڕەعیەتە بچێ لە ماڵەوە بە شەق بیهێنێتە بێگار. ئێمەش دەتوانین ڕەعیەت بە شەق ئەمدیوو ئەودیو كەین. دە بڕۆ تەماڵ بدۆزەرەوە. بە زمانی خۆت پێوە بووی!

مام سەلیم [بە حاڵ كەڵبەی لە دەمدا مابوو، وەختی خۆی گەورە نۆكەری مارف ئاغای باوكی ڕەشید ئاغا بوو] بە پڵتەپڵت لەبەرخۆیەوە دەستی پێكرد: دەك كوێر بم، ئاغا ئاوا دەبێ. دەمەویست ئێستا ئاغای ڕەحمەتی بوایە ئەم چەلەحانێیەی لەگەڵ بكردایە. چما كاری لە پێستی سەری نەدەئاخنی.

ڕەشید ئاغا، كە بە بەرسەفی نۆكەرەكاندا پیاسەی دەكرد، گوێی لەو قسەیە بوو، چووە پێستی باوكییەوە و گوتی: مام سەلیم! سبەینێ تا نیوەڕۆم لێ ڕاوێستە، جا قسەی ئاغای خۆت تاقی كەرەوە، بزانە چۆن دەیكەمە تەماڵ.

---

[١] قسەی پێشینانە بە كەسانی ئاوا دەڵێن "وەك گای حاكم وایە لە تەڕی دەخواو، لە وشكی دەنوێ".

[٢] نۆبار: گوندێكە لە مەڵبەندی بۆكان.

[٣] تیلەكۆ: ناوچەیەكە لە مەڵبەندی سەقز.

[٤] یانی: بە ماڵەوە دەرت دەكەم.

کوێخا عەولاّ، هەرچەند باب نۆکەر نەبوو، وەکو مام سەلیم چاوی بە پاشخوانی ئاغای ڕەحمەتی نەپشکووتبوو، بەلاّم دەتگوت لەژێر چەکوشی شەیتان دەرپەڕیوە. لە فرۆفێڵی ئاغا و نۆکەریدا وەستابوو، دەیزانی ئاقڵی ئاغا تاکوێ بڕدەکات. تەگبیری خۆی کردبوو، ئەمما دەیویست ڕەشید ئاغا پتر شێلگیر کا. تا دوو تەغار گەنمەکەی دەستکەوێ. ڕووی کردە میرزا سمایلی میرزای ئاغا کە لەولاوە وێستابوو، کتێبێکی چلکنی بە دەستەوە بوو: مام میرزا بۆم بڕوانە ئەو کتێبە، جا ڕبەیەکت لە گەنمەکە دەدەمێ.

میرزا سمایل: دەبڕۆ مردووت مرێ. ئێستاکە لە قەندیلیش بەفر نەکەوتووە، قامووسیش تەماڵ ناگرێ. بۆت بڕوانمە کتێبی چی؟

کوێخا عەولاّ: بەسەری ئەو ئاغایە ڕبە گەنمێکت لە کیس چوو!

ڕەشید ئاغا: ها.. ها.. لە سبەینێی نەهاتوو، لەتە ماڵی نەدۆزراوە و، لە گەنمی وەرنەگیراو، داخ دەباتە دڵی میرزا!

نۆکەرەکان: بەڵێ، ئاغا جوانی دەفەرموێ.

ئاها.. ها.. ها..

کوێخا عەولاّ (دەیەویست بۆ پێکەنینی ئاغا زیاتر سەربکاتە سەر میرزا، باشە، مەڕوانە کتێبە چلکنت. بەسەری ئەو ئاغایە چاوت بە گەنم ناکەوێ.

میرزا: کوڕە، باوکم، برام! دەوەن بە ئاشی چم پێدەکەی؟ تۆ خۆت تەماعی ماسیی ناو دەریا کەوتووەتە سەرت، واز لە من بێنە.

ڕەشید ئاغا: من عەولاّ دەناسم. بە ڕبە گەنمێك باوکیشی دەفرۆشێ.

میرزا (کە داخی عولاّی لەدڵدا بوو): شوکور باوکی نەماوە، ئەگینا بێ گەنمیش دەیهێنایە سەما. کوێخا عولاّ تێگەیشت مەبەستی میرزا ئەوەیە باوکی عەولاّ ڕەعیەت بوو. ئەگەر بمایە ئەویشی بە دەردی ڕەعیەتەکانی دیکە دەبرد. گوتی: من نمەك بە حەرام نیم. ئاغام چۆنی پێ خۆش بێ وا دەکەم.

میرزا، کە زانیی قسە دەگاتە ناسکی، گوتی: ئاغا حەزدەکا تەماڵی بۆ بدۆزێتەوە.

کوێخا عەولاّ: باشە، بەلاّم بەو شە ڕتە دەم لە گۆشتەکەی نەدەی.

مام سەلیم: هەتیوە، عەولاّ، تۆ شێتی؟ لە بەفری نەباریو، لە تەماڵی نەبوو، لە ڕاوی نەکراو، لە تاژیی تێبەرنەدراو، لە کەروێشکی نەکوژراو، لە چێشتی لێنەنراو، میرزا دەم لە گۆشتی چی نادات؟

میرزا: بەخوا بڵێم چی؟ سەرم لەم قسانە دەرناچێ!

کوێخا عەولاّ: ڕاست دەکا. هەر سەری لەوە دەردەچێ بۆ ڕەعیەتەکان بپارێتەوە و تکایان بۆ بکا. ئەوەندەی قاقەز و ماقەز خوێندۆتەوە و هاتوچۆی شاری کردووە قسەی ئێمەی پێ هیچە.

میرزا: تۆ بڕۆ تەماڵ بدۆزەرەوە و واز لە من و قاقەز و ماقەزم بێنە. هەر شتە وەختی خۆی هەیە. ئێستا جارێ ئەوا وەختی تەماڵ و ڕاوە.

ڕەشید ئاغا (بە دەم ڕێگای ژوورەوە): عەولاّ!

تاوس بەرە دەست و پاشووی لە خەنە گرە بۆ تەماڵەکەی سبەینێ.

کوێخا عەولاّ: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشد ئاغا (بەیانی دوای نان و چا): عەولاّ!

کوێخا عەولاّ (کە لە پێشخانە لەگەڵ نۆکەرەکان خەریکی پاشخوان خواردن بوو، پاروەکەی بەخڕی قووت دا): بەڵێ.. بەڵێ.. ئاغا.

ڕەشید ئاغا: دەست و پاشووی تاوست لە خەنە گرت؟

عەولاّ: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشید ئاغا: قسەی خۆم لەبیرنەچۆتەوە تەماڵت دۆزییەوە.

عەولاّ: بەڵێ، ئاغا.

ڕەشید ئاغا: ولاّغان بێنن، با بچین بۆ ڕاو.

تاوس لەبەر ئەسپی ڕەشید ئاغاوە سەمای دەکرد. لە بناری "تەرەغە[٥]" ڕاو دابەسترا. کە گەیشتنە شێوەڵێك، عەولاّ، لەپڕ، هەڵیکێشا تەماڵ:

-خولاّمی سەری ئاغای خۆمم، تەما.. لە!

ڕەشید ئاغا تاژیی تێبەردا، بەلاّم کەروێشك هەڵنەستا.

عەولاّ: ئاغا، بەلان کەوتووە[٦]، با بچم هەڵی ئەستێنم. ڕکێفی لێدا و چووە پێشەوە.

دابەزی و گورجێك پەتی ملی کەروێشکی دارنی و فڕێیدا دەرەوە.

ڕەشید ئاغا (تاوسی دووبارە تێبەردا): ها بیگرە تاوس ها.! دەری نەکەی ها!.. لە سەری منت کەوێ.. تاوس یەك دوو سەری پێداهات و کەروێشکی هەڵگرت.

عەولاّ بەغار چوو کەروێشکی لە دەم تاژی سەندەوە و بە پاشکۆیەوە هەڵیواسی.

کە گەڕانەوە عەولاّ چاوی پێکەوت برایمە شەل لە سەرمانا دەلەرزێ کەچی لە بەر دەرکی مزگەوت لەگەڵ میرزا وێستاوە قسەی بۆ دەکات.

کوێخا عەولاّ (بە پەلە): برایم ئەوە هێشتا نەڕۆیشتووی؟

برایم: بۆ کوێ؟ تۆ هیچت بە من نەگوتووە.

کوێخا عەولاّ: پێم نەگوتی، ئەوا گوتم. ڕاکە بچۆ بۆکان تەنەکەیەك نەوت بێنە بۆ ماڵی ئاغا. زوو وەرەوە، بۆ ئێواریێ فریای خە!

شەو لە دیواخان بە دەم خواردنی گۆشتی کەروێشکەوە، باس باسی ڕاو و تاریف تاریفی تاوس بوو.

---

[٥] تەرەغە: کەژێکی گەورەیە لە ناوچەی بۆکان.

[٦] یانی لە لاندا خۆی مات داوە.

ڕەشید ئاغا: مام سەلیم! چۆنم تەماڵ بە عەولا پەیداکرد؟ خۆ ئێستا ئاغایەتی دەزانم؟

مام سەلیم: ئەوەندەی گڵ بەسەر ئاغای ڕەحمەتییەوەیە، سەد ئەوەندە عومری تۆ بێ. شوکر ئاغا وەجاخی ڕۆشنە.

میرزا (بزەی دەهاتێ): بەڵێ، ئاغا وەجاخی ڕوونە!

ڕەشید ئاغا: مام سەلیم! بەیانی دوو تەغار گەنم بدە بە عەولا، ڕانك و چۆغەکانیشی بۆ دەنێرم..

شەو دیواخان چۆڵ بوو، عەولا دەرۆیشتە ماڵەوە، لای دا دەرکی ماڵی برایمە شەل و بانگی کردە دەرەوە، گوتی: برایم لە دەمت دەربێ کەروێشکی ماڵیت لێ ون بووە، لەژێر بێگاردا دەتپرووکێنم. خۆ دوێنێ هیچت بە میرزا نەگوتووە؟

برایم: جا با پێشم گوتبێ، چیی تێدایە، ئەویش هەر لە خۆتانە!

عەولا: نا، نا. ئەوە کابرایەکی شاری و دەمشڕە. ئەگەر لای ئاغا باسی کرد، تۆ بڵێ درۆ دەکات شتی وا نەبووە، جا نۆرە بێگارت لەسەر هەڵدەگرم.

خەملی پەموو

هاوینی ساڵی ١٩٥٦ بوو، خانەقا چۆڵ و هۆڵ بوو، زەوی خوا دەزانێ بۆ جاری چەندەم لە ڕۆژ نێزێك دەبۆوە و تیشك و تینی زیاتری لە خۆر وەردەگرت. وەرزێرەکان وەکو هەموو هاوینێکی دیکە بە ئیش و کاری کشتوکاڵەوە سەریان قاڵ بوو، نەیاندەپرژا سەری ماڵی شێخ بدەن. ئەگەر دەرفەتیشیان ببوایە، لەبەرئەوە کە نوخشە دەرنەهاتبوو، لە ڕوویان نەدەهات بە دەستی خاڵی و بەتاڵ بێنە زیارەت. پەردەی کشوماتی بەسەر خانەقا و ماڵی شێخا کشابوو. لە شەو و ڕۆژدا تەنیا پێنج جار دەنگی بانگی سۆفی قادری هەورامی گۆمی بێدەنگیی نەختێ دەشڵەقاند. لە جیاتیی "خەتم و تەهلیلە"ی سۆفی و زکر و دەفی دەروێش، مێشوولەکان کە لە برسانا ئاڵۆزابوون، تێکدەهاڵان و ویزەوزیان بوو.

شێخ پێش نیوەڕۆ و ئێوارە تا نێزیك بانگدان یا لە حەوشەی خانەقا پیاسەی دەکرد، یا لەسەر کورسییەکەی کە لە هەیوانی خانەقا بە تایبەتی بۆ ئەو دانرابوو دادەنیشت و دەنکی تەزبێحەکەی دەگێڕاو، دیاربوو بیری لە داهاتی پاییزی پار دەکردەوە کە چەندە بوو، وە ئەمساڵ چەندە دەبێت.

مەلا جەلال، کە ئەگەر نوێژ کاڵا بوایە دەکرا بڵێین کرێکاری دینی بوو، مانگی بە پێنج دینار بۆ پێشنوێژی بەکرێ گیرابوو. وەکو کرێکاری دەستەمۆ کە چاوی لە دەمی خاوەن کار بێت و وریای وەخت و کاتی کارەکە بێ، گوێی لەوە نەبوو کەس هەیە لە پشتیەوە نوێژ بکا یان نا، لەگەڵ دەنگی بانگەکە دەسبەجێ دەخزا میحرابەکە. سۆفی قادریش کە نوێژ بەشێکی گرینگ بوو لە دەسمایە، یا باشتر بڵێین (دەم مایە)ی ژیانی، لە پشتیەوە دەوستا. میرزا عەلیش کە کرێوە پێچ بوو دەبووە سێهەمیان. بەڵام شێخ یا وەڕەز بوو، یا بە پێویستی نەدەزانی، یا بەشکم لە ماڵەوە نوێژی دەکرد، لەو وەختەدا نەدەهاتە خانەقا.

مەلا جەلال و سۆفی قادر کە قامەتیان بۆ یەکتر دەستاندەوە، لە هەوای دەنگ و خاویی دەمیان دەردەکەوت هەر ئەوەندە بوو ئەرکی خۆیان بەجێ دەگەیاند، ئەگینا هیچ لە شانیان خۆش نەبوو. میرزا عەلیش وەکو ڕەشایی لەشکر وابوو، لە نوێژکەرێکی سادە بەولاوە ڕۆڵێکی یاری نەدەکرد.

ئەو خانەقا وڕاق و گەورەیە بە سێ کەسەوە، لە کاتی جەماعەتدا وەکو حەمامێکی قەدیمی وابوو کە حەمامچی و ئاوگێڕ و یەکێکیش بەخێر خۆیانی تێدا بشۆن، وە ئەو ڕۆژانە دیاری و سەوقاتێکی بۆ شێخ و خەتم و تەهلیلەیەکی بۆ خوا تێدا نەبوو.

پێش نیوەڕۆیەك سۆفی قادر وەکو هەموو ڕۆژێ حەوشەکە و هەیوانەکەی گەسك دابوو، ئاوپرژێنی کردبوو. کورسییەکەی شێخی خاوێن کردبۆوە. ڕاوێستابوو شانی دابوو بە لاشیپانی دەرکی ماڵی شێخەوە.

شێخ هاتە دەرەوە:

-سۆفی قادر چ باسە؟

سۆفی قادر (بە شێوەیەکی نیوە هەورامی): سەلامەتی و سەر و شێخی. ناشوکری نەبۆ خانەقا چۆڵەن. شێخ هات لەسەر کورسییەکە دانیشت و چاوی برییە دەرگای حەوشەکە. کوتووپڕ مەلا جەلال بە شان و عەباوە خۆی کرد بە ژووردا، وا دیاربوو دوێنێ ئێواریێ مانگی دیبوو.

شێخ چاوەڕوانی هاتنی خەڵك بوو، بەڵام نەك هیی وەکو مەلا جەلال کە جگە لەوە خێری بە ناوچاوەوە نەبوو، ڕەنگ بوو داوای مانگانەش بکات. شێخ کە ئەحواڵی پرسی و خۆشهاتنی مەلا جەلالی کرد، لە بیچمی وا دەرکەوت لە دڵی خۆیدا دەڵێ: کابرا تۆ پێشنوێژی خانەقای، دەبێ لە واریداتی ڕۆژانەی خانەقا پارەت بدرێتێ. خانەقاش ئەم ڕۆژانە چۆڵ و هۆڵە. ئیتر چیت دەوێ، نابێ نەختێ ئاقڵت ببێ؟

لەم کاتەدا سۆفی نامیق کە چاکی کەوا شۆڕەکەی کردبوو بەلادا و بەنەخوێنەکەی بەسەر دەرپێ سپییە چڵکنەکەیەوە تاقمانەجووتی دەکرد، ئەوەندە بە پەلە خۆی کرد بە ژووردا، لە بیری چوو ئاتەکی کەواکەی داداتەوە. شێخ کە چاوی بە سۆفی نامیق کەوت، تەمومژی ناوچەوانی نەختێ ڕەوی، بانگی کرد:

-سۆفی نامیق بە خێرێی، خێرە شوکر؟

سۆفی نامیق: بەخوا قوروان مەگەر هیمەت پیران فریام کەفێ! خێری چی؟

شێخ هەقی بوو هاتنی سۆفی نامیقی پێ خۆش بێ. مریدێکی بەسۆز و موخلیس بوو، خزمەتی خانەقای زۆر دەکرد، هیچ کاتێ بە دەستی خاڵی نەدەهاتە زیارەت. "هیچ نەبێ دینارێکی هێناوە مەلا جەلالی پێ بێدەنگ کەم.. خۆ ئەگەر هیچیشی نەهێنابێ، دیسان هەر قەیناکا. هاوینە، نوخشە دەرنەهاتوە (دار ئەگەر ساڵی بەری نەهێنا، ناشێ بیبڕی)".

سۆفی نامیق سەرکەوت، سڵاوی کرد و دەستی شێخی ماچ کرد.

-سۆفی نامیق، بەخێرهاتی. خۆشی شوکر؟

-قوروان خوا خۆشت کا. لە سایەی خواوە و هیمەت و بەرەکەتی شێخەوە؟

-ماڵ و منداڵت چۆنن؟

-قوروان، دەستەکانت ماچ ئەکەن.. خزمەتکارتن.

-شیناوەردەکەت چۆنە، نوخشە دەرنەهاتووە؟

-ئای قوروان نوخشەی چی؟ خۆزیا هەر نەبوایە. ئەمساڵ پەمگەکەمان هەراش بوو، بە خاو و خێزانەوە تێی ورووکاین. چەند مانگ کوێرەوەریمان لە تەکیا دی، ئەوا ئیسە گشتی بووگە وە هیچ. مەگەر خۆت هیمەتێکم بۆ بفەرمووی، پەنام هاوردگە بەر خانەقا، تا چارم نەکەی ناڕۆمەوە.

شێخ (بە شێوەی دەمی سۆفی نامیق): سۆفی نامیق، بێژە خوا کەریمە. چی قەوماگە؟

-قوروان، وەکیل زۆراوبەگ هاتگە، دەفتەری هاوردگە، خەمڵەکەی ئەوەندە قورسە گشت پەمگەکەی بەمێ ئینجا ڕزگارم تێ. ئەوا خۆم خستگە خانەقا. بەخوا ئەشێ هیمەتێکم بۆ بکەی.

-شتی وا چۆن ئەبێ؟ ئاخر خەمڵیش ڕێوشوێن و قاعیدەی خۆی هەیە.

-قوروان شلە و قولەی بەگ کوا گوێ ئەدەنە ڕێوشوێن و قایدە؟

لەوکاتەدا سۆفی قادر بانگی نیوەڕۆی دا.

شێخ: خاسە، سۆفی نامیق خاسە، ئیسە دەنێرمە لای زۆراو بەگ. مەلا جەلال! تۆش مەڕۆرەوە. جەماعەتەکە بکەن. لەگەڵ سۆفی نامیق لەو حوجرە دانیشە، لێرە قاوەڵتی بکە.

دوای قاوەڵتی شێخ هاتە دەرەوە: سۆفی نامیق! سۆفی ڕەشیدم ناردە خزمەت زۆراو بەگ. ئێستا دێتەوە. خوا کەریمە.

سۆفی نامیق: ئای خوا بمکا وەسەیەقەت. ئای بم وەقوروانەکەت.

تاوێکی پێچوو سۆفی ڕەشید هاتەوە.

شێخ: ئادەی سۆفی ڕەشید، زۆراو بەگ گوتی چی؟

سۆفی ڕەشید: قوروان، چووم، فەرمایشتەکەی جەنابتم بە زۆراو بەگ گوت، زۆر سەلامی عەرز دەکردی.

-عەلەیکەسەلام. خوا کاری ڕاست کا. دەی ئیشەکەی سۆفی نامیق بوو بە چی؟

-عەرزت دەکەم (چووە پێشەوە، شتێکی بە گوێچکەی شێخدا سرکاند).

تومەس زۆراو بەگ گوتبووی شێخ ئەوەندە ڕوونەدا بەو مسکێنانە. ئاخر خۆشی خاوەن موڵکە. ئەمانە ڕوویان بکرێتەوە هیچ بە خۆشی نادەن.

شێخ ڕاوێژی دەمی گۆڕا. گوتی: ئەمانە پیاوی دنیان، هەر لەسەر تەماعی خۆیانن، بیریان بەلای قەبر و قیامەتەوە نییە، تکای ئێمە ناگرن.

بچۆ بزانە بەشکم لەتەك وەکیلەکەیا ڕێك کەوی.

سۆفی نامیق: قوروان ڕێککەوتنی چی؟ کاورا ئێژی بەرازە. گشت پەمگەکەی گەرەکە.

شێخ: سا بێژین چی؟ زەمانە خراپ بووە. زوڵمەت دنیای داگرتووە. خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکا.

سۆفی نامیق: بیم وەقوروانەکەت. خاس ئەفەرمووی. ئاخرزەمانە. ئەمە پێنج مانگی ڕەبەقە بە خۆم و بە منداڵەکانمەوە ڕەنج ئەدەین. ئیسە گشت پەمگەکەی گەرەکە. ئەی خوا هەڵی نەگری.

شێخ: بێژین چی سۆفی نامیق، قەزا و قەدەری خوایە.

سۆفی نامیق: یا شێخ ئەمە ئەفەرمووی چی؟ ئیسە من گشت پەمگەکەی بەمێ، ئەمە چییە خەمڵی کردگە؟

شێخ: عیلاج نییە سۆفی نامیق. زەمانەکە خراپ بووە. خوا خراپتر نەدا.

سۆفی نامیق: یا شێخ کە واسە، بێژە "تۆ فەرموو، ئێمە میاو".

مەلا جەلال ویستی سۆفی نامیق تێبگەێنێ لە ڕووی شێخدا قسەی وا نەکا،

گوتی: سۆفی نامیق، ئەمە مانای چی؟ سۆفی نامیق لەبەر پەرۆش و پەژارەی خۆی تێنەگەیشت مەلا جەلال مەبەستی چییە؟

گوتی: مامۆستا، زوو زوو گەنج بووم. ئەوسا گەرمیان و کێوسانمان ئەکرد، هاوینان ئەڕۆیشتینە سەرشو سەقز، کاوراییْ سەقزی بوو ناوی لالۆ هەواس بوو، ئاشنامان بوو، مامەڵەمان لەتەکیا ئەکرد. ڕۆژێ هاتە وارگەکەمان ڕۆن و خوریی لێمان کڕی. سۆزی ڕۆن و خوریەکەم بۆ بردە سەقز و میوان بووم. شەو خێزانەکەی سینی بۆ هاوردین، گۆشتاوی لێنابوو، نانمان لێوڵی، کتکە بۆر پەیابوو. دەستی کرد بە میاومیاو. خاوەن ماڵەکە پاروویەکی بۆ هاویشت، گورج قۆستیەوە و، دیسان: میاو! پاروویەکی تری هاویشت، کتکە بۆر ئەمیشی قۆستەوە و دیسان میاو! ئەوەندەی پاروی بۆ هاویشت، وازی لە میاومیاو نەهێنا و نەیهێشت نانەکەمان بخۆین. لالۆ هەواس سینییەکەی هەڵگرت و نایە بەردەمی کتکە بۆر و گوتی:

—کەواسە، تۆ فەرموو، ئێمە: میاو! سۆفی نامیق دەستی شێخی ماچ کرد و ڕۆیشت. بە دەم ڕێگەوە دەیگوت.

—هەزار قەزا و قەدەر بێ، پەمگی خۆمی نادەمێ..

مەلا جەلال لای وابوو سۆفی نامیق شتێکی بۆ شێخ هێناوە، بە دەرفەتی زانی و گوتی:

—قوربان! شەکر و چامان نەماوە. مانگانەکەمان پێ کەرەم نافەرمووی؟

شێخ خۆی لە قسەی مەلا جەلالیش گێل کرد و گوتی:

—زۆراوبەگ هەقیەتی. بڕوانە، ئەم خەڵکە دەڵێی شەیتان دەرسی داداون، قسەیان چەند ڕەق و ناخۆش بووە. ئاخرزەمانە، خوا ڕەحم بە ئیمانەکەمان بکات.

سەرفیترە

حاجی عەلی دەوڵەمەندێکی قورس بوو، بازاڕی ئەوەندە گەرم بوو، نەیدەپرژا سەری خۆی بخورێنێ، کاری بەوە باش بوو کە وەکو بەزاز و چەقاڵ و وردەفرۆش نەبوو، ئەگینا هەر فریانەدەکەوت. ئێساش کە بە تاو لینگە بار شتی دەفرۆشت بە تەنیا پێڕانەدەگەیشت. میرزا ساڵحی خزمی خۆی مانگی بە حەوت دینار و نیو گرتبوو کە دەفتەریشی بۆ بگرێ، هاتوچووی بانکی بۆ بکا، پارەی لای بەقاڵ و بەزازەکانیشی بۆ کۆکاتەوە.

حاجی هەرچەند سەری زۆر قاڵ بوو، بەڵام خوا هەڵناگرێ لەگەڵ ئەوەش سەری بچوایە نوێژی نەدەچوو. ڕۆژووی ڕەمەزانیش ئەوا هیچ. پیاوێکی وریا و عاقڵ بوو، حیسابی دنیا و قیامەتی خۆی باش دەزانی. زۆر چاك لێکی دابۆوە: ڕەمەزان هەم زیارەتە و هەم تیجارەت. خواشی لێ ڕازی دەبێ و ژەمی سی نیوەڕۆش دەگەڕێتەوە. خوا نەکا دوور لە گیانی حاجی، خۆ قسە لەوە نییە پیاو هەر دەبێ ڕووت و نەدار بێ تا دەس پێوە بگرێ. پیاوەکە بازرگان بوو، ئەهلی بازاڕ بوو. بازاڕیش جێگای دەفتەر و حیسابە. سەرمایە هەرچەندە زۆریش بێ، کە لێکی دەیتەوە هەر فلس فلسە کەوتۆتە سەریەك. هەموو فلسێك لە دەفتەردا جێگای خۆی هەیە. بۆ ماڵی حاجی بەو مەخاریج و دەرچوونە زۆرەوە، سی نیوەڕۆژە بە لانی کەمەوە دەیکردە پازدە دینار. ئەمە پارەیەکی کەم نەبوو، کرێی دوو مانگی میرزا ساڵحی لەکۆڵ دەکەوت، یا دەیتوانی پێنج شەش جار بۆ سەودا و مامڵە پێی بچێتە بەغدا. بە کورتی ڕۆژووی ڕەمەزان لە هەموو بارێکەوە بە قازانج تەواو دەبوو.

حاجی مانگی ڕەمەزانی بە ڕێکوپێکی گرتبوو. "تەراویح"ی شەوەکانیش سەرباری. لە مەلای بیستبوو هەرکەس شوکرانەبژێر بێ، خوا بۆی زیاد دەکات. جا بۆیە هەموو شەوێ بە دەم تەراویحەکەوە ئەوەندەی زمانی هێزی تێدابوو شوکری خوای دەکرد، خواش لێی قبووڵ کردبوو، ڕۆژبەڕۆژ بەسەریدا ڕشتبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی ڕەمەزان حاجی لە مزگەوت نوێژی شێوانی بە جەماعەت کرد و بە دەم ڕێگاوە وردە دوعاکانی خوێند. کە گەیشتە ماڵەوە، دەمی لە ئاخرین دوعا بەتاڵ بوو، بیسمیللایەکی کرد و دەستی کرد بە بەربانگ کردنەوە,. نۆشی گیانی بێ بەروبووی ڕەنجی شانی خۆیەتی وەکو (سوننەتە) لە شیرینەوە پاقلاوەی بەنیوەجواوی قووتدا و ڕیزی لێگرت سێ چوار شیلەی پاقلاوە بە گەروویەوە لکاو هەناسەی سوار بوو. بە پەرداخێك ماستاو شۆردییەوە و کۆکەیەکیشی بەدوادا کرد. ڕێگا بۆ خواردنی

دیکە بە تەواوی کرایەوە، پەلاماری دەوریی قبوولّیی دا، قبوولّییەکە بە یارمەتیی بامیە و گۆشت، باشتر خۆی کۆدەکردەوە و، بە ڕەحەتی بەناو پەرژینی ڕیش و سمێڵدا خۆی دەکرد بە دەمی حاجیدا و ئاوای ئەودیو دەبوو.

ناوبەناو پەرداخێك ماستاوی دەخواردەوە، (دوور لە حاجی و بەربانگەکە) شفتەیەکیشی دەکردە مەزەی. وەکو وەرزێرێکی لێزان بژارێکی باشی سینییەکەی کرد. دەستێکی بە ڕیشیدا هێنا. ئەلحەمدولیلا، خوایە شوکری تۆ. ڕوویکردە خێزانی:

–ئا خێراکە چایەکم بۆ تێکە، با فریای جەماعەت تەراویحەکە بکەوم.

حاجی ژن– هێشتا سەرپۆشی نوێژی شێوانی بەسەرەوە بوو– پیاڵەیەك چای بۆ حاجی هێنا:

–حاجی! ئەرێ سەرفیترەت قەبڵاندووە؟

–یا ڕەبی خوا جەزای بەخێرت بداتەوە ئافرەت! چا بوو وەبیرت خستمەوە. هاوار بەماڵم! شەیتانی مەلعوون بە هەموو فێڵێك خەریکە ڕەنج بەخەسارمان کا. وەختابوو نوێژ و ڕۆژووەکەمان بە خۆڕایی بچێ. دەڵێی چی با سەرفیترەکە بدەین بە میرزا.

حاجی ژن: میرزا ساڵح پیاوی خۆتە. جگە لەوە مەعاشیشی هەیە. لە کوێ سەرفیترەی پێ دەشێ؟

حاجی: قوڕبەسەرە ژنێك و سێ منداڵی هەیە، بۆچی پێی ناشێ. چەند شەو لەمەپێش مەلا لە مزگەوت دەیگوت خێر و حەسەنەت بۆ خزم باشە. میرزا ساڵح خزمی خۆشمانە.

حاجی ژن: دەیجا یەك دوو دیناری جێژنانە بدەرێ، هەم خێرە و هەم پیاوەتی. سەفیترەکەش بدە بە مستەحەقێك.

حاجی: تۆ بەم دەسبڵاوییە لە جێگای من بوایەی، نە من دەبووم بە حاجی عەلی، نە تۆش بە حاجی ژن. من هەمیشە میرزا ساڵحم لەبیر بووە. چاکەشم لەگەڵ کردووە. دەڵێم ئەمەشی لە زیادی بدەینێ.

حاجی ژن: باشە، وابکە، من مانیعی خێری تۆ نابم.

حاجی: ڕوویکردە کوڕە گەورەکەی –ئەوڕەحمان ئا ڕاکە، میرزا ساڵح بانگ کە..

میرزا ساڵح هات، بە دەنگێکی نیوەنووساوی خەفەتاوییەوە سڵاوێکی کرد و لای خوارەوە دانیشت.

حاجی کە لەبەر جەماعەتەکەی بە پەلە بوو، لە لایەك ڕوویکردە میرزا ساڵح و گوتی دەمەوێ سەرفیترەکەی ئەمساڵ بدەم بە تۆ، لە لایەکی دیکەشەوە بانگی کردە حاجی ژن:

–فاتێ، ئا خێراکە، نێزیکەی دوو هۆقە گەنم بێنە.

حاجی ژن: گەنممان نییە. هەر برنج لە ماڵەوە هەیە، برنج دەبێ؟

حاجی: فەرقی چییە؟ ئەویش زەوادە. خێراکە. دوو قۆتە برنج بێنە!

میرزا ساڵح: ناعیلاج نەبوومایە وەرم نەدەگرت. پیاو کە ناچار بوو خێر و سەدەقەش قبووڵ دەکا!

حاجی: دوور لە تۆ، میرزا، تۆ خوێندەواری، شتی وا مەڵێ. عیلاجی چی؟ ساغ و سەلیمی، مانگی حەوت دینار و نیو مەعاشتە. شوکری خوا بکە. برینجیان هێنا. حاجی میرزا ساڵحی بانگ کردە پێشەوە:

–ئەوا ئەو برینجەم دا بە تۆ لە سەرفیترەی ئەمساڵدا کە خوا لەسەر منی فەرزکردووە. میرزا ساڵح گوتی: ئەوا قبووڵم کردو دامەوە بە خۆت بە قەرز. برنجەکە حەوت جار لە سەرفیترەی حاجی و حاجی ژن و سێ کوڕەکە و دوو کچەکەیان لە بەینی حاجی و میرزادا دەستاودەستی کرد.

حاجی هەستا بڕوا بۆ جەماعەت، بەسەر پێوە گوتی:

سەرفیترە بە زیادەوەی دانێی باشترە. بۆ میرزا ساڵحیش بە زایە ناچێ. دایدەنێین هەر سەرەی بە ڕوبعێك، دەکاتە دوو دینار چارەکێ کەم. حاجی چوو بۆ جەماعەت. میرزا ساڵح خەریکبوو بڕوا. حاجی ژن بە زۆر گێڕایەوە و چایەکی بۆ تێکرد. حاجی ژن ئەحواڵی منداڵەکانی میرزا ساڵحی دەپرسی. میرزا ساڵح شاش و واش وەڵامی حاجی ژنی دەداوە. زیاتر بیری لە پارەی سەرفیترەکە دەکردەوە: چۆنی خەرج کات بەشی کاسەجێژنەش بکا و جێژنانەیەکیش بۆ ژنەکەی و منداڵەکانی بکڕێ. چایەکەی خواردەوە، ماڵاوایی کرد و ڕۆیشت.

بەیانی میرزا ساڵح وەکو هەموو خەڵکی بازاڕ دەڵێن (محەلەکەی) کردەوە. گەسکی داو دەفتەر و شتی خۆی ئامادەکرد و دانیشت. تاوێکی پێچوو، حاجی پەیدابوو.

حاحجی: میرزا، تا زووە و سەرمان قاڵ نەبووە، دەست دەرە قەڵەمەکەت با حیسابی خۆمان بکەین.

میرزا: حیسابی چی؟

–چۆن حیسابی چی؟ تۆ دوو دینار چارەکێ کەمت لای من هەیە.

–باشە، ئیتر ئەمە حیسابی دەوێ؟

–تۆ دەڵێی ئەمڕۆ هاتوویتە بازاڕز چۆن حیسابی ناوێ؟ هەموو شتێك حیسابی دەوێ. برامان برایی، کیسەمان جیایی.

میرزا: باشە، دەی فەرموو. ئەمە قەڵەم و کاغەز.

حاجی: بنووسە دوو دینار چارەکێ کەم.

میرزا: ئەوا نووسیم.

حاجی: دەی من چین لای تۆ هەیە؟

میرزا: وەڵڵا نازانم. لە بیرم نییە تۆ هیچت بەلای منەوە بێ.

حاجی: تۆ لە بیرت نییە، من لە بیرمە. زستانێ قۆندەرەکانت دڕابوو. دووکانەکەت پیس دەکرد، جووتێ قۆندەرەم دایەی. قەیناکا، با لەبەر تۆ بە دینارێکی دانێین. بنووسە دینارێك.

میرزا: بۆچی بە چەندت کڕیبوو، وا بە کۆنیش بە دینارێکی لەسەر من حیساب دەکەی؟

حاجی: کاکی خۆم تۆ ئەهلی بازاڕی. لە بازاڕ قسە لەوە نییە بە چەندە کڕاوە، قسە لە نرخی ڕۆژە. کۆنی چی و شتی چی! تاقە زستانێك لە پێم کردبوو. هێشتا تازە و نوێ بوو.

میرزا: دە باشە، ئەوا نووسیم دینارێك.

حاجی: ئەو ڕۆژە حاجی فەتحوڵڵای پێنجوێنی سندووقە چاکەی لێکڕین، چارەکێ چای نموونەت ڕشت. ئەویش سێسەد فلس.

میرزا: چارەکە چایەکەم کۆکردەوە و کردمە سندووقێکی.

حاجی: کۆکردنەوەی چی؟ نەختێکت کۆکردەوە. ئەوەکەی دیکەی تێکەڵ خاك و خۆڵ بوو، گەسکت لێدا. قەیناکا بنووسە دووسەد فلس.

میرزا: دەی باشە، ئەم دینارێك و دووسەد فلس.

حاجی: تەختەی دوو سندووقە قۆندەرەت بردەوە کورسی پێ دروست کەی. ئەویش یەکی نیو دینار. بنووسە دینارێك.

میرزا: تۆ دەڵێی بەنرخی ڕۆژ. ئێستا تەختەی سندووقە قۆندەرە چەند دەکات؟

حاجی: ئەوسا زستان بوو زیاتریشی دەکرد. باشە بەنرخی ئەمڕۆکەی دادەنێین. بنووسە هەشت سەد فلس. ئەمە بووە دوو دیناری تەواو.

میرزا: بەڵی تەواوە.

حاجی: تۆ دینارێك و حەوت سەد و پەنجا فلس پارەی سەرفیترەت لای من هەیە، ئەوە لە دوو دینارەکە دەرکە. تۆ ڕوبعێکت دەکەوێتە سەر. ئەویش جێژنانەی ئەم جێژنەت بێ. ئیتر بێ حیساب.

میرزا (بە زەردەخەنەیەکەوە): جا بۆچی بەو ڕوبعە دینارە سەرفیترەی ساڵێکی دیکەم لێ سەلەم ناکەی؟

حاجی: حیسابی ساڵێکی دیکە وەختی خۆی دەکەین. ئێستا چۆن بێ جێژنانە و بە دەستی بەتاڵ دێڵم لە مەحەل دەردەکەوی؟

کەشکۆڵی جادوویی

وەیسە و ناسکۆڵ تاقانەی دایك و باوکی خۆیان بوون و، بە نازداری پەروەردە کرابوون. یارە و، پیرۆتی باوکیان، برایەتییان خۆش بوو. چەندیهای چەند ساڵ بوو دڵی یەکتریان نەیەشاندبوو، لەسەر ماڵ مابوونەوە و بە برابەشی ڕایان دەبوارد. ڕان و پاتاڵیان بوو. لە زەوی و زاری فەرەیدوون بەگدا دەیانلەوەڕاند و بژێوی خۆیان پەیدا دەکرد. هەرچەند دەوڵەمەند نەبوون، بەڵام سەبارەت بەوە کە هێدی و هێمن و بێوەی بوون، خەڵکی ئاوایی خۆشیان دەویستن.

وەیسە و ناسکۆڵ کە جووتە منداڵی ماڵ بوون، هۆگری یەکتر بوون و لە یەك جیانەدەبوونەوە. بە یەکەوە چوونە مەزرا بۆ لای باوکیان و بە یەکەوە دەهاتنەوە ماڵ بۆ لای دایکیان. بە یەکەوە لەگەڵ بەرخۆلەکان یارییان دەکرد.

ساڵ و مانگ بە دوای یەکدا تێدەپەڕین و وەیسە و ناسکۆڵیش بەخۆدا دەهاتن و گەورە بوون. تا گەورەتر دەبوون خۆشەویستییان پتەوتر و هاواڵەتییان گەرمتر دەبوو.

ڕۆژێ لە ڕۆژان یارە و پیرۆت بە یەکەوە دانیشتبوون باسی حاڵ و باڵی خۆیان دەکرد. یارەی باوکی وەیسە بە پیرۆتی گوت: ئێمە چەند ساڵە برایەتی خۆمان ڕاگرتووە و بە تەبایی و سەرودڵ خۆشی ڕامان بواردووە. ئێستاش با کارێکی وا بکەین منداڵەکانیشمان وەکو خۆمان بن و لە یەك جیانەبنەوە. خۆت دەزانی لە منداڵییەوە بە یەکەوە گەورە بوون و زۆر هۆگری یەکترن.

پیرۆت گوتی: یارە، من هەرگیز نابمە دڕکی مەم و زین و ئۆباڵی وەیسە و ناسکۆڵ ناهێنمە ئەستۆی خۆم. براڵە، منیش دەزانم پاروو لە دەم بکەوێتە خوارێ بۆ کۆش باشە. ئێمە کە براین، دیارە کچی منیش بۆ کوڕی تۆ چاکە. بە بێ ئەوەی تۆ بڵێی من خۆم ئەمەم هەر لە دڵدا بوو.

شەوێك مەلای ئاوایی و دوو سێ کەس لە دەر و دراوسێی خۆیان بانگ کرد و ناسکۆڵیان لە وەیسە مارەبڕی. مەلا بە چاکەی یارەو پیرۆتا هاتە خوارێ و پیرۆزبایی ئەو کارە چاکەی کرد. یارە بە هێواشێك دەستی بۆ لای مەلا درێژ کرد و دوو دیناری مارەبڕانە دا بە مامۆستا. مەلا سەرلەنوێ دەستی کردەوە بە پیرۆزبایی و دوعای خێر و پاشان هەڵستان و ڕۆیشتن.

وەیسە و ناسکۆڵ ئیتر لە دوو منداڵی ماڵ و دوو هاواڵی خۆشەویستەوە بوونە دەزگیرانی یەکتر و شەرمیان دەکرد و وەك جاران بە یەکەوە نەدەگەڕان. بەڵام تا دەهات عەشق و ئەوین لە دڵیاندا زیاتر تین و تاوی دەساند.

پایز کە خوری و ڕۆن و شەك و کاوڕیان فرۆشت، کەوتنە سەروکاری زەماوەندی ناسکۆڵ و وەیسە. جگە لە خەڵکی ئاوایی لە کەسوکاری خۆشیان گێڕاوە و سێ ڕۆژ شاییان کرد و بە تەقەی دەهۆڵ و زوڕنا داوەتیان گێڕا، کچ و کوڕ و ژن و پیاوی ئاوایی بە چەپی و ڕۆینەو سوێسکەیی و شێخانی هەڵدەپەڕین. یارە دەستپێشکەریی خۆی کرد نەیهێشت گزیر بێتە سەری دە دیناری سوورانە بۆ فەرەیدوون بەگ برد و دوو دیناریشی شیرنی دا بە کوێخا و کاورێکیشی پێشکەشی ئاغاژن کرد.

دوو سێ ساڵێك بەسەر زەماوەندی وەیسە و ناسکۆڵدا ڕابوورد. ساڵێك دەرد کەوتە ناو ڕانەکەیان و بەرودوای کوشت. چەند سەرێکیشی کە لە چنگ دەرد ڕزگاری بوو، ناچار فرۆشتیان و دایان بە نان و ئیتر بە یەکجاری پەکیان کەوت. دەبوو بە ڕەنجبەری و

سەپانیی خەڵك بژێوی خۆیان پەیداکەن، وەك جاران دەستیان نەدەڕۆیشت بێگارانە بدەن، ناچار بوون خۆیان بچنە بێگاری ئاغا.

جارێك گزیر هات و دەنگی دان بۆ بێگار. پیرۆت گوتی: من دەچم. یارە نەیهێشت و گوتی: تۆ لە من پیر تری و برا گەورەی، تا من ماوم ناهێڵم لەگەڵ منداڵ و مەزنا بچی بۆ بێگار. وەیسەش ڕەنجبەری خەڵکە، من خۆم دەچم. یارە نان و شەکر و چاو قۆری و پیاڵەی خستە تۆشەبەرەیەکەوە و کڵاشەکانی کردە پێی و دەستی دا داس و کەوتە دوای گزیر. کاتێ گەیشتە نازو بێگارچییەکان و دیتی هەموو هەرزەکار و کوڕوکاڵن و کەسی لە تەمەنی ئەویان تێدا نییە، زۆر بەزەیی بە خۆیاندا هات و لە دڵی خۆیدا وتوویژەی ئەوەی دەکرد: کە ئەگەر نەهاتی سواری شانیان نەبوایە و هەژار نەکەوتنایە، یان بێگارانەیان ئەدا، یا دەیتوانی وەیسە بنێرێت. هەرچۆنێك بوو کەوتنە بەندەن و ڕوویان کردە کەماجاڕی فەرەیدوون بەگ.

کەماجەڕەکە بە هەورازێکی زۆر سەخت و کووڕ و تەلانێکی ڕژد و بەردەڵانەوە بوو. لای خوارووشیان هەڵدێر و زەرد و ماه بوو. بەریان لە کەماکەندن گرت. یارە کەوتبووە لای ڕەوەزە بەردێکەوە و جگە لە ماندوویی و شەکەتی وتووێژەش زۆری بۆ دەهێنا و دڵتەنگی دەکرد. کوڕوکاڵ دەنگی یەکتریان دەدا وەك گرەوەکاری دەیانویست لە یەکتر پێشکەون. یارەی هەژار پیرۆ و بێهێز بوو، لەگەڵیان دەرنەئەچوو. لە لایەکیشەوە لەوە دەترسا کە سەرکارەکەیان قسەیەکی سووکی پێ بڵێ، ناچار ئەویش کەوتبووە پەلە و تەکانی دەدا. چاویشی کز و پڕووش بوو، باش ڕێی بەدی نەکرد. لە نەکاو لە ڕەوەزە بەردەکە قاچی خلیسکا و هەڵدێرا. کاتێك چوونە سەری بێهۆش کەوتبوو. ئێوارە بە دارەتەرم بدریانەوە ماڵەوە. یارەی بەدبەخت پشتی شکابوو.

چەند ڕۆژێك بە ئێش و ئازارەوە ژیاو مرد. خەڵکی ئاوایی و سەرەخۆشی کەری دێهاتی دەوروبەر، سەریان تێکردن. "شین و شایی دەستەوایە". ئەمڕۆ لەمانە، سبەینێش لەوان. ئەبێ پیاو بە تەنگ خزم و هاوماڵەوە بێت.

چەك و پووشێکی بووشیان لە پرسەدا ڕۆیشت. ئەمجار پیرۆتیش هەرچەند وەیسە تەقەلای دەدا نەهێڵێ کاربکا، کەڵکی نەدەگرت و بەو پیرییەوە تەکانی لە خۆی دەدوا ئیشی دەکرد، تا ئەویش لە خەم و خەفەتی براکەی و بێ خۆراکی و کەم حەسانەوەیی، ئاخری نەخۆش کەوت و چەند ڕۆژێك لەسەر جێگا بوو، ئەوەندەی (خێر و سەدەقە)یان بۆ بەخشییەوە، نووشتە و دوعایان بۆ کرد سوودی نەدا و لە دنیا دەرچوو..

وەیسە بە تاقی تەنیا مایەوە. دەبوو ئەرکی ئاغاش بگرێتە ئەستۆی و ناسکۆڵ و دایکی و خەسووشی بەخێو کا. ئەم قوربەسەرە هەر کردەی ئەو بوو و بردەی شەیتان. تا نانی پەیدا دەکرد، شەکر و چا نەبوو. تا چەوری و پەرەچێشتی دەس ئەخست، جلوبەرگ نەبوو. سەری لێشێوا. خۆشی نەیدەزانی چ بکا.. ئەمانەش گشتی لەوێ بوەستێ. هەر تاوناتاوێکیش دەنگیان دەدا بۆ بێگار و هەرەوەز. وەیسە بۆ ئەوەی لە بێگار تەرخان بێ، قەدپاڵێکی خوایی لە فەرەیدوون بەگ مەختە گرت کە بنێشتی لێ بکات.

ڕۆژانە بەو لێڕەوا رو نزارە چڕوپڕەدا دەگەڕا و دارەبەنی دەدۆزییەوە، لەلەی دەکردن و کۆچەڵەی بە بەرەوە دەنان بۆ بنێشت. دارستانەکە هێجگار پڕ بوو. هەمیشە مەترسیی ورچ و پڵینگ و دڕندەی تری پێ دەکرا. یەکێکی وەك وەیسە بێ بژێو و داماو نەبوایە کەمتر دەیوێرا ڕوی تێکا. دارەبەنەکان ئەستێور بوون و بنێشتێکی زۆریان دەردەدا. وەیسە کە دەیدی کۆچەڵەکان زوو پڕدەبن، هەروا زۆر دڵی خۆش ببوو. هیوایەکی باشی بە بەربووی کارەکەی پەیدا کردبوو.

ڕۆژێك ئیشوکاری خۆی خێرا تەواو کرد. بە ئارەزوو بە لێڕەوارەکەدا دەگەڕا، بە نیازی ئەوە بەڵکو کانی ئاوێك بدۆزێتەوە لە کوندەئاو گێڕان ڕزگاری بێ. بە کەژەکەدا فرە هەڵگەڕا و تەواو لە ڕێباز و ئاوەدانی دوورکەوتبوەوە. نزار لەوێ زۆر پڕ و داری تەنبوو ئەستوور و کۆنەساڵی فرە بوو. لە شیوەڵێکدا پنگەل و زەل و قەرەم دیاریدا. بەرداو بەردو بندارە و بندار بۆی چوو تا گەیشتە پێشەوە. تەماشای کرد ئاوێکی کەمە لە سەرەوە دێتە خوارێ. زانی کە دوور یا نزیك کوێرە کانییەك لەو ناوەدا هەیە. بەرەو ژوور هەڵکشا تا گەیشتە بن داربەڕوویەکی زۆر ئەستوور و کۆنەساڵ کە بە لك و پۆپی خۆی سێبەری لە مەودایەکی هەراو کردبوو. ڕابواردنی سالانی زۆر شوێنان کردبووە دڵی پیرەدار و کلۆرێکی گەورەی تێکەوتبوو. لە بن داربەڕووەکە کانییەکی بچووکی لێبوو، بەڵام تا بڵێی ئاوەکەی ڕوون و سارد بوو. لێیدانیشت و نەختێ بەری کانییەکەی خاوێن کردەوە و دەست و دەموچاوی شوشت و دوو سێ مستی ئاو خواردەوە و لە حاستی خۆی پاڵیدا بە بەردێکەوە، تۆزێ بحەسێتەوە. کە سەری هەڵبڕی تەماشای کرد ئەوا سپیاڵێك و هێندێ کەلوپەل لە بەرامبەریەوە لەناو کلۆری دارەکەدا دیارە. گوتی: ڕەنگە ئەوانەش هینی چارەڕەشێکی وەك من بن، وا چاکە چاوەڕوانی بکەم تا دێتەوە. هەر باشە لەم نزارە بەسامەدا هاواڵێکم بۆ پەیدا بووە. ماوەیەك چاوەڕوانی کرد لە لابەلای دارەکانەوە کابرایەکی ڕیش سپیی ناوچاوان پاك دیاریدا، وردە وردە هاتە پێشەوە. وەیسە لەبەری هەستاو سڵاوی لێکرد. ئەویش زۆر بە ڕووخۆشییەوە وەڵامی دایەوە و چاك و خۆشی لەگەڵ کرد. وەیسە پرسیی: مامە گیان! ناوت چییە؟ مامەی پیرە گوتی: ئینسان.

وەیسە ئەم ناوەی بەلاوە سەمەرە بوو. ئیتر نەیویست لێی بپرسێ کێیە و چ کارەیە و بۆچ لەوێیە. بە دەرفەتی زانی و لە دڵی

خۆیدا گوتی هەرچییەك بێ‌یا پیاوچاكە یان بە لانی كەمەوە دنیادیتووە و بەرژەوەندی زۆرە. وا باشە چارەڕەشیی خۆمی بۆ بگێڕمەوە و تەگبیرێكی پێ بكەم.

كە باسی شپرزەیی خۆی بۆ كرد، لالۆی پیرە بەزەیی پێدا هات و بزەیەكی هاتێ و گوتی: هەروا نابێ، بەڵام درەنگ و زوویی كەتووە. بەهەر جۆر من دوو كەشكۆڵم هەیە بەشیان دەكەین، یەكیان بۆ من ئەوی تریشیان بۆ تۆ. وەیسە زۆری سوپاس كرد و لە دڵی خۆیدا گوتی ئەمیش هەر باشە كەڵكی شتێك دەگرێ. كە لالۆی پیرە كەشكۆڵەكەی لە كەلوپەلەكەی دەرهێنا و دایە دەستی، تەماشای كرد شتێكی زۆر جوانە و باش نەخشاوە و كەندەكارییەكی نایابی لێكراوە. دەرخۆنەیەكی كپی بەسەرەوەیە ئەگەر شتی تێكرێ تەپوتۆزی لێ نانیشێ. ئەمجار بە خەیاڵ شتی بۆ دەدۆزییەوە تێی‌كا. ئاخری گوتی بۆ شەكر و چا باشە.

كەشكۆڵی وەرگرت و گەلێك سوپاس و ماڵئاوایی لالۆی پیرەی كرد و گەڕایەوە. كە لێی وردبۆوە وەك شتێكی لێ نووسرابێ وابوو، بەڵام نەیدەزانی بیخوێنێتەوە. بەینێك ڕۆیشت، برسیی بوو، گوتی خۆزگە ئەو كەشكۆڵە ئێستە نان و پێخۆرێكی تێدا بوایە. بە دەم ڕێوە یاریی بە كەشكۆڵەكە دەكرد و سەری لابرد بزانێ چۆنە، كە تەماشای كرد نان و پەنیرێكی باشی تێدایە. تاوێك سەرسام ماو گوتی: تۆ بڵێی ئەمە وەك هەمانەبۆر نەبێ یا كەشكۆڵێكی جادوویی بێ هەرچی پیاو ئارەزوو بكا تێیدا بێ؟ نان و پەنیرەكەی خوارد و گوتی: خۆزگە پڕبوایە لە ئاوی سارد. كە دەرخۆنەكەی لابرد پڕبوو لە ئاوی سارد. تێریشی ئاو خواردەوە. ئەمجار وتی خۆزگە سێ چوار پیاڵە چاشی تێدا بوایە. دیسان كە دەرخۆنەكەی لابرد چاشی تێدابوو.

وەیسە لە خۆشییان هەر ئەوەندە بوو باڵی نەدەگرتەوە. وتی: ئیتر دەحەسێمەوە. ئیتر ناسكۆڵ و دایكم و خەسووم برسیایەتی ناكێشن. ئیتر گرانی و هەرزانی نازانم. ئیتر لە نانی گاڵ و پووە[1] خواردن ڕزگارمان دەبێ. بەرەوماڵ كەوتەڕێ. تا زووتر خێزانەكەی تێركاو تامەزرۆییان بشكێنێ. لە خۆشییان و پەلەپەلییان ئاگای لە دەوەن و پنچك و بەرد و دار و دڕك و داڵ نەبوو هەروا سەر دەپەڕی. هێندێ جار گۆرانیی دەگوت. هێندێ جاریش لە كەشكۆڵەكە وردئەبۆوە و قاقا پێدەكەنێ. هەر دوو هەنگاوی دەكردە هەنگاوێك و خێرا دەهات تا لە دێ نێزیك بۆوە.

قەڵای فەرەیدوون بەگ لە ژوور ئاواییەوە بە جێگایەكی بەرزەوە بوو. پەنجەرەكانی دیوەخانەكەی دیانڕوانییە هەموو ئاوایی و ماڵبەماڵی لێوە دیاربوو. فەرەیدوون بەگ هەمیشە لە سەرووی دیوەخانەكە لە بەر پەنجەرەیەك دادەنیشت و سەرنجی خەڵكی ئاوایی و كار و كردەوەیانی دەدا.

وەیسە گەیشتە قەراخ ئاوایی و فەرەیدوون بەگ چاوی پێكەوت. لە خێرا ڕۆیشتنی وەیسە و بە زوو هاتنەوەی هەستی بێدار بوو. هەنگاو بە هەنگاو بەر سەرنجی دا. بە نێزێكتر بۆوە تەماشی كرد لە خۆشییان دەموچاوی پێدەكەنێ و شتێكیشی توند گرتۆتە بن باخەڵی. فەرەیدوون بەگ گوتی: ببێ و نەبێ ئەم خۆشییەی وەیسە سەبارەت بەو شتەیە لە بن باخەڵیدایە. كە لە دیوەخان نێزیك بۆوە، فەرەیدوون بەگ بانگی كرد: ئا وەیسە وەرە ئێرە. وەیسە لە ترسان نەیوێرا وەڵامی نەداتەوە. ناچار چووە دیوەخانە. فەرەیدوون بەگ

وتـی: ئـەوە چـییە بـە بـن باخەڵتـەوە؟ وەیـسە گـوتی: هـیچ نییـە، کەشکۆڵێکی دەروێشییە. فەرەیدوون بەگ کەشکۆڵی لێ وەرگرت و تەماشای کرد نەخش و نیگارێکی سەیری لێکرابوو. کە سەرنجی ئەولاکەیدا بە خەتێکی جوان لێی نووسرابوو "کشتوکاڵ". تێگەیشت کە چەندە هێژاو بە نرخە. گوتی: ئەمە بۆ من چاکە. تۆ کابرایەکی وەرزێر و بۆرە پیاوێکی بێسەروپێی، شایانی تۆ نییە. ئەوەندەی وەیسە پاڕاوە و لالاوە سوودی نەبوو، بە پاڵەپەستۆ کردیانە دەرەوە. فەرەیدوون بەگ ئیتر خەو و خواردنی لێهەڵگیرا، هەمیشە خەریکی کەشکۆڵی تاین بوو، ئەوەندەی خەلە و چەڵتووك و تووتن و پەمۆ و نیسك و نۆك و دانەوێڵەی تر لێ پەیداکردبوو ماڵەکەی وەك هەڕاجە بازاڕ هەمیشە پڕ بوو لە بازرگان و چەرچی. دارایی و سامانێکی زۆر و زەوەندی پێکەوە ناو قەڵاکەی لەبەر کارەکەر و خزمەتکاری زۆر و زرەزرِی ڕادیۆ و بریسکە بریسکی کارەبا و وڕەوڕی ترۆمبێل و چزوهووڕی چێشتخانە و زرینگەزرینگی بوتڵ و پێك هەر دەتگوت کابارەی شارە گەورەکانە.

وەیسەی چارەڕەش لە تاوی کەشکۆڵەکەی ئاگای لە بنێشت کردن بڕا و بندارە و بندار بە دوای لالۆی پیرەدا ئەگەڕا.

سەرکانییەکەی کردبووە وارگەی بەیانی و ئێوارێ، بەڵاك بۆ نەگبەتی بە هیچ جۆرێك ئاسەوارێکی لە لالۆی پیرە بەدی نەکرد. ماوەیەکی زۆری بەم چاوەڕوانییەوە ڕابوارد، هیچ سوودی نەبوو. ئەمجار بیرێکی لە حاڵی خۆی کردەوە و گوتی: من تازە خەریکی چین، پاش ئەوەی نەمفامی و کەشکۆڵەکەم لە کیس خۆم دا، لە بنێشت کردنەکە بۆ وازبێنم. ئەدی دوو ڕۆژی تر خێزانەکەم بەچی بەخێو کەم، پارەی مەختەکەی بەگ چۆن بدەم؟

وەیسە کە لەسەر کانییەکە ئەم بیرانەی دەکردەوە، تۆزێك هۆشی هاتەوە بەرو دەموچاوی شۆرد و نەختێ ئاوی خواردەوە و بە داخێکەوە سەرنجێکی جێگای لالۆی پیرەی دا چۆڵ و هۆڵ بوو. هەستاو بە هەناسەساردی گەڕایەوە سەر ئێش و کارەکەی، بنێشتی کۆکردەوە و کردیە مەشقاڵە و بردییە شار فرۆشتی. کە پارەکەی وەرگرت و لێکی دایەوە، هەر ئەوەندە بوو لە جیاتی مەحتە بیدا بە فەرەیدوون بەگ، لە تاوان ئەژنۆی شکاو گوتی: ئەو زستانە خێزانەکەم لە برسان دەمرن. پارەکەی نا باخەڵ و بە شپرزەیی لە شار دەرکەوت. لە قەراخ شار خانویەکی گەورەی تازە دروست دەکرا. وەیسە لە دیاری وێستا و سەیری کرێکار و وەستا و ئیشەکەیانی دەکرد و لە دڵی خۆیدا دەیگوت ئەگەر بمگرن بە کرێکار ماوەیەك ئیش دەکەم و شتێك بۆ خێزانەکەم کۆدەکەمەوە. وەیسە لەم بیرەدا بوو کە کابرای وەستا چاوی پێکەوت و بەناو بانگی کرد: وەیسە وەرە بۆ ئێرە. وەیسە سەری سووڕما و چووە پێشەوە. وەستا گوتی: وەیسە، ئەوە نامناسییەوە؟ وەیسە گوتی: نە بەخوا، جا من تۆم لە کوێ دیوە تا بتناسمەوە؟ وەستا گوتی: من ئەو کابرایەم کەشکۆڵەکەم دایەی. وەیسە ڕایکردە پێشەوە و دەستی کردە ملی و گوتی: تۆ ئەو وەختە لە نزار بووی و ئێستا لە شاری و بەننایەتی دەکەی. ئەمە لە کوێ بە بیری مندا دەهات؟ وەستا گوتی: ئاخر وەیسە، بەرخ هەمیشە لەژێر سەوەتەدا نابێ، ئینسان بەرەوپێش دەچێ. ئێستا حاڵت چۆنە؟

وەیسە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕاوە و زۆری داد و بێداد کرد لەدەست فەرەیدوون بەگ. وەستا کە جوان ببۆوە و وەك کوڕێکی قیت و قۆز دەهات و دەچوو، گوتی: وەیسە، خەمت نەبێ. کەشکۆڵەکەی کەشم بۆ هەڵگرتووی. لێرە بوەستە تا دێمەوە.

لالۆی ئینسان تاوێکی پێچوو هاتەوە کەشکۆڵەکەی دا دەست وەیسە. وەیسە وەریگرت و زۆری ماڵاویی لێ کرد و بە دڵخۆشییەوە کەوتەڕێ. ماوەیەك ڕۆیشت، لە ڕێگا ویستی تاقیکاتەوە. هەرچەند نیازی لێ گرت و تەقەلای دا دەرخۆنەکەی بۆ نەکرایەوە. ئیتر خۆی پێوە خەریك نەکرد و لە خۆشییان کارەساتی پێشووی لەبیرچۆوە، بە پەلە ڕۆیشتەوە بۆ ماڵەوە.

گەیشتەوە ئاوایی. سەرلەنوێ فەرەیدوون بەگ چاوی پێکەوت و بانگی کرد. کە چووە دیوەخان گورج ئەم کەشکۆڵەشی لێساند. هێشتا وەیسە لەوێ وێستابوو کە فەرەیدوون بەگ وەك تەلیسمێکی بە ناوی ئەوەوە بێت دەستی دا دەرخۆنەی کەشکۆڵەکە و بۆی لابرا. بەڵام دەسبەجێ دوو مستی قورس و قایم لە کەشکۆڵ هاتنەدەرێ و ڕاست و چەپیان لە سەری فەرەیدوون بەگ گرت و لە لاجانگیان دەسرەواند. هەروا پشوویەکی پێنەچوو هێندەیان بەسەریا کێشا نزیك بوو مێشکی بە کونەلووتیدا بێتە خوارەوە. فەرەیدوون بەگ خۆی پێڕانەگیرا و لە تاوانا هاواری کردە وەیسە: کوڕە وەیسە فریام کەوە، وەیسە تۆ کوڕ و برامی، من کردم تۆ نەیکەی. جارێکە و ئەمجار، ئەمان وەیسە! دەخیل وەیسە!

وەیسە ئاهێکی هاتەوەبەر. بە کەشکۆڵی تاین پشتئەسوور بوو، گوتی: ئاغام بفەرموو کەشکۆڵەکەی ترم بۆ بێننەوە جا ڕزگارت ئەکەم.

فەرەیدوون بەگ بانگی کرد: کێ لەوێیە؟ ئا ڕاکەن کەشکۆڵەکەی بۆ بێننەوە، خێراکەن، گیانم دەرچوو، کەللەی سەرم ورد و خاش بوو. کوڕە وەیسە، من ماڵی دنیام بۆچییە؟ گیانیشم هی تۆیە! خزمەتکارێك هاتە ژوورێ و کەشکۆڵەکەی پێشووی هێنا و دایەوە دەست وەیسە. کە وەیسە کەشکۆڵەکەی وەرگرت، مستەکان لە جێگای خۆیان وێستان و لە تێسرەواندنی سەر و گوێلاکی فەرەیدوون بەگ بوونەوە. فەرەیدوون بەگ بستێ زمانی دەرکێشابوو، چاوی بە مۆڵەق وێستابوو، زرینگە زرینگ لە سەریەوە ئەهات. سەرنجێکی کەشکۆڵەکەی دا بزانێ چ جادوویەکی تێدایە وا ئەم کارەساتەی پێکرد، کە تۆزێ لێی خێس بۆوە، لێینووسرابوو: "زەوی بۆ وەرزێر و، مەرگ بۆ دەرەبەگ". ئیتر لە تاوانا وەك مار

پێوەی دا کەشکۆڵی بۆ وەیسە فڕێدا و ڕایکرد، ئەو ڕۆینەی ڕۆیشت نەگەڕایەوە. ئیتر جارێکی دیکە کشتوکاڵ لە وەرزێر و بۆرەپیاو داگیر نەکرا و هەرکەس ڕەنجی شانی خۆی هیی خۆی بوو. ئەگەر کەسێك بیویستایە زۆرداری بکا و دەسڕەنجی خەڵك داگیر کا مستەکان لای چەناگەی ئەوێستان و دەستیان دەکردەوە بە تێسرەواندنی.

وەیسەش بە تێروتەسەلی ڕایبواردو لە نانی گاڵ و پووە ڕزگاری بوو.

١-بەڕوو دەهاڕن و لەگەڵ ئاردی جۆ تێکەڵی دەکەن و دەیکەنە نان و پێی دەڵێن (نانی پووە). خەڵکی هەورامان لەبەر نەداری و پەرێشانی پتریان ئەوە دەخۆن.

شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ

ساڵێك لە ساڵان دێوی قات و قڕی و گرانی باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەی (ژاوەرۆ)دا کێشا، ڕەهێڵەی پەرێشانی و پەشێوی و شپرزەیی دایکرد. وەرزێر لە کشتوکاڵی بەهاری و لە ڕپستە و ئاوەنیای پایزە، مافنگی و ڕەنجەڕۆ مایەوە، هەژار و نەدار و کز و کەنەفت کەوت و ژیانی تاڵ و ئاڵۆز بوو. سەرەڕای ئەمانەش ئەوەندەیان بردبووە گەل و هەرەوەز وەك قسەقوتان ئەڵێن "لە چوارپەلا گوێچکەی ساغ بوو". زگی برسی و پشتی بریندار و شان و شەپیلکی تێکشکابوو. کۆڵکێشانی زۆر و زەوەند هێز و توانای پێ نەهێشتبوو. برسیایەتی و بێبژێوی ڕست و دەرەتانی لێ بڕیبوو.

وەرزێر ئەوەندەی سەرنجی دا و بیری کردەوە و سەری هێنا و برد، نەیتوانی ڕێگای ڕزگاری و چاری چارەڕەشی خۆی بەدی بکا. لە لایەکەوە بێگار مەودای نەئەدا بەرژەوەندێك لە حاڵی خۆی بکات و، لە لایەکی تریشەوە ناشارەزایی و نەزانی ڕۆژی ڕووناکی لێکردبووە شەوەزەنگ.

بێبارانی و وشکەساڵ و خەلە گران بوو. بێکاری بوو. ئیش لەحاند ڕەنجبەر و ئیشکەران چووبووە پشتی شێران. ئەوەی لەو ناوەدا فرە و فراوان و کەم نرخ و هەرزان بوو، تەنیا تەرم و جەندەکی نەژاران و فڕین و پەڕەوازە و ئاوەکی بوونی گیانی وەرزێران بوو. ئاژاوە و پەشێوی بوو لەناو لەشاندا. گیانی سەربەهەش توانای مانەوەی ناو خەندەکایان نەمابوو، ناچار هەڵوەدا ئەبوون و ڕایان ئەکرد بە ئاسمانا.

هەباسی وەرزێر پێش گیان لێتۆران چشی کرد لە خاو و خێزان و سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیشت. بە دارەدارە و لارەلارەوە ڕێگای گرتەبەر، بەڵکو لە جێگایەك چارەسەری خۆی بکا. بە چنگەکڕکە و پەلەکوتە و لنگەلەرزە بە چەند کەوڕ و کێو و چیاو و هەورازا هەڵگەڕا و لە چەند شیو و دۆڵ و نشێوەوە داگەڕا و، لە چەند چەم و ڕووبار پەڕییەوە تا ئاخری بەهەر مەینەتێك بوو خۆی گەیاندە شارێك لە شارە نزیکەکانی گەرمێن.

کە لە شار نزیکبۆوە شنەی هیوایەك دای لە دڵی زاماری. بە خەیاڵی خۆی لای وابوو ئیتر ئاوەدانییە و جێگای ئینسانەتی و پیاوەتی و شارستانییەتە. زگی تێر و لەشی تیمار ئەکات و کە تۆزێ بووژایەوە دەس ئەداتە کاروبارێك، خۆشی ئەژیێنێ و، پارەش بۆ خاوخێزانی ئەنێرێ و لە چنگ برسییایەتی و مردن دەریانئەهێنێ. جا بە شێنەیی ئەوانیش دێنێ و لێی دائەنیشێ. هەریەکە خەریکی ئیشوکارێك ئەبن و لە شارستانی پڕخێر و بێر و لە وڵاتی تێر و تەسەلدا ئاسوودە و دڵنیا ئەحەسێنەوە و جارێکی تر بە بیریش ناگەڕێتەوە.

وەرزێری ساویلکە و دڵپاك هەروا زوو ژینی خۆی و خێزانی لەو شارەدا سووك و ئاسان بە خەیاڵ پێکهێنا و بزەی هومێد و هیوا ئەیگرت و لەبەرخۆیەوە ئەیگوت: نەمئەزانی کوردستان ئاوایە، جێگای بەپیت و بەرەکەتی وەك ئێرەی تێدایە. نامەخوا ئەم خەڵك و مەردمە چەن تێر و پڕن، چەن پۆشتە و پەرداخ و بەهێز و گوڕن، چەن کۆك و بۆشناخن، چەن ڕەنگ و ڕوو سوور و خەریك و دەسبەکارن. ئەگەر کوردستان وا ئاوەدانە. ئەی بۆ لای ئێمە ئەوەندە کوڕ و کرێن و خاپوور و ویرانە؟ ئەبوو کە قات و قڕی و نەهاتی ڕوویکردە لایەك، لایەکی تر درێغیی لێ نەکات و یارمەتی بدات! دیسان هەر باشە دێین لێرە ئەبین تا لە سیاساڵ و نەهاتی ڕزگار ئەبین. خوا دەروویەکی باشی لێ کردمەوە. بە هۆی مەینەت و دەردەوە گەیاندمیە ئێرە. پیرۆ و پێشینان گوتوویانە: خوا کە بە لێزانی دەرگایەك داخات، بە میهرەبانی کەلێنێکی تر ئەکاتەوە. ئیتر شان و قۆڵم لە بێگار ئاسوودە ئەبێت و، مردووی گۆڕ و گۆڕستانیشم لە خوسەند و جمێن و جنێو ئەحەسێنەوە.

وەرزێر گەشایەوە و زۆری پێ خۆش بوو کە ڕزگاری بووە و، جەندرمە و خان و بەگ و بێگاری لە کۆڵ کەوتووە. بە دڵێکی پڕ لە ئاوات و هیواوە ڕوویکردە ناو شار و هێندێ گەڕا بە جادە و بازاڕا. شەرمی کرد داوای هیچ لە هیچ کەس بکات و لە ڕووی نەهات لە کووچە و کۆڵانان هەوڵی دوو سێ نان بدات.

بە زگی برسی و لەشی ماندوو و شەکەتەوە ڕۆیشت و ڕوویکردە مزگەوت، بەڵکو لەوێ دڵ نەمرێ، دینداری، خاوەن ئیمانی، بە چەن فلسێ یا بە یەك دوو نانێ دەسگرۆیی بکات، تا شەو بحەسێتەوە و بەیانی خۆی گورج کا بۆ ئیشوکارێك. تەنیا ڕۆژێکی دژوارە، کە یەك دوو ژەم تێر بوو ئیتر وردە وردە ئیش ئەکات و پارەی دەس ئەکەوێت و ئەبووژێتەوە و دێتەوە دۆخی جاران (چ بکا؟ بڵێ چی؟ کار بۆ ڕەنجبەران حەسانەوەیە. پیشەی کرێکار ڕەنج و چەوسانەوەیە. کار کاڵایەکە بە بەژن و باڵای کرێکار و وەرزێران بڕاوە. ئەو ڕۆژەی بێکار نەبن خۆشی و جەژنیانە).

چوو لە هەیوانی مزگەت دانیشت و بە چاوەنواڕیی ڕێکەوت کزکەی کرد. زۆری نەخایاند کابرایەکی چڵکنەی چاو مڕمۆر لە دەرگای مزگەوتەکە هاتە دەرەوە، لەم نەگبەت و چارەڕەشە هاتە بەرەوە. چڵکن بە تێخوڕینەوە گوتی: کابرا خەڵکی کوێی؟

وەرزێر بە خاو و خلیچیك و بێهێزییەوە وەڵامی دایەوە: ژا.. وە.. ڕۆ.

چڵکن گوتی: خێراکە هەسە بڕۆ.

وەرزێر گوتی: هیچ ئەرکێکم لەسەر تۆ نییە، بۆچی دەرم ئەکەی؟ ئێرە مزگەوتە، خانەی خوایە، جێگەی ئاوارە و هەژار و داماوانە. لە خوا ناترسی وا تێم ئەخوڕی و ئەگوڕێنیٚ بەسەرما و لەم خانەی خوایە وا بە سووکییەوە دەرم ئەنێی؟ تۆش هەروەکو من مافت پێوەیەتی، ئیتر بۆچی وازم لیٚ نایەنی تۆزیٚ بحەسێمەوە؟

چڵکن گوتی: با مجێوریش بم، پێم ناخۆش نییە و لێم لە چاو نایە کابرایەکی چارەڕەشی وەکو تۆ لێرە بێت. بەڵام لەبەر خوا ئەمەت پیٚ ئەڵێم، کەچی دیارە ناشارەزای و نازانی. قوڕبەسەر، بتبینن ئەڵێن بێگانەی و ئەتگرن. جا ئیتر ئارەزووی خۆتە.

وەرزێر گوتی: بۆچی من و تۆ هەردووکمان کورد نین؟ هەردووکان وەك یەك هاوڕەگەز و خوێن نین؟ ئێرەش هەر کوردستان نییە؟ من و ئەم خەڵکەی لە ئەم شارەدان گشتمان کورد نین و لە کوردستان نین؟ ئیتر بۆچی ئەمگرن؟ ئەم من و تۆیی و دووبەرەکییە چییە و، ئەم جیاوازی و قینەبەرییە شوورەیی نییە؟ خۆ من نەهاتووم بەشی کەس بخۆم و ببمە بار بەسەر کەسەوە. ئەمەویٚ لێرە بحاوێمەوە و بە ڕەنجی شان و کرێی دەستی خۆم بژیم. ئیتر سووچ و تاوانم چییە، لەسەرچی ئەمگرن؟

چڵکن گوتی: تێئەگەم و ئەمانەم وەك ڕۆژ بەلاوە ڕۆشن و ڕوونە. بەلا م کیٚ ئەم چەند و چوونەت لیٚ ئەبیستیٚ؟ بێسوودە، ڕاکە، ئەتگرن و ماوەیەك ئەتخەنە زیندان و لە پاشان بەرێت ئەکەنەوە بۆ وڵاتی خۆتان.وەرزێر کە ئەمەی بیست جەرگ و هەناوی داکەوت و حەوش و حەساری مزگەوتی لیٚ بوو بە کونە مشك. جنێو و لێدان و برسییەتی و بێگاری بیرکەوتەوە و زامی جێگە کوڵ و داری زۆرداری کولایەوە. ئاخێکی هەڵکێشا و چاوێکی بە ئاسمانا خشاند، چ ڕوانین و چاوپیاخشاندنێك! بە قەدرایی سەد کتێب پڕ بوو لە گلەیی و بناشت. بە دوو سیٚ تەکان هەستاو لەشی لە قاچی بارکرد. لاقی لەرزی و ئەتگوت ئەڵیٚ: ئیتر بەسە، هێزم تێدا نەماوە، سواوم، داروبەردو ئاسن و پۆڵا نیم، گۆشت و ئێسقانم، پەکم کەوتووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیتر بە من دەرناچیٚ!

وەرزێر گوێی نەدایە، بە کۆمەگی گاڵۆکەکەی وەك پەت کێشی کرد و بەدارەدارە خۆی پیٚ گەیاندە قەراخ شار. ئیتر لەویٚ مەینەت کۆتایی هات. لاق لەرزی. لەش کەوتە زەوی. گیانی شەکەت و وەڕزیش بۆ ئاسمان ڕی.

***

مجێور کە قسەی پتەو و بیچمی مەینەتباری کابرای وەرزێری کاریان کردبووە دڵی و ئازاریان ئەدا، هەستی هاومەینەتیی بێداربوو و گوتی: ئێمەی هەژار بەزەییمان بە یەکترا نەیەتەوە، کیٚ بەزەیی پێماندا دێتەوە؟ هەستا دوای کەوت کە بیهێنێتەوە بەڵکو خێرۆمەندان لە مزگەوت خێری پیٚ بکەن تا تۆزیٚ ئەبووژێتەوە، جا ئەوسا ملی کاریٚ بگریٚ یان بڕواتەوە. بازاڕ و جادە و کۆڵانی بەدوادا گەڕا و کەلێن و قوژبنی شاری پشکنی. تووشی نەهات. تا ئاخری لە قەراخ شار دۆزییەوە، بەڵام چی؟ لاشەیەکی بێگیان و زامار! زانیی تاوانێکی گەورەی کردووە و سووچی ئەوە ئەم چارەڕەشە مردووە. تەریق بووەوە و پاڕایەوە لە تەرمی زامار و، دوعا و فاتیحای خوێند بۆ گیانی پەڕەوازەی هەژار، بەڵکو لێی ببووریٚ و لەو تاوانەی کردوویەتی ببەخشیٚ. لەبەرخۆیەوە ئەیگوت: من بە گیانی ناخێرم دڵسۆزیم کرد، بەو قسانە ویستم خێرخوایی بکەم، خۆ بۆیەکم نەبوو بەم ڕۆژە بگات.

بە شەرمەزاری دای بە کۆڵی خۆیدا و پەیتا پەیتا لەژێر لچەوە ئەیگوت: بریا، سەد بریا من بوومایە لە جیاتی تۆ! هەڵیگرت و هێنای لە حەوزی مزگەوت ڕایکێشا و بۆ کفن کەوتە ناو بازاڕ. ڕۆیشت تا گەیشتە دووکانی مام حاجی بازرگان و گوتی: کابرایەکی هەژار و ئاوارە و بێکەس و کار لە برسا مردووە و هاتووم بۆ کفن. تۆ کفنی بۆ بکە و شۆردن و گۆڕیشی لەسەر من. حاجی پیشی خواردەوە و مڕێکی لە جگەرەکەی دا. وەك مار پێوەی دا، پڕ بە پێست ئاوسا. لە پاشان کۆکەیەکی کرد و هاتە قسە و گوتی: بەم بێبازاڕییە خێر و بەرەکەتت هێناوە! بە من چی ڕەشوڕووتێك مردووە؟ دیسان هێندێکی کە پیشی خواردەوە و گوتی: باشە، پەلە مەکە، با بازاڕمان ببیٚ ئەوسا وەرەوە کفنی بۆ ئەکەم. مجێور بە وورەیی و بەسەر ڕاوەشاندن گەڕایەوە., لەژێر لێوەوە بە دەم ڕێگەوە بە جنێوەوە ئەیگوت بەڵیٚ، مام حاجی! تەرمەکە خویٚ بکەم بۆگەن نەکات تا بازاڕت ئەبێت، ئەوسا بێمەوە خزمەتت! تف لە خۆت و پارەشت. بۆچی مردووش کاڵا و کووتاڵە پەساو ئیحتیکار بکریٚ!..
بردی بە جل و بەرگەکەی بەریەوە ناشتی و گوتی: شەهیدی زوڵمە. کفن و شۆردنی ناویٚ.

نووشتەکەی ئامینەخان

(قاجر) و (کانی پانکە) دوو دێن لە ناوچەی بۆکان. هاوکەوشەنن، سنوور و سەراوەردیان پێکەوەیە و جووتیان لە یەك ئەگەڕێتەوە.

شێخ ئەحمەدی کانی پانکە (خوای لیٚ خۆش بیٚ) بە سەرێنیی خۆی ماڵی لە کانی پانکە بوو. خەریکی خۆشکردنەوەی شێت و هار بوو. بۆ هەموو ئێش و ئۆف و دەرد و ئازاریٚ نووشتەی ئەکرد. بە

هات و هاواری هەموو کەسەوە بوو. هەرگیز ماندوویی و شەکەتیی نەئەزانی چییە. نازانم و ناتوانم و پێم ناکرێی بە دەما نەئەهات. خوای لێ ڕازی بێت، بۆ کاروباری خەڵك زۆر جەڵد و خێرا و چوست و چالاك بوو. لە دوعا و نزا. لە نووشە و جادوو، لە تێڕوانین و فاڵگرتنەوە، لە پڕوپیتە و داودەرمان درێغیی لەموسوڵمانان نەئەکرد.

دیارە موسوسڵمانانیش بیریان لەمە کردبووەوە کە ئەم پیاوە شەو و ڕۆژ خەریکی نوێژ و تاعەتی خوا و ئیش و فرمانی ئەوانە، کاروکاسبی پێ ناکرێ. وەك ئەو لە ڕێی خوادا بە هەموو هاوار و بانگێکی ئەوانەوە هەیە و ئەگاتە فریایان، ئەمانیش ئەبێ شەرم بیانگرێت و بە دەستی بەتاڵ نەچنە خزمەتی. دوعا و نزای بێ خزمەت، نوشتەی بێ سەرقەڵەمانە، دەرمان و تیماری بێ ئولیفەت کار ناکات. ئەمانیش خێرێکیان دەسگیر نابێت و ئەویش نفووسی ئەشکێ! ڕۆژ و شەو وەك قەتاری ڕەش و سپی بە دوای یەکا تێئەپەڕین. ئەم دەمی بە سلاو سەندنەوە و چاك و خۆشی و دوعاخوێندنەوە خەریك و، دەستیشی لە نووشتە نووسین و گژوگیا کوتانا بوو. خەڵکیش دەم بە سلاوو پاڕانەوە و دەست بە دیاری و پشت بە کۆڵەوە لە هاتوچۆدا بوون.

هەردوولا پێکهاتبوون و سەرودڵ خۆش بوون. ئەم بژیوییێکی باشی دەست ئەکەوت و گوزەرانێکی چاکی ئەکرد و دارایی و سامانێکی جوانی پێکەوە نابوو، لەسەر هیچ پەکی نەئەکەوت. ئەوانیش کاروباریان هەڵئەسووڕا و عەمر وماڵیان بەزیاد ئەبوو، دەرد و بەڵایان لە کۆڵ ئەکەوت.

بەڵێ وابوو! هەست و ئاگا پادشای لە شەو فەرمانی لە ناوچەی پاشایەتی خۆیدا ڕەوایە و لەسەر سەر و چاوانە! ئەوان لایان وابوو وایە. جا تۆ هەر بڵێ: وا بوو.. وا چوو.. بەچی ئەچێت؟! هەروەکو خۆی ئەیفەرموو: "دنیا فانییە و بۆ کەس تا سەر نامێنێت. ئەوەی بمێنێتەوە، هەر چاکەیە!"

پاش ئەو هەموو چاکە و خزمەتەی بە خەڵکی کرد لە دنیا دەرچوو، بەرەو قیامەت کۆچی کرد. بەڵام ئەم وەك هێندێ پیاوچاکانی تر نەبوو. جگە لە چاکەکانی تەنیا سامانێکی باشی بۆ مناڵەکانی جێهێشت و ئیتر بۆی نەکرا دێ و خانووبەرە و شتی وا بکڕێت.

مناڵەکانی لە کاتی خۆشی و تێر و تەسەلیدا چاویان پشکووتبوو، خۆشخۆر و خۆشدڕ و نازپەروەردە بوون. ئاگایان لە سەرەتای ژیانی باوکیان نەبوو، نەیانئەزانی ئەم ماڵ و دەوڵەتە لە کوێ پەیدابووە و، ئەم بەند و جۆگەیە بناوانی لە کوێ هەڵگیراوە" ژیانی خۆش، دارایی زۆر، هاتوچووی خەڵکیش نەئەپسایەوە. ئیتر چی؟ باشە، ئەمان خافڵبوون و بەرجەوەندی دنیایان نەکردبوو، ئەی باوکیان بۆ فێری پیشەکەی خۆی نەکردن و بەزەیی بە موسوڵمانان نەهاتبووەوە؟



منیش وەك تۆ لە تاریکاییدام. تۆ بڵێی وەکو لە ناویانا باوە لە ترسی ئەومە بووبێت کە ئەوان هەوەڵی دەمیان بوو، هەرزەکار بوون، ئەترسا پێیان ڕاگیر نەکرێت و تیا بشێوێن، یان نەیئەویست ڕازی نهێنی پیشە و هونەری خۆی بڵێت کە ڕازی نهێنی هونەر و پیشە تەنانەت ئێستاش خۆشەویستە، یان بە دارایی و ساماناکەی لێیان دڵنیا بووە؟ بەڵام قسەی خۆمان بێت و لەناومان دەرنەچێ، چییان

پێ بڵێ و چییان فێر کات؟ خۆی چی فێر بووبوو تا لەوانی بشارێتەوە! کار و دەسەڵات بە خوایە، ئەو بڵێ چی و چ بکات؟ بەشی ئەمانی تیا نەبوو!

مناڵەکانی ڕەنجیان تیا نەدابوو، پشتیان پێیەوە نەیەشابوو. دوای باوکیان شەش و بێش لێیان داو تەخشان و پەخشانیان کرد. خوا نەیبڕێ، ئەوەندە زۆر بوو بەم جۆرەش بەشی چەند ساڵێکی کرد. کوڕەکان کە هەریەکەی لە ژنێك بوون، بەرودوا جیابوونەوە و، هەریەکەیان ماڵ و حاڵێکی بۆ خۆی پێکەوە ناو وەك جووجکی کەچەڵە پەڕەوازە بوون، لەبەر دەستەنگی و نەمانی دارایی و سامانی میراتی ڕوویانکردە ماڵە خاڵوانی خۆیان و مریدنی باوکیان و، ئامینەخان و برا بچکۆلەکەی و دایکەکەیان جێهێشت. ئەوەی لەو ناوەدا دەسەوسان و داماو بوو، هەر ئامینەخانی چارەڕەش بوو.

دیسان تا دایکی مابوو هەر باشترێك بوو، چونکە دایکی هەرچەند پیر و پەڕپووت و کەنەفت و پەك کەوتە بوو، جێگەی بیروباوەڕی خەڵك بوو، بە پیرۆزیان ئەزانی و بە چاوێکی موفەڕك تەماشایان دەکرد. بە تایبەتی لەناو ژناندا دەم و نفووسی بە پیت و بەرەکەت بوو. بەڵام "نەهاتی چاکە، قۆرتی خراپە". دوای جیابوونەوە و تەفروتوونا بوونی براکانی، زۆری نەخایاند دایکیشی ئەمەگی بەجێهێنا و دوای باوکی کەوت بۆ شاری خامۆشان. ئامینەخان خۆی مایەوە و برا چکۆلەکەی.

ئیتر ئامینەخان بوو بە گەورەی ماڵ و جێنشینی باوکی و جێداری دایکی و بناوانی برا چکۆلەکەی. ئەبوو ئیشوکاری ماڵ بکات و بۆ چاك و خۆشی و دوعا و نزا و داو و دەرمان بە دەم خەڵکیشەوە بێت. کاری بەوە چاك بوو لە وەختی خۆیدا تاقە کچەی بوکی بوو، (کچیش خۆش شیرین کەرە)، باوکی خۆشی ئەویست و بەردەستیی خۆی پێ ئەکرد. سەبارەت بەمە هێندێ ڕێ و شوێنی ئیش شارەزا بوو، بڕێ دەرمان و گیاوگژیشی کە لە وەختیخۆیا بۆ باوکی جێبەجێ ئەکرد ئەناسی و فێری بەکارهێنانیان بووبوو. لە دێی خۆیان و ئاواییەکانی دەوروپشتیانەوە کوڕ و کچ بۆ دوعای چەور و شیرینی و پێکبڕان، ژن و پیاو بۆ مناڵبوون و دەمبەست و داوودەرمان ڕوویان تێئەکرد و سەریان قاڵ کردبوو.

ئامینەخان، وەك جوان نەبوو، ئەوەندەش دزێو و ناشیرین نەبوو کەس نەیخوازێ. لە تافی جوانی و نوخشەی پێگەیشتندا کەڵەگەت و پان و پۆڕ و، بەژن و بالایەکی ڕێکوپێك و لەخت و لار و داروبارێکی باشی بوو، بەڵام دیارە بۆرە پیاو و کوڕە وەرزێر هاوشانی ئەو نەبوون و داواکارێکی تریشی نەبوو. لەبەرئەمە مابوەوە. بە سەرێنیی دایکی مەیدانی تێکەڵیی کوڕ و کاڵ و مەودای باسوخواسی لەگەڵ گەورە کچ و جوانەژناندا نەبوو. ناچار بە هیوای ڕۆژی بەختەوەری ددانی بە جەرگی خۆیا گرتبوو، کەین و بەینی دڵداریی نەئەزانی و ئاگای لێ نەبوو.

ئێستا، کە ڕاستەوخۆ بەرەو ڕووی هەموو جۆرە سکالاییێکی دڵداری و هەموو چەشنە ڕاز و نیازێکی کچێنی و کوڕێنی بووە و، لەژێر سەرپەرشتیی دایکیشیا نەماوە، هەرچەند هاتوچووی مانگ و ساڵانی زۆر بە سەریا شوێنیان کردووەتە دیمەنی و گۆناکانیان سیس و مەمگەکانیان بڵ کردووە و چەناگەیان داچۆڕاندووە و تاڵی سپییان خستووەتە سەری و ددانیان کەل کردووە، بەڵام وەك ترێی شەراب کە تا خۆی بخواتەوە توندتر ئەبێت، ئەمیش زیاتر دەروونی بڵێسەی سەندبوو و دڵی گڕی گرتبوو. ئیتر ناچار بوو لەگەڵ کوڕ و کالا لە کاتی دەرمان پێدان و نووشتەکردنا چاوبڕکێنە بکا و، دوو جەفەنگ و دوو زەردەخەنەی دڵتەڕانەش ئاڵوگۆڕ کات و، جاروباریش لەگەڵ ئەوانەی زۆر دڵگیر بن لە چاوداگرتنێکیش درێغی نەکات. لەگەڵ کچۆڵەکان و ژنە دڵتەڕەکانیش لە باسی دڵداری و کردنەوەی گرێی دڵی خۆی و هاوێرکردنی جوان و ناشیرینی لاوان و هەرزەکار و کوڕوکاڵی ئاوایی لەزەتێك بەرێ.

ئامینەخان بازاڕی گەرم بوو. هەرکەسە بە خەیاڵێك و هەریەکەی بۆ کارێك ئەچوونە لای و هەمیشە ماڵەکەی جمەی ئەهات.

براکانی لەوە تووڕە بوون کە خەڵکەکە سەریان کردۆتە ئامینەخان و دیاریی بۆ ئەبەن و خێروبێریان هەموو بۆ ئەوە و ئەمانیش کەس ڕوویان تێناکات.

ئەمان با نەخوێندەواریش بن، بە سەر و مێزەرێکی زل و ڕیشێکی پانەوە زرتەی چاویان بێت و، ئافرەتێکیش لە جێگەی باوکیان دانیشێت و بازاڕی وا گەرم بێت.

براکانی لێی کەوتنە تۆپ و تەشەر. ناو و بیتکەیەکی زۆریان دواخست و ەزاران بەیت و باویان بۆ ڕێکخست.

ئامینە خانیش بە نۆرەی خۆی دەستەوستان نەوێستا و ئاکاری دزێو و کردەوەی ناپەسەندی ئەوانی بۆ خەڵك دەرخست و لێی کردنە قاو و ئەیگوت: هەرچی بە منی ئەڵێن خۆیان خراپتر ئەکەن. ئەگەر ئەڵێن نەخوێندەوارم نازانم دوعا و نزا بکەم، ئەوانیش وەك من نەخوێندەوارن و هیچ نازانن. ئەگەر ئەڵێن دیاریم بۆ دێت، ئەوانیش هەر بە نانی خەڵك بەڕێ ئەچن. ئەگەر ئەڵێن من بە دەم پیاوان و کوڕوکاڵی نامەحرەمەوە ئەچم، ئەوانیش تەنانەت بەسەرێنیی باوکیشم بە دەم ئافرەت و کچ و کیژی نامەحرەوە ئەچوون. خۆ من لە سایەی خواوە لە ڕێگای هیچپیشا نیم و لە ڕێی خوادا خزمەتی خەڵك ئەکەم و، ئەڵێم با وەجاخەکەمان کوێر نەبێتەوە. من بەم ئافرەتییەی خۆمەوە حورمەتی جێگاکەم ڕاگرتووە، کەچی ئەوان بۆ ڕابواردن خۆیان بلاوەیان لێکرد و هەریەکەی ڕوویکردە لایەك.

خەڵکەکەش نەیانئەتوانی مورشیدزادەکانیان بەدرۆ بخەنەوە، ناچار بوون بڕوا بە هەردوولایان بکەن و، وردە وردە تێگەیشتن ئەمە بناغەی بۆشە و (کێشە لەسەر لیفەی مەلایە) و ئەم گێرەو کێشە و

هەرا و بەزمە هەر بۆ کڕووساندنەوەی ئەوانە! ئیتر لێیان تەکینەوە و وازیان لە هەردوولایان هێنا.

ئامینەخان کە هاتوچووکەری نەما و دیاری و کۆڵەباری لیێ بڕا، ناچار بوو خۆی بە مالاّن و، لە کاتی نوخشەشا بە خەرمانانەوە بگەڕێ نووشتە بکا و دوعا بخوێنێ و شت دەسخات. بۆ هاتوچووی سەرخەرمانان گوێدرێـژێکی پەیدا کرد، لەمسەرەوە سواری ئەبوو، لەوسەریشەوە خەلەی لیێ ئەنا.

خەرمانـــەکانی کانیپانکـــەی تـــەواوکردبوو، نـــانی ســـاڵی کۆکردبووەوە، ئەمجار بۆ جلوبەرگ و پێداویستی ماڵ ئەیەویست هێندێکی تریش کۆکاتەوە و بیفرۆشیێ. ئیتر تا ساڵێکی کە پۆشتە و پەرداخ و تێر و تەسەل ڕابوێریێ.

گوێرێژی کورتان کرد و لێی سوار بوو بەرەو خەرمانەکانی قاجر. کە لە ئاسۆگەی کانیپانکە سەرکەوت، لە پێشدەشتیدا، کە زۆری نەئەما بۆ سەر چەمی (تەتەهوو) خەرمانێکی گەورەی بەدی کرد. بە دڵێکـی خـۆش و تەمایـەکی زۆرەوە ولاّغەکـەی بـەرە و خـەرمان لێخوڕی. زۆری نەخایاند گەیشتە پێشەوە. تەماشای کرد ڕەشیدی مام هەباس کە باوکی یەکە دەوڵەمەندی قاجرە بە تەنیا لەوێیە و بە کاوەخۆ شەن ئەکات، بەلاّم چەند ماڵۆسکەی گەورەی سوورکردووە.

ئامینەخان سلاّوێکی کرد و هێندێ دوعای لەژێر لێوەوە خوێند و فـووی کـرد بەسـەر خەرمانەکـەدا پیتـو بەرەکـەتی تێکـەوێت و بێچاوێنی بێت.

ڕەشـید کـە کـوڕێکی گـەنج و هـەرزەکار بـوو دەسـتی لـە شـەن هەڵگرت و هات بە دەم ئامینەخانەوە. زۆری بەخێرهاتن کرد و دۆی ساردی لە مەشکۆلەکە بۆ تێکرد تا تیوانیـەتیی بشکێت. لـەژێر سێبەری کەپرەکە دانیشتن و ڕەشید دەستی کرد بە چاڵنان و لە بەریشەوە چاك و خۆشییان ئەکرد و هەواڵی کەسوکاری یەکتریان ئەپرسی.

ئامینـەخان هـەواڵی خـەجێی خوشکی ڕەشیدی پرسی. ڕەشید گوتی: دوێنێ خوازبێنی کەری هاتەسەر و دامان بەشوو. ئامینەخان کە باسی شووکردنی بیست برینی دڵی کولاوە و ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: ئەی ڕەشید گیان، تۆ کەی بەخێر ژن دێنی؟

ڕەشید: چارەنووس بە خوایە. بزانین چۆن ئەبێت.

ئامینـەخان: بـەڵێ چـارەنووس بەخوایـە، بـەلاّم کـوڕێکی وەك تـۆ جوان و لاوچاك چۆن ئـەبێ کەست نەدۆزیبێتـەوە و حـەز لـە کـەس نەکەیت؟ کوڕی وەك تۆ جوان بۆ ژن دائەمێنێ؟ خوا نەیبڕێ، جگە لە جوانیی خۆت، لە هیچیشتان کەم نییە!

ڕەشید: بڵێم چی! کێ جوابی من ئەداتەوە؟

ئامینـەخان (بـە نازێـك و چاوێکی نەرمـەوە): ئـەوە ئـەڵێی چـی؟ حەیف نییە! ئەو چاوە جوانانەی بەتۆوەیە بە خوا خوشکی خۆشت عاشقت ئەبێت!

ڕەشید: چی بێ لـە تـۆ نهێنـی بێ! حـەز لـە کچێك ئەکـەم، بـەلاّم ئەوەندەی ئەکەم و ئەکرێنم جوابم ناداتـەوە. ئەگـەر نووشتەیەکم بـۆ بکەی بۆم ساز بێ، چی ئەڵێی ئەتدەمێ.

ئامینـەخان: ڕەشـید گیـان! سـەرقەڵەمانە ئـەبێ پێـشەکی بـدرێ، ئەگینا نووشتە کارناکات.

ڕەشید: باشـە، چیت ئـەوێ ئەتـدەمێ، بـەلاّم ئەترسـم نووشـتەکە کار نەکات.

ئامینەخان: تۆ جەواڵێ گەنمم بدەیە، نووشتـەیەکت بۆ ئەکـەم بە مەرج. خوانەخواستە گە کاری نەکرد لە منی بناسە.

ڕەشید هەستا جەواڵەکەی لە گوێرێژەکەی ئامینـەخان داگرت و پڕی کرد لـە گـەنم و درووی و داینا و هاتـەوە ژێـر کەپرەکـە، گـوتی: ئەوە گەنم. دەیسا تۆش نووشتەکەم بۆ بنووسە.

ئامینــەخان کوتێـك کاغــەزی چــڵکن و قەڵــەمێکی لــە گیرفـانی دەرهێنا و نەختێ خەتی ڕەش و سپیی لیێ کێشا و نووشتاندییەوە و تۆزێ منجەمنجی کردوو فووی کرد بە نووشتەکەدا و گوتی: بە سەری باوکم نووشتەیەکم بۆ کردووی تا ئێستا نووشتەی وام بۆ کەس نەکردووە.

ڕەشید نووشـتەکەی لـیێ وەرگـرت و گـوتی: جا ئەمـە چیی لـیێ بکەم؟

ئامینـەخان: بیخـەرە کۆشیەوە و ئیتر دەنگ مەکە، خۆی بانگت ئەکات.

ڕەشید: دەترسـم دەستم ببڕی و تووشـی پەندێکیشم بکـەی. بۆ خاتری خوا ئامینەخان چۆن لە خۆمەوە بیخەمە کۆشی ئافرەتەوە؟

ئامینەخان: ڕەشید! وا دیارە تۆ زۆر بێباوەڕی بە چاك و پیران، یان زۆر شەرمنی. ئەم نووشتەیەی بۆ تـۆم کردووە بە سەری باوکم بیخەیە کۆشـی ئافرەتێکی دینداری وەکو منیشەوە کە لە سایەی خواوە لە ڕێگەی هیچشا نیم، ناچارە دەنگ نەکات.

ڕەشـــید کـــە ئەمـــەی بیـــست نـــەیکردە نامـــەردی، ڕێوڕاســـت نووشتەکەی خستە کۆشی ئامینەخانەوە.

ئامینـەخان گـوتی: ئەیـەڕۆ ڕەشـید! ئـەوە چیت کـرد؟ چۆن ئـەو فێڵەت دۆزییەوە؟

ئـیتر ئامینـــەخان خـــۆی بـــە درۆ نەخـــستەوە و، لـــە پاشـــان نووشـتەکەی دایـەوە دەسـت ڕەشـیدو گـوتی: خـۆ بـاوەڕت کـرد کارئەکات. دەسا باشی هەڵگرە بۆ هەموو جارێ با بەکارت بێت.

ڕەشـید نووشـتەکەی نـا گیرفـانی و گەنمەکـەی بـۆ بـارکرد.، ئامینـــەخان بـــە جەواڵـــە گەنمـــەوە بـــەرەو کانیپانکـــە کەوتـــەڕێ و ڕەشیدیش هەی پێی لێکرد بۆ چەمی تەتەهوو..

سەرچاوە: پێکەنینی گەدا، حەسەنی قزڵجی، چاپخانەی علاء، بەغدا، چاپی دووەم، ١٩٨٥.

هەندێ چیرۆکی خەڵکی لادێکان*

ئا ئەمەش ئەقڵێکی زۆری دەوێ؟

پیرەژنێك و پیرەمێردێك بووکێکیان هەبوو. بووکەکەیان زۆر تەمەڵ و تەوەزەل بوو. جارێکیان پیرەمێردەکە گوتی:

–ژنەکە! تۆ دەست دەرە گۆزەکە، بکەوە ڕێ بۆ ئاو. منیش گۆزەکەت لەدەست ڕادەکێشم. بزانین بووکەکەمان شەرم دەیگرێ بچێ بۆ ئاو.

ئاوایان کرد. پیرەژنەکە دەستی دا گۆزەکە. پیرەمێردەکە خەریك بوو گۆزەکەی لەدەست بستێنێ و گوتی:

–پیرەژن! بیدە بە من، من دەچم بۆ ئاو. تۆ پیر بویت.

پیرەژنەکە گوتی: نا، نا! ئەمە کاری ژنانە. خۆم دەچم. بووکەکەیان تەماشای کردن.. تەماشای کردن، پێیان پێکەنیٚ و گوتی:

–ئەیەڕۆ، ئەیەڕۆ! ئینسانی پیر چۆن سەری لە هیچ دەرناچێ! ئا ئەمەش ئەقڵێکی زۆری دەوێ؟ نازانن ئەمڕۆ یەکێکیان بچێ بۆ ئاو، سبەینێش ئەوی تریان.

چاوچنۆك

کابرایەك هەبوو، زۆر چاوچنۆك بوو. جارێکیان بەرخێکی برژاوی بە تەواوەتی خوارد. ورگی هەڵاوسا. تەماشای کرد هێندێکی ماوە. گوتی:

–خودایە! بۆچی دوو چاوت دامێ، بەڵام دوو ورگت نەدامێ؟ ئەوەی مابۆوە ئەویشی خوارد.

وا ڕێکەوت چەند ڕۆژ هیچی دەست نەکەوت بیخوات و بە برسییەتی مایەوە. ئەمجار گوتی:

–ئۆ هۆی خودایە! باش بوو تاقە ورگێکت دامێ، ئەگەر دوان بوایە، لەمێژبوو لە برسان مردبووم.

شوان و شووتی

شوانێك ئەیدی هێندێ کەس نەرمەکەی ناوەوەی شووتی دەخۆن.

گوتی: بۆچی منیش وەك ئەوان نەکەم؟ شووتییەکی کڕی، شکاندی وەکو ئەوان نەرمەکەی ناوەوەی خوارد و دەوروبەرەکەی هێشتەوە.

گوتی: ئێستا خەڵك دەڵێن ئەو شووتییە دەوڵەمەند خواردوویەتی.

شوانە پاش تاوێك بیری کردەوە: بۆچی دەوروبەرەکەشی نەخۆم: خەڵك دەڵێن: دەوڵەمەندەکە نۆکەریشی لەگەڵ بووە، ئەویشی خوارد.

دوای تاوێك گوتی: با توێکڵەکانیشی بخۆم. خەڵك کە دەنکەکانی دەبینن دەڵێن: دەوڵەمەندەکە گوێدرێژیشی پێبووە. توێکڵەکانیشی خوارد.

ئاخرەکەی دەنکەکانیشی خوارد.

گوتی: خەڵك دەزانن دەوڵەمەندەکە مریشکیشی هەبووە.

کێ کار دەکا و کێ دەخوا

باوکێك بە کوڕەکانی خۆی گوت:

–سبەینێ دایکتان کولیچە دەکا. کێ دەیخوا؟ کوڕە گەورەکەی گوتی:

–من دەیخۆم، باوە من دەیخۆم.

–منیش بەرخەکە سەردەبڕم. کێ دەیخوا؟

هەر ئەو کوڕە گوتی:

–من دەیخۆم، باوە من دەیخۆم.

سبەینێ دەچینە دەشت بۆ جووتکردن. کێ جووتەکە دەکا؟

–هەموو شتێك هەر من.. هەموو شتێك هەر من! دەبا ئێستا نۆرەی یەکێکی تر بێ.

هەرگیز قسەی باشی نەدەکرد

پیاوێك لە گوندێك دەژیا، هەرگیز قسەی باشی نەدەکرد. خەڵکی گوندەکە ویستیان ئەو عادەتە خراپەی پێ تەرك کەن. بانگیان کرد و پێیان گوت:

–بڕیارمان داوە لەسەر خەرمان هەر یەکەی ڕبەیەك گەنمت بدەینێ بەڵام ئیتر لە ئێستاوە هیچ کاتێ نابێ قسەی خراپ بکەی.

کابرا گوتی: هەی، هەی! ئەی ئەگەر گەنم شین نەبوو؟

خەڵکەکە لەسەر ئەو قسەخراپە گرتیان، دەستیان کرد بە لێدانی.

ژنێکی بەکار

ژنێك هەبوو، زۆر بەکار و توندوتۆڵ بوو. بە درێژایی ساڵ شانەی کرد، ڕستی، بایدا، دەستی کرد بە چنین. ئاخرەکەی لنگە دەستکێشێکی بۆ مێردەکەی چنی. ڕۆژی جێژن مێردەکەی کردییە دەستی و چوو بۆ هەڵپەڕکێ. ژنەکە بانگی کرد:

–هۆ.. هۆ.. پیاوەکە! دەستی چەپت هەڵبڕە. چەند باش بوو دەسکێشە تازەکەت جووتێك بوایە. ئەگەر نەمرم ساڵێکی تر لنگەکەی کەشت بۆ دەچنم!

دزەکە خۆی خۆی ئاشکرا کرد

پیاوێك لە قۆپییەك پاوەنی هەبوو. یەکێك فێر بووبوو دڕبی لێ دەکرد. خاوەن پاوەنەکە تەماشای کرد ڕۆژبەڕۆژ گیایەکەی کەم دەبێتەوە. تێگەیشت کەسێکە بەڵام نەیدەتوانی دزەکە بدۆزێتەوە. بەیانییەك دیتی دراوسێکەی وا لەوێیە. سەری سووڕما. پیاوەکە دڵی لە دراوسێکەی پیس کرد کە ئەو گیاکەی دزیبێ. بەڵام نەیدەزانی بە ڕاستی ئەو دزیویەتی یا کەسێکی دیکە.

بە یەکەوە باسی دزرانی گیایەکەیان دەکرد تا بزانن کێ دەیدزێ. خاوەنی گیایەکە گوتی:

–ئێستا دزەکە دەدۆزمەوە. ئەو کەسەیە کەوا مێش بە کڵاوەکەیەوەیە.

دزەکە بێئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کەوا خۆی ئاشکرا دەکا، دەسبەجێ دەستی برد بۆ کڵاوەکەی کە مێشە دەربکا.

خاوەن گیایەکە گوتی:

–ئەوەتا، ئاوا دزەکە دەدۆزمەوە. یەخەی کابرای دزی گرت.

با شتێك ببێ خواردنی تێکەم بۆت

پیاوێکی پیر تاقە کوڕێکی هەبوو. پیاوەکە زۆر پیر بووبوو. ئیتر نەیدەتوانی هیچ کارێك بکا.

ڕۆژێك کوڕەکەی گوتی:

–هەر بە خۆڕایی نانی من دەخۆی. دە بڕۆ هۆ لەوێ ڕاکشێ، لە ئاغەڵەکە.

پیرەمێردەکە چوو لە ئاغەڵەکە ڕاکشا. کوڕەکەی هێندێ نانە ڕەقەی هێنا و بۆی فڕێدا ناو ئاخوڕەکە.

پیرەمێردەکە دەستیکرد بە گریان. نەوەی پیرەمێردەکە کە ئەوەی دی، تەشوێیەکی هەڵگرت و چووە حەوشەکە دەستی کرد بە تاشین و قوڵکردنی کۆلکە دارێك. باوکی لێی پرسی:

–ئەوە چ دەکەی؟ منداڵەکە وەڵامی دایەوە:

–ئاخوڕ دروست دەکەم. کە پیربووی با شتێك ببێ خواردنی تێکەم بۆت، وەکو تۆ بۆ باپیرمی تێدەکەی.

باوك لێی وردبووەوە. تاوێك بیری کردەوە. پاشان هەستا چوو پیرەمێردەکەی هێناوە.

تێبینی: ئەم کورتیلە چیرۆکانە کە مامۆستای خوالێخۆشبوو ئامادەی کردووە لە گۆڤاری "شۆڕشی کشتوکاڵی"، ژ ٥، ١٩٧٩دا بڵاوبۆتەوە.

لەبارەی وەرگێڕانی "گێلە پیاو"ەوە*

کتێبی (گێلە پیاو) بە قەڵەمی نووسەری ناسراوی ئەم سەردەمەی تورك: عەزیز نەسین، کاك عەبدوڵڵا حەسەن زادە کردوویەتە کوردی و، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و هونەری کۆماری عێراق بڵاوی کردۆتەوە.

کاك عەبدوڵڵا دانەیەکی لەو کتێبە بۆ من ناردبوو، داواشی کردبوو ڕای خۆم لە بارەی کارەکەی بنووسم. بۆ ئەوەی لە قسەی ئەو برادەرە خۆشەویستە دەرنەچم، نەختێ لەم بارەیەوە دەدوێم.

عەزیز نەسین نووسەرێکی (ساتیریك) یا خۆمانە بڵێین: بە تەوس و توانج و ئیتاڵییە. نەشتەری قەڵەمەکەی لە کوان و دمەڵی کۆمەڵ دەدا و کێم زوخاوی دەردەخات. بە تەڕدەستی (ئەوەی لە دیزەدایە بە ئەسکوێ دەری دەهێنێ). بە ڕاشکاوی، چەوت و چەوێڵی و نالەبارییەکانی ڕیژێمی فیئودال- بورژوایی وڵاتی خۆی وەبەر لیس و تێلای گاڵتە و تیتاڵی دەدا و ئاگری پێکەنینی پێوە دەنێ. وای گڕ تێبەردەدا ئەگەر چاوی کۆنەپەرستی بارانی پەڵەشی بەسەردا ببارێنێ ناتوانێ دایمرکێنێ. لە (گێلە پیاو)یشدا هەر وایکردووە.

عەزیز نەسین بۆ نووسینی (گێلە پیاو) ڕەنگە لە ڕۆمانی (چارە ڕەشەکان- البؤساء)ی ڤیکتۆر هۆگۆ (١٨٠٢-١٨٨٥) ئیلهامی وەرگرتبێ. لە چیرۆکی (گێلە پیاو)دا کە دەگەیە لاپەڕەکانی (٢٠٣-٢٠٦) کە (گێلە) دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەم بۆنەیەوە جێژنی بۆ دەگرن و، لە جێژنەکەدا دەیەوێ پێشینەی خۆی بدرکێنێ و دەڵێ: (هاوڕێییان! ڕێگا بدەن پێ لە گوناهی خۆم بنێم. زیاتر لەوە ناتوانم خۆم ڕاگرم. من تووشی ئازاری ویژدان بووم. وەرن بمگرن!) تەواو، ئەو دیمەنەت بیر دەکەوێتەوە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی ڤیکتۆر هۆگۆ سەرۆکی شارەوانییە و زۆر خزمەتی شارەکەی کردووە و، لە لایەن ئیمپەراتۆرەوە. لەقەب و نیشانی بۆ دێ، بەم بۆنەیەوە جێژنی بۆ دەگرن و لە جێژنەکەدا ڕاستی خۆی دەڵێ و خۆی بە گرتن دەدا.

ئەمە نابێتە کەموکوڕی بۆ کارەکەی عەزیز نەسین، نووسەری گەورەی وا لە دنیادا کەم نین کە ئیلهامیان لە یەکتر وەرگرتووە و، تەنانەت (اقتباس)یشیان لە کاری یەکتر کردووە. بۆ نموونەی (اقتباس) وتەیەکی ماکسیم گۆرکی دەگێڕینەوە کە دەڵێ: (کاتێ هەوەڵ جار "فاوست"م موتالا کرد نزیکەی بیست ساڵانە بووم، دوای ماوەیەك تێگەیشتم کە دوو سەد ساڵ پێش "گۆتێ"ی ئەڵمانی، کەسێکی ئینگلیسی کە ناوی "کریستۆفێر[1] مارلۆ" بووە، بەسەرهاتی "فاوست"ی نووسیوە.. وە تەواوی ئەو کتێبانەی لە بارەی "فاوست" نووسراون لە سەرچاوەی ئەفسانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست هەڵقوڵیون.

ڕەوتی چیرۆکەکە لە لاپەرەکانی (٧٨-٧٩)دا وەکو جێگاکانی دیکەی ڕەوان نییە و نەختێ لێڵە. لەو جێگایەدا (گێلە) سەرۆکی لقی بانکە لە قەزایەك، ئەفسەرێك کە دراوسێی هۆدە و ئاشنایەتی، شەوێك جلکەکانی (گێلە) وەردەگرێ و پێیانەوە دەچێتە سەر بانگەهێشتن و دوو شەو و دوو ڕۆژ نایەتەوە. دواجار فەرمانبەری دایرە دێ بە دوای (گێلە)دا کە بچێ بۆ دایرە، لەبەر بێ جلکی ناتوانێ بچێ. ئاخرەکەی جلکی ئەفسەرەکە دەکاتە بەری و دەچێ..

لێرەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە دیار نییە: لە قەزایەکی بچوك ئەو ئەفسەرە چۆن دوو شەو و دوو ڕۆژ سۆراغی نییە؟ چۆن نەچۆتە سەرکار، ئەگەر چووە چۆن بە جلکی ئەهلییەوە چووە؟ گێلە کە سەرۆکی لقی بانکە و پارەشی هەیە چۆن تاقە دەستێکی جلك هەبووە؟ بۆچی پارەی نەداوە بە فەرمانبەرەکە بچێ دەستێ جلکی بۆ بکڕێ؟ یا نەیناردۆتە لای یەکێ لەوانەی لەژێر دەستیدا کاریان دەکرد دەستێ جلکی بۆ بخوازێتەوە؟ نووسەر بەسەر ئەوانەدا تێپەڕیوە و بە پەلە (گێلە)ی بە جلکی ئەفسەرییەوە سواری تەیار کردووە و، بەرەو بەسەرهاتەکانی دوایی خستویەتە ڕێ.

بەهەرجۆر ئەمە وەکو سەرەتایەکی قسە، ئیشارەیەکی بچووك بوو بۆ چیرۆکی (گێلە پیاو) ئەگینا لێکۆڵینەوەی چیرۆکێکی (٣٨٠) لاپەڕەیی، هەروا بە دەم ڕێوە و بە سوك و هاسانی سەرناگرێ.

ئێستا دێینە سەر ئەسڵی مەبەست کە وەرگێڕانەکەی کاك عەبدوڵڵایە. وەرگێڕانێك بە باش دەژمێردرێ کە لە پێش هەموو شتێکدا وشەکان دروست بن، وتەکان پڕ پێست لە قاڵبی زمانی کوردیدا داڕژابن، مانای وتەکانی تێکستە ئەسڵییەکە بە ڕۆشنی گەیەندرابێ، ڕەوتی مەبەستەکە لە وەرگەڕاوە کوردییەکەشدا ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ بێ. بە کورتی ئەوەندە ڕێکوپێك بێ، ئەگەر لە سەدا سەدیش نەبێ، بە لانی کەمەوە تا ڕادەیەکی زۆر خوێنەر وایدانێ کە ڕاستەوخۆ بە کوردی نووسراوە. هەستی ئەمە کە لە زمانێکی ترەوە بە ناڕەوانی کراوە بە کوردی، هەر تاوە نا تاوێك وەکو چقڵ بە چاویدا نەچێ و هەراسان و جاڕزی نەکات.

وەرگێڕانەکەی کاك عەبدوڵڵا لەم بارەیەوە تەواوە. وشەکان دروستن و، وەکوو گای مۆزکرد و پاش و پێش و ئەملاو ئەولایان پێنەکراوە و لە جێی خۆیاندان. وتەکان ڕێکوپێکن. ڕاوێژی دەم و قەڵەم ڕەوانە و، مەبەست و مانا ئاڵۆز و کوت و بچڕ نەبووە. خوێنەر دەتوانێ تا ڕادەیەکی زۆر و بگرە نزیکەی سەدی نەوەد و پتریش لە تێکستە کوردییەکە دڵنیا بێت و بیری خۆی بە ڕەوتی چیرۆکەکەوە خەریك بکات. ناڵێم لە سەدا سەد. چونکە جاروبار و کەم کورتێك پێچەوانەی ئەمە دەبینرێ. هەروەها کە دەشڵێم (تێکستە کوردییەکە) مەبەستم بە چەشنی گشتییە، تا دیالێکتیش بگرێتەوە. پاشان دەگەڕێینەوە سەر ئەم دوو مەبەستە.

عەزیز نەسین وەکو گوتمان نووسەرێکی (ساتیریك)ە، چزووی قەڵەمی لە کار و کردەوە و نەریت و ئاکاری چینی سەرەوەی کۆمەڵ دەچەقێنێ و، بۆ چینەکانی خوارەوە و هەڕەمەی خەڵك دەنووسێ. لەبەرئەمە بە زمانی ئەمان، یانی سادە و ڕەوان دەنووسێ و زاراوە و کینایە و مەجاز و ئیشارە و تەوس و توانج و قسەی نەستەق و پەندی پێشینانی ئەمان زۆر لەکار دەکا و دەهێنێ. سەبارەت بەمە وەرگێڕانی نووسراوەکانی ئەو کارێکی سووك و هاسان نییە. کەسێك دەتوانێ وەریانگێڕێ کە لە زمانی هەڕەمەی گەلی کورد زۆر شارەزا بێ و بەرامبەرەکانی ئەو تەوس و توانج و تەنانەت جنێوانە.. لە کوردیدا بدۆزێتەوە و لە جێگای خۆیاندا دایان نێ. دەنا ئەگەر وشە بە وشە بیانکاتە کوردی شتێکی زۆر بێتام و بێزراو و پووچەڵیان لێ پەیدا دەبێ. کاك عەبدوڵڵا ئەم کارەی زۆر جوان لە دەست هاتووە، وەك ئەمانەی خوارەوە:

-(دوو کچی قەیرەی هەبوون)، لا ٧٦

-(سەرلەنوێ نێوکم بڕا و ناوم نرا "کامل")، لا ١٣٨ (ناوك)یش دەگوترێ.

-(ئەو جینگەنەیی جارانم نەمابوو)، لا ١٤٠.

-(هاورێشمی خاسە ڕەنگ..)، لا١٤١.

-دێیەکی زۆر چەپەك و پەنا..)، لا ٢١٤.

-(لە شوێنێکی پەسیو پاروەنانێك پەیداکەم)، لا ٢١٧.

-(ئارام و ئۆقرەم لێ هەڵگیرابوو)، لا ٢٢٥.

-(کوڕینە! لە تەنگانەدا هەمیشە پشووتان سەرخۆبێ)، لا٢٢٥.

-(هەر لەگەڵ چاوم بە ڕوکاری سەرۆك کەوت ناسیمەوە)، لا ٢٢٦، (ڕوکار) بە مانای ڕوخسار، زۆر جوانە.

-(دووبارە دەتگرنەوە و دات دەکەنەوە)، لا ٢٤٤.

-(چما تا ئێستا نەتدیوە..)، لا ٢٥٠.

-(تەححا.! ئەدی چۆن..)، لا ٢٥٣.

-(ئاغا! لە خۆڕینی باش نییە)، لا ٢٨٢.

-(بە جارێك زەندەقی بردم)، لا ٢٩٦.

(زەندەق) لە (زەند) و (زەندە) وەرگیراوە کە دوو وشەی زۆر کۆنن. ئەوی هەوەڵیان بە مانای گیان و ڕۆحیش هاتووە، دووەمیان بە مانای گەورە و مەزن. پاشان بۆتە (زەندەك) و کافیش گۆڕاوە بە قاف و بۆتە (زەندەق). بە مەجاز بە مانای (جورئەت و جەسارەت)ە.

-(بورهان شەیپوری قوڕبەسەر دەم لە پوش بوو)، لا ٢٩٧.

-لەوەی ئەو ئینسانە دڵپاك و نیاز پاکانەم فریو دابوو بە خۆمدا دەشکامەوە، لا ٢٠٤.

-(گیرفانیان بڕیبووە و بە فلسم دەکوت فەتاح بەگ)، لا ١٩٥، پتر (فەتاح پاشا) دەگوترێ.

-(هێشتا لە قوڵکەیەك ڕزگار نەببووم خەریك بوو بمخاتە چاڵێکەوە). لا ١٩٦.

_(پێش.. ئەوەی ئۆرهانی ئەسڵی بێ فیز ماڵکی بدەمێ)، لا ١٩٢.

-(بەلام تازە لە چی دەترسام، پاش ڕووتکردنیٚ تەشتی تەلاٚ لەسەر سەرت دانیٚ)، لا ٢١١، پتر دەڵێن: (تەشتی تەلاٚ بە سەرەوەنێ).

-(ئەوان نەیاندەزانی من بەچی دەخوڕم و پشتم بە چ ئەستوورە کە قسەم وانێرن)، لا ٢١١.

-(باش پێوە ببووم، ئەملاو تات و ئەولام تات)، لا ٢٨٢.

(تات) بە مانای بەردی پان و درێژە، وەك: (تاتە نوێژ)، (تاتە شۆر) یەکەمیان بەردی نوێژ لە سەرکردنە، دووەمیان بەردی مرد و لەسەر شۆردن. لە گۆرانیدا هاتووە: "لەسەر تاتەشۆر هەر تۆم لەبیرە".

(ئەملام تات و ئەولام تات وەی دایە جیقم دەرهات) مەتەڵوکەیە بۆ (ئاش).

-ژنەکە دەستی کرد بە بۆڵەبۆڵ: ئەتۆش سەگت بە دیاری بۆ هێناوین)، لا ١٣٠.

ئەمانە هێندێ نموونە بون لەو وشە ڕەسەن و، کینایە و مەجاز و قسە نەستەقە جوانانەی کە لە ناو هەڕەمەی خەڵکدا باون و کاك عەبدوڵڵا لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا هێناونی.

لە پێشدا گوتمان: (خوێنەر دەتوانێ سەدی نەوەد و پتریش لە تێکستە کوردییەکە دڵنیابێ). ئەو سەدی چەندەی دیکەمان بۆ ئەوە هێشتەوە کە کاکی وەرگێڕ جاروبار لە وەرگێڕانەکەیدا وەدوای تێکستە فارسییەکە کەوتووە، وەك:

-(پیوو) لاپەڕە (١٨٠) کە وشەیەکی تورکییە و وا دیارە وەرگێڕی فارسی هەروەك خۆی هێناویەتی. لە کوردیدا دەڵێن: (هەی هەی)، (حەییەی حەی). ژننا (ئەللەل)یش دەڵێن. خۆشی لە پەڕەی (١٤١)دا (هەیهو)ی هێناوە کە زۆر جوانە.

-(بە چ ڕوویەکەوە دەمتوانی بچمەوە لایان) لاپەڕە (١٨٠). وا بزانی وا جوانتر بوو بگوترێ: (چۆنم لەڕو دەهات)، (چۆن لە ڕوم هەڵدەهات)، (چۆن بەخۆدا دەپەرموو).

-(گوزەرانی پێدەکەم لاپەڕە (١٨٢). کوردییە ڕەسەنەکەی ئاوایە: (پێی بەڕێ دەچووم). (گوزەران)یش بەڕێچوونە.

-بەڵام ئەو دەسۆبەردار نەدەبوو) لاپەڕە (١٨٤). لە کوردیدا دەگوترێ: (بەڵام ئەو دەستی هەڵنەدەگرت)، (.. وازی نەدەهێنا)، (لە کۆڵ نەدەبۆوە).

-(چ دەبێ بکەم) لاپەڕە (١٨٥). باشتر بوو بگوترایە: (دەبێ چ بکەم).

(پاش حەوت- هەشت ساڵ ڕابردوەکەم لە بیر خەڵك دەچێتەوە) لاپەڕە (١٤١). ڕەنگە (پێشینەکەم) جوانتربێ. خۆشی لە لاپەڕە (٢٤٧)دا ئەمەی بەکارهێناوە.

-(ئەوەندە دەست و پێی خۆم ونکردبوو) لاپەڕە (٢١٥). وشە بە وشە وەریگێڕاوە. کورد ئەمە ناڵێ. خۆشی هەر لەو لاپەڕەیەدا، لە جێگایەکی دیکە کوردییە ڕەسەنەکەی هێناوە: (ئەمن ئەوەندە تێکچوبووم). یا دەگوترێ: (ئەوەندە سەرم لێ شێوابوو)، (ئەوەندە پەشۆکابووم)، (ئەوەندە پەشێو بووم).

-(هەرچۆنێك بوو هاتنی من لەگەڵ جێژن و شادمانی خەڵك بەرەو ڕوبوو) لاپەڕە (٣٣٢).

وەرگێڕانەکە وشە بە وشەیە. دەبوو بگوترێ: (کە من گەیشتمێ خەڵك لە خۆشیانا کردیانە جێژن و شایی)، (هاتنی من بووە جێژن و شایی بۆ خەڵکەکە).

-(ئاغای گوڵی کرد و لە قاقای پێکەنینیدا) لاپەڕە (٢٤١). کاك عەبدوڵڵا وە دوای تێکستە فارسییەکە کەوتووە، وەرگێڕی فارسیش وا دیارە دوای تورکییەکە کەوتووە. لە تورکیدا دەڵێن: (ئاگا گولدی) یانی ئاغا پێکەنی. بەڵام لە فارسیدا ناگوترێ: (ئاقا گل کرد). بەڵام دەگوترێ (آقا محبتش گل کرد) یانی مەحەبەتی بشکوت. دەبوو بگوترێ: (ئاغا وەك گوڵ گەشاوە و لە قاقای پێکەنینیدا).

-"ئێمە هەمیشە کەسێکمان دەوێ خەڵکی سەرگەرم بکا" لاپەڕە (٢٤٢). دەبوو بگوترێ: (خەڵکەکە سەرقاڵ کا)، (خەڵکەکە بخافڵێنێ)، (خەڵکەکە خەریك کا).

-(نەیدەتوانی خۆی بپارێزێ و پەتەی کەوتە سەرئاو) لاپەڕە (٢٤٢). وەرگێڕانەکە وشە بە وشەیە. دەبوو بگوترێ: (نەیدەتوانی وریایی خۆی بکا، یا نەیدەتوانی ئاگای لە خۆی بێ و باقری دەرکەوت)، (.. لێی ئاشکرابوو).

-منیش بە تەنی لەو کێو و وەجان هاتبووم) لاپەڕە (٢٥٣) (گەیشتبووە گیانم)، (لە گیانی خۆم وەڕەز ببووم).

-(بۆ خۆشم نەمدەزانی سەرەنجامی ئەم کارە بە کوێ دەگا) لاپەڕە (٢٥٤) – (خۆشم نەمدەزانی ئاخرەکەی ئەم کارە دەگاتە کوێ)، (خۆشم نەمدەزانی لەم کارەدا چم بەسەردێ).

-(دەرگای وا لە ناکاو کردەوە کە سواخی ئەملاو ئەولای هەڵوەری) لاپەڕە (٢٥٨)- (دەرگای وا توند و لە ناکاو کردەوە کە سواخی لاشیپانەکانی بەربۆوە- یا کەوتە خوارەوە).

-(پەیکەری زل و زەبەلاحی جەنابی نەقیب وەژورکەوت) لاپەڕە (٢٥٩). پەیکەر وشەیەکی فارسییە بە مانای (صورت و جثە)ی عەرەبییە. نالیش لە کوردیدا بەو مانایەی بەکارهێناوە: (هەی کەرێکم بۆ چ پەیکەر تەیکەری هەوراز و لێژ). ئێستا لە کوردیدا بە مانای (تمثال-جسم) بەکاردێ. لە جێگای وادا (قەڵافەت) باشترە، وەك شێخ ڕەزا لە باسی کەڵەشێرەکەیدا دەڵێ: (بە قەڵافەت وەکو مەولان بەگەکەی..).

-(من زۆرم ئەو شیرنیکارییانە دیبوو) لاپەڕە (٢٦٠). شیرنیکاری وشە و زاراوەیەکی فارسییە بەمانای مەخسەرە و گەپ و گاڵتەیە. لە کوردیدا بار نییە. لە جیاتیان دەبوو بگوترێ: (.. زۆرم ئەو کونگە لانەبەسەر هاتبوو)، (پەندی وام زۆر پێدرابوو) یان هەڕەمەیی بڵێین: (قوڕ و چڵپاوی وام گەلێ بە قونان هەڵپەڕیبوو).

-(لە بەندیخانە لەنێو لاتەکاندا باوە) لاپەڕە (٢٦٠). لات وشەیەکە هەڕەمەی خەڵکی فارس دەیڵێن و، بە مانای (شقاوە)ی عەرەبییە. لە کوردیدا بە کەسێکی هەژار و بێبژێو دەڵێن وەك: (ئەوەندە لاتە سەگ کلکی لێدا دەکەوێ). لە جێگای (لات)ی فارسی، لە کوردیدا دەگوترێ: سەرسەری، چەقاوەسوو، لاپرەسەن، لالەوەڕ، لاسار. لە شاربازێڕ (چەورە)ش دەگوترێ.

-(بۆئەوەی خۆی بنوێنێ ئەم جۆرە دەستە گوڵانە بە ئاودا دەدا) لاپەڕە (٢٦٠). دەبوو بگوترێ: (بۆئەوەی خۆی ڕابنێ، یان، بۆ خۆڕانان ئەم فڕوفیشاڵانە دەکات) یا (ئەم گۆنگەڵانە دەگێڕێ).

لە کوردیدا لە جیاتی (دەستە گوڵ) کە فارسییە و بە ئیملای کوردی نووسراوە – چەپکە گوڵ و دەسکە گوڵ دەگوترێ. ئەوە نییە لە کۆتایی حیکایەتدا، حیکایەت بێژ دەڵێ: (دەسکێ، یان، چەپکێ گوڵ و نێرگز مەرگی ئێوە نەبینم هەرگیز). (دستە گل بە آب دادن)

کینایەیەکی فارسییە، وا دیارە ئیشارەبێ بۆ حیکایەتێکی کۆن کە لەبیرچۆتەوە و تەنیا کینایەکە ماوەتەوە. حیکایەتەکە گوایا ئاوایە: (عەباسە، خوشکی هارونە ڕەشید "٨٠٠ز" وەکو مێژوونووسەکان دەڵێن و لە شیعری شاعیرەکاندا هاتووە، نێوانی لەگەڵ جەعفەری بەرمەکی هەبووە. جۆگەیەك ئاو بە ماڵی عەباسەدا ڕۆیشتووە و چووە بۆ ماڵی جەعفەر. عەباسە نامەی بۆ جەعفەر دەنووسی و دەینا ناو چەپکێ گوڵ و، لە حەوشەی خۆیانەوە چەپکە گوڵەکەی بە ئاودا دەدا. جەعفەریش لە حەوشەی خۆیان لەسەر جۆگەکە دەوێستا و چەپکە گوڵەکەی دەگرتەوە. چلوچۆکەر پێیان زانی و بۆ هارونە ڕەشیدیان گێڕاوە. دەڵێن ئەمە بووە هۆی فەوتانی بنەماڵەی بەرمەکی).

ئەمە (تراژیدیان). ئەرەستۆ دەڵێ: تراژیدیا ئەوەیە کە کار پێچەوانەی خۆی لێ پەیدا ببێ. یان بە عەرەبی: (تحول الفعل الى ضده). عەباسە ئەو کارەی سەبارەت بە عیشق و خۆشەویستی کردووە، کەچی بۆتە هۆی فەوتانی بنەماڵەی بەرمەکی. لە فارسیدا ئەو کینایەیە بۆ کارێکی دۆستانە و خۆشەویستانەی وا بەکاردەهێنرێ، کە ببێتە هۆی مەینەت و چەرمەسەری. جا بەم پێیە وەرگێڕی فارسی لە جێی خۆیدا بەکاری نەهێناوە. کاك عەبدوڵڵاش کە وەدوای ئەو کەوتووە تووشی هەڵەکەی ئەو بووە. پێویستە ئەوەش بڵێین کاتێ ئەم قسەیە دروستە کە لە تێکستە فارسییەکەدا ئاوا بووبێ.

–(دەمم کرایەوە و گوتم "زەکی") لاپەڕە (٢٦٠). (زەکی) لە فارسیدا وشەیەکی سوکە. لە کوردیدا لە جیاتی ئەوە دەڵێن: (تڕحەو). نەختێ بە ئەدەبی تر و بە مەجاز دەڵێن: (تەڕت نەپێکا!).

–(بە تایبەتی ڕیشی ڕەش و بە پشتی من..) لاپەڕە (٢٦٦)– (ڕیشەڕەش و پڕەکەی من).

–(لێفە و دۆشەکەکەم لە بەندیخانە بڵاوبکەمەوە) لاپەڕە (٢٧٧)– (بەم زوانە پێخەفەکانم لە بەندیخانە ڕاخەمەوە).

–(دەبێ.. بە قازانجی بورهان دەستبەکار بم) لاپەڕە (٢٧٨)– (بە قازانجی، یا بە سودی بورهان بکەومەخۆ– بکەومەکار– هەوڵبدەم– خەریك بم).

–منیش ڕاست دوچاری ئەو حاڵە ببووم) لاپەڕە (٢٧٩)– منیش هەر ئاوام لێقەومابوو– وام بەسەر هاتبوو).

–(نوێنەری ئاغا..) لاپەڕە (٢٧٩)– (پیاوی ئاغا– کوێخا ئاغا– گزیری ئاغا).

–(ئەمە چ گوکارییەکە؟) لاپەڕە (٣٦٢)– (ئەم کارە گوواویە چییە؟).

–(تەباخەکە بە جارێك دەست و لاقی خۆی ونکرد و زمانی ڕەق بوو) لاپەڕە (٣٦٢)– چێشتکەرەکە بە جارێك پەشۆکا)، (سەری لێشێوا و زمانی بەسترا، دەمی ڕەق بوو).

–(لە پێشدا ئەگەر بە تاوانی کڵاو لەسەرنان دەگیرام هیوایەکی بەربوونم بوو) لاپەڕە (٢٠٩)– لە پێشدا کە لەسەر ساختەچییەتی، کەڵەکبازی، دەستبڕی و گوێبڕی دەگیرام..

–(دیسان ڕۆژنامەکان هەنگامەیەکیان بەرپا دەکرد) لاپەڕە (٢٠٩)– دیسان ڕۆژنامەکان قولە و هەرایان دەناوە– بەیت و باویان ڕێکدەخست، لە هەرایان دەدا.

–(شاڵوارێکی مەخمەری کۆنم لەبەردا بوو..) لاپەڕە (١١٤)– لەپێدا بوو. بۆ جلکی لای خوارەوەی لەش وەکو دەرپێ و پانتۆڵ و ڕامگ، لەپێدابوون دەگوترێ. بۆ جلکی لای سەرەوە، یا بۆ دەستێك جل، لەبەردابوون دەڵێن، وەك کەوایەکی ڕەشم لەبەردابوو، یا ڕانك و چۆغەی سوورم لەبەردا بوو.

–(بێدەنگ بە کڵاوچی دز!) لاپەڕە (١٠١)– بێدەنگ بە ساختەچی دز!، دەغەڵی دز! کڵاوچی لە کوردیدا نالوێ.

–(زۆر باشە بڕۆ دەست بەکاربە) لاپەڕە (٩٥) –بچۆرە سەرکار، بچۆ کاربکە، بڕۆ خەریکی کاربە.

–دوکەڵ لە کەللە سەرم هاتەدەر..) لاپەڕە (٧٨)، لە کوردیدا ئەمە ناگوترێ– ئەقڵ لە کەللەمدا نەما، واقم وڕما، لەدین دەرچووم.

–(ئەوەندە دەستەپاچە ببووم..) لاپەڕە (١٢٩) –ئەوەندە تێك چووم، ئەوەندە پەشۆکام، بە جۆرێکی وا سەرم لێشێوا.

–(بەتانی خۆم لێ بڵاوکردەوە) لاپەڕە (٢١٠)– بەتانی خۆم لێ ڕاخستەوە.

–(ئەسپەکان بەغار بەرە و کوێستان دەڕۆیشتن) لاپەڕە (٢٢٥)– ئەسپەکان بەرەو چیا، بەرەو کەژ، بەرەو کۆسار (هەورامی) کەوتنە غار. وشەی (کوهستان) لە فارسیدا یانی جێگای شاخاوی. چونکە لە دوو کەرتی (کوە) بە مانای چیا و (ستان) بە مانای جێگا تێکخراوە. بەڵام (کوێستان) یا وەك لە ناوچەی سنە و شارەزوور دەڵێن (کێوسان) لە کوردیدا بە مانای جێگای ساردە، وەك دەڵێن: (گەرمێن و کوێستان دەکا). یا وەك لە گۆرانیدا هاتووە: (کوێستانان خاڵ خاڵ بەفری ناچیتۆ– یارم تۆریاگە ئاشتی نابێتۆ).

–(هاوڕێکەت ئازاد بوو) لاپەڕە (٢١٥)– (هاوڕێ) بۆتە زاراوەیەکی سیاسی. وا باشتر بوو بگوترێ: هاو هۆدەکەت، هاودەنگەکەت، برادەرەکەت.

ئەمانەش هێندێ لەو وشە و کینایە و مەجازانەی کە وشە بە وشە لە تێکستە فارسییەکەوە کراونەتە کوردی و، لە زەمانی ئەدەبی کوردیدا جوان نین. وە لەبەر چوار مەبەست بە تایبەتی پەنجەم خستە سەر ئەمانە: یەکەم جوانی وەرگێڕانەکە دەشێوێنن. دووەم لە گەرمێن تێیان ناگەن. سێیەم لە جیاتی ئەوانە وشە و زاراوە و کنیایەی ڕەسەنی کوردی هەن و ئەگەر ئەمانە و هی وەك ئەمانە لە نووسیندا ببنە باو، هینەکانی خۆمان لە بیردەچنەوە و زیانێکی قورسمان لێ دەکەوێ. چوارەم بەشکم وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی

وشەکان لەناو قەڵەم بە دەستەکانماندا ببێتە باو، وشەی جوان و ڕەسەن لە هی چەوت و چەوێڵ و نادروست هەڵاوێردرێ. چونکە بەردی بناغەی شتی ئەدەبی، هێنانی وشەی دروست و ڕەسەن و جوانە. هەر شتێك بە وشەی نادروست، یان چەوت و چەوێڵ بنووسرێ، با بە ئاوی زێڕ و تەڵاش بێ بە شتێکی ئەدەبی ناژمێردرێ. یان بە لانی کەمەوە بە شتێکی ئەدەبی دزێو و ناڕەسەن وەردەگیرێ.

لەمەپێش گوتمان (تێکستە کوردییەکە بە چەشنی گشتی کە دییالێکتیش بگرێتەوە). مەبەست ئەوەیە وەرگێڕانەکە هێندێ شێوەی دییالێکت و ناوچەیی پێوە دیارە. یەکێ لەوانە (ی)ی زیادەیە، بۆ نموونە: (ئارەقێکی ساردم بە لەشیدا هات) لاپەڕە ١٢٦، (ئێستا ئەو کەرەی لەو قوڕەی وەپەڕێنە) لاپەڕە ٢٠٩)، (ڕێگا لەوەی باشتر نابێ) لاپەڕە ٢٩١، (هێندێك کار لە پێش چاوی پیاوی زۆر هاسانن) لاپەڕە ٩٠.

(ی)ی (لەشی)، (ئەو کەرەی)، (لەو قوڕەی)، (لەوەی)، (پیاوی) و هی تری وەك ئەمانە لە ڕۆژگاری کۆندا دەبێ ئەرکێکیان بەجێگەیاندبێ و کەڵکێکیان هەبووبێ. بەڵام تێپەڕبوونی ڕۆژگار و (تطور)ی زمان لە کەڵکی خستوون و ئێستا لە زمانی ئەدەبیدا بوونەتە زیادی. پێویستە ئەوەش وەبیر بخەیتەوە کە ئەمە لە ئەمڕۆکەدا، کە زمانی ئەدەبیمان هێشتا شوێنەواری دیالێکت و (لەهجە)کانی زۆر پێوە ماوە بە هەڵە ناژمێردرێ و، تەنیا دەتوانین تۆزێ بە ناڕەوان و نافەسیحی دانێین.

لە وەرگێڕانی تەواو باشدا، ئەگەر لە تێکستە ئەسڵییەکەدا تووشی زاراوە یان ئیشارە بۆ بەسەرهات و حیکایەت و شتێکی وا هاتین کە لە زمانی کودیدا نییەو نەناسراوە، دەبێ ئەو زاراوە و ئیشارەیە بهێنین و لە داوێنی لاپەڕەکەدا ڕوونی کەینەوە. وەك: (هیچ لۆتییەك سەلوجی ڕەت ناکاتەوە) کە کاك عەبدوڵڵا لە لاپەڕەی (٢٨٢)دا هێناویەتی.

لۆتی لە کوردیدا بەو کەسانە دەڵێن کە تا پێش شەڕی دووەمی جیهانیش بە دێهاتەوە دەگەڕان و، بە دەهۆڵ و زوڕناوە ورچ و مەیموونیان هەڵدەپەڕاند. بە مەجاز بە ئینسانی بێعاریش دەڵێن. لە زمانی هەڕەمەی فارسیدا بە مانای (ابو جاسم)ی عەرەبی بەکاردەهێنرێ. لەو وتەیەی سەرەوەدا لە جیاتی (رند- ڕێیەکە ژێری هەیە) بەکارهاتووە کە لە ئەدەبی فارسیدا بە مانای بێباك و (لا ابالی و لاقید)ە. یانی ئەو کەسەی بە ڕواڵەت بۆ لۆمە دەشێ، بەڵام لە دڵ و دەروونی خۆیدا پاك و بێخەوشە. لە سۆفیگەریدا بە مانای وەشوێن کەوتنی (حق و حقیقە) و گوێنەدان بە ڕواڵەت و (تقلید)ە. (حافظ) ئەم وشەیە زۆر بەکاردەهێنێ. وەك: (مرا روز ازل کاری بەجز رندی نفر مودند) یانی ڕۆژی ئەزەل لە ڕیندی بەو لاوە کارێکیان بە من نەسپارد. لە کوردیدا (ڕەند) بە مانای جوان و جوامێرە. دەڵێن (کیژێکی ڕەندە) یانی جوان و شۆخە، (پیاوێکی ڕەندە) یانی جوامێرە. بە مانای زەوی بەیاریش هاتووە. (صبوحی) پیاڵەیەك شەرابە، ئەوانەی شەو سەرخۆش بوون بەیانی خواردوویانەتەوە. ئەمە لە شیعری حافزدا زۆر هاتووە. وەك (گرفوت شد سحور چە نقصان صبوح —از منی کنند روزه گشا طالبان یار) یانی با پارشێویش لە کیس چوبێ قەی ناکا، سەبوحی ماوە. ئەوانەی داواکاری یارن ڕۆژ و بە شەراب دەشکێنن. لێرەدا ئیشارە بۆ مانای شەراب و ڕۆژ و یار لە باری سۆفیگەرییەوە دەکا و دەڵێ: ئەوانەی دەیانەوێ بگەنە دیداری (مراد) با تاعەتی نیوەشەویشیان لە کیس چووبێ قەی ناکا، بەیانیان لە (پیرو دەزگیر) کە داواکاران ڕێنوێنی دەکا، پیت و بەرەکەت وەردەگرن و بە هۆی ئەوەوە دەگەنە (مراد).

هەروەها هێندێ وشەی کەم ناسراویش وەك: (تانە) لاپەڕە (١٨٤)، (وچخان) لاپەڕە (٢٢٨)، (پەژیوان) لاپەڕە (٣٥٦)، (گرۆ) (٢٤٤) و هی تر.. دەبوو لە داوێنی لاپەڕەکاندا مانایان بنووسرێ.

دەڵێم لە داوێنی لاپەڕەکاندا بنووسرایە. چونکە من لەگەڵ ئەوە نیم کە لە کۆتایی کتێباندا وشەنامە دەنووسن. ئەم کارە سەر لە خوێنەر دەشێوێنێ و ناچاری دەکا هەرجارێك تووشی وشەیەکی نەناسراو هات لە وشەنامەکەدا بۆی بگەڕێ و بیدۆزێتەوە و مانای بزانێ و بگەڕێتەوە سەر خوێندنەوەکەی. لەم هاتوچۆیەدا هەودای مەبەستەکە لە زەینیدا دەپسێ. کە چەند جار پەیتا پەیتا تووشی ئەم گێرە و کێشەیە هات وەڕەز دەبێ و کتێبەکە فڕێدەداتە ئەولاوە. بەڵام کە لە داوێنی لاپەڕەکەدا مانای لێدرابێتەوە گورج تەماشای دەکات و دەڕوا بەڕێی خۆیەوە.

ئەمە چەند مەبەستێك بوو لە کتێبی (گێلە پیاودا کە کاك عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە زمانی فارسییەوە کردوویەتە کوردی وەبەرچاوم کەوت. بە ڕاشکاوییەکی تەواویشەوە دەڵێم ئەم سەرنجانە لە نرخی کارەکەی ئەم کەم ناکەنەوە و بە کتێبێکی (٣٨٠) لاپەڕەییەوە دیار نین. وە وەرگێڕانەکەی بە یەکێ لە وەرگێڕانە هەرە باشەکانی تا ئێستا لە زمانی کوردیدا دەزانم و و پیرۆزبایی لێدەکەم لەسەر کاری وەرگێڕان کە کارێکی زۆر پێویست و بەنرخە و ئەویش زۆر باشی لەدەست دێ شێلگیر بێ.

*سەرچاوە: گۆڤاری "ڕۆشنبیری نوێ"، بەغدا، ژ٧٢، ١٩٧٩، ل ٣٢-٣٨.

لە بارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی*

حەسەنی قزڵجی

مامۆستا مەسعود محەمەد ئەندامی کارای کۆڕی زانیاری کورد و، دەمڕاستی لیژنەی زمان و زانستەکانی، کتێبێکی بە ناوی "چەند حەشارگەیەکی ڕێزمانی کوردی" بڵاوکردۆتەوە، لەم کتێبەدا گەلێ مەبەستی وردی هێناوەتە گۆڕێ. لە هێندێکیان بە درێژی دواوە، لە هێندێکیشیان بە دوودڵییەوە قسەی کردووە، بۆ هێندێکی دیکەشیان تەنیا ئیشارەتی کردووە. بە کورتی، دیارە ویستوویەتی ئەو مەبەستانە بخاتە پرس و ڕا و لێکۆڵینەوە، نەك هەروا ڕاستەوخۆ ڕای خۆی داسەپێنێ

ئەمەش ڕەوشت و کردەوەیەکی زۆر باش و پەسەندە.

لەم وتارەدا دەمەوێ لە چەند مەبەست، لە مەبەستەکانی ئەو کتێبە بدوێم و بنج و بناوانەکانیان پیشان بدەم. هیوادارم (کۆڕی زانیاری کورد) لە چاپەمەنی خۆیدا بیخاتە بەرچاوی لێزانان تا بە چەشنی پێویست باسیان لەسەر بکرێ و نەتیجەی دڵخواز دەسکەوێ، مەبەستەکان ئەمانەن:

-ناوگر.

-"ت" لە کۆتایی هێندێ فیعلدا.

-پاشگری (ڕە)، (وە)، (انێ).

-پاشگری (ك)، (ا).

-هاتنی (ڕاناوی لکاو) لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجی سەروودا.

١-ناوگر

(بەهار)[١] لە باسی جیاوازی نێوان زمانی (پەهلەوی) و زمانی (دەرێ) کۆندا دەنووسێ: "هێندێ جار فیعلێکی تێنەپەڕیان بە هۆی هێنانی ئەلفێکەوە دەکردە تێپەڕ وەك لە "برگشت، برگاشت= یانێ گێڕانەوە"، لە "نشست، نشاست= یانێ دانیشاندن"، لە "کذشت، کذاشت و کذارد= یانێ تێپەڕاندن"دا و هی تریان دروست دەکرد"[٢].

"هێندێ جاریش لە فیعلێك دوو تێپەڕ (متعدی)یان دروست دەکرد: یەکیان "عام" و یەکیان "خاص". وەك لە فیعلی "برگشتن" کە تێپەڕە عامەکەی "بر گردانیدن"ە. بۆ تێپەڕی "خاص"یش ئەلفێکیان لێ زیاد دەکرد و دەبووە "برگاشتن". ئەمەیان نەماوە"[٣].

مامۆستا مەسعود لە باسی ناوگردا باشی بۆ چووە. وەکو لەو قسانەی سەرەوە دەردەکەوێ ڕیشەی ئەم کارە زۆر کۆنە و ڕەنگە بگەڕێتەوە بۆ لای سەردەمی ساسانییەکان کە زمانی (دەرێ) زمانی دەرباری ئەوان بووە. لە زمانی کوردیشدا هێنانی ئەم ئەلفە لە هێندێ فیعلدا بووە و ئێستاش ماوە. بەڵام ئەمەمان لێ ڕوون نییە کە ئەم دوو زمانە، هێنانی ئەم ئەلفەیان لە زمانەکانی (پرثوی-شمالی و جنوبی) وەرگرتووە، یا لە زمانی کوردیدا لە ڕۆژگارانی زۆر کۆنەوە هەر بووە، یا لە زمانی (دەرێ)یەوە کەوتۆتە ناو زمانەکەمان. من خۆم لام وایە ئەم (ناوگرە) لە زمانی (دەرێ) وەرنەگیراوە و، لە ڕۆژگاری زۆر کۆنەوە لە زمانی کوردیدا هەبووە. چونکە ئەو فیعلانەی زمانەکەمان کە ئەم ناوگرەیان تێدایە خاوەنی شکڵی تایبەتی کوردیخۆیانن. بەهەر جۆر، هێنانی ئەم ئەلفە لە هێندێ فیعلی کوردیدا وەکو گوتمان ڕیشەیەکی مێژوویی کۆنی هەیە و وا دیارە گشتیتریشە لەوەی کە لە زمانی (دەرێ)دا بووە و کەم تا کورتێکیش ماوەتەوە. ئەوا لێرەدا چەند فیعل بە نموونە دەهێنینەوە وەك:

١-سۆن: سوم، سوت، سوی، سومان، سوتان، سویان. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (س) و (و) بۆتە: ساوێن:

ساویم، ساویت، ساوی، ساویمان، ساویتان.

دەساوم، دەساوی، دەساوێ، دەساوین، دەساون.

(مەولەوی) دەڵێ: "بڵێسەم وەسای گەردوون سەر ساوا".

٢-جۆن: جوم، جوت، جوی، جومان، جوتان، جویان. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ج) و (و) بۆتە: جاوین.

جاویم: جاویت، جاوی، جاویمان، جاویتان.

دەجاوم، دەجاوی، دەجاوین، دەجاون.

٣-بووردن (بە مانای بەخشین و وازلێهێنان): بوردم، بوردی، بوردین، بوردن. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (و) و (ر) بۆتە: بواردن:

بواردم، بواردت، بواردی، بواردمان، بواردتان، بواردیان.

دەبوێرم، دەبوێرێ، دەبوێرێ، دەبوێرین، دەبوێرن.

ئەم فیعلە پێشگری جۆربەجۆری پێش دەکەوێ و ماناکەی دەگۆڕێ.

(را) دەكەوێتە پێشی و ماناكەی دەبێتە وەخت و كات بەسەربردن: رام بوارد، رات بوارد، رای بوارد.. تا دوایی.

پێشگری (هەڵ)ی دەكەوێتە پێش و مانای (استثناء) و جیاكردنەوە دەدات:

هەڵم بوارد، هەڵت بوارد، هەڵی بوارد.. تا دوایی.

(بوار) ناوی جێگایە، ئەسڵەكەی (بوارد) بووە، دالەكەی قرتاوە، یانی جێگای پەڕینەوە.

٤-ئەنگۆتن (بە مانای پێكران، پێكیان، ئەنگێوران): ئەنگوتم، ئەنگوتی، ئەنگوت.. تا دوایی. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (گ) و (و) بۆتە: ئەنگاوتن:

ئەنگاوتم، ئەنگاوتت، ئەنگاوتی، ئەنگاوتمان، ئەنگاوتیان، ئەنگاوتتان.

دەئەنگێوم، دەئەنگێوی، دەئەنگێوێ، دەئەنگێوین، دەئەنگێون.

ئەم فیعلە ئەگەر پێشگری (هەڵ)ی پێشكەوێ ئەلف زیاد ناكرێ.

(ئەنگێوە) صفتی فاعیلە، ئەو كەسەی باش دەپێكێ.

٥-شردن- ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ش) و (ر) بۆتە (شاردن)، پاشگری (وە)ی دواكەوتووە بۆتە (شاردنەوە):

شاردمەوە، شاردتەوە، شاردیەوە، شاردمانەوە، شاردیانەوە، شاردتانەوە.

دەشارمەوە، دەشاریەوە، دەشارێتەوە، دەشارینەوە، دەشارنەوە

لە هێندێ لەهجەدا ئەلفەكە دەبێتە (ی): دەشێرمەوە، دەشێریەوە.. تا دوایی.

(شارانەوە) مصدری (المبني للمجهول)ە: شارامەوە، شارایتەوە.. تا دوایی.

-(شرت) لە "شرت و گرم"دا لەم ڕیشەیەیە. ئەسڵەكەی (شرد- مصدری (مرخَّم)ە. دال بۆتە تێ.

بۆ نمونەی (شاردنەوە): مەولەوی دەڵێ: "تا فەلەك مەودای نەی تۆ شاردەوە".

٦-پەستن- ئەسڵەكەی (پەستۆتن)ە. ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ت) و (و) بووە بە پەستاوتن: پەستاوتم، پەستاوتت، پەستاوتی، پەستاوتمان، پەستاوتیان، پەستاوتتان.

دەپەستێوم، دەپەستێوی، دەپەستێوێ، دەپەستێوین، دەپەستێون.

لە پەستا: (بێپسانەوە). پەستاكردن (متراكم كردن). پەستاوتە (ادخار).

٧-ژمردن (بە فارسی: شمردن. ئەوانیش هێندێ سیغەی لێ صرف دەكەن، بە تایبەتی لە مضارعدا). ئەلفێك هاتۆتە نێوان (م) و (ر) بۆتە ژماردن.

ژماردم، ژماردت، ژماردی، ژماردمان، ژماردتان، ژماردیان

دەژمێرم، دەژمێری، دەژمێرێ، دەژمێرین، دەژمێرن

ژمارە، ژماردە، ئەژمارە، ئەژماردە- هەموویان لەم ڕیشەیەن.

٨-بژردن- ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ژ) و (ر) بۆتە بژاردن:

بژاردم، بژاردت، بژاردی، بژاردمان، بژاردتان، بژاردیان

دەبژێرم، دەبژێرم، دەبژێرێ، دەبژێرین، دەبژێرن

-بژاردن، پێشگری (هەڵ)ی پێش دەكەوێ دەبێتە (هەڵبژاردن)بە مانای (انتخاب).

-ژماردن و بژاردن، پاشگری (وە) یان دوا دەكەوێ دەبنە (ژماردنەوە) و (بژاردنەوە) بە مانای (جبرانی خسارت). (بژار)یش لەم ڕیشەیەیە، ئەسڵەكەی (بژارد)ە، دالەكەی قرتاوە.

-مصدری (ژمردن) و (بژردن) بە بێ زیادكردنی ئەلف. وا بزانم لەكار كەتووە.

٩-بزۆتن (بە مانای حەرەكەت): بزۆتم، بزۆتی، بزۆت.. تا دوایی. ئەلفێك دێتە نێوان (ز) و (و) دەبێتە بزاوتن:

بزاوتم، بزاوتت، بزاوتی، بزاوتمان، بزاوتتان، بزاوتیان

دەبزێوم، دەبزێوی، دەبزوێوێ، دەبزێون، دەبزێون

-بزێو - وەك (سەربزێو- دەست بزێو)، بزێوی- وەك (سەربزێوی- دەست بزێوی)، بزێوكە (بە هێندێ گۆرانی هەرزە دەڵێن- بن بزێوكە)، بزوێن (محرك)- هەموویان لەم ڕیشەیەن.

-بزوت (ئەو دارەی لە كوانودا نەختێكی سوتاوە) لەم ڕیشەیە نیە. ئەو ئەسڵەكەی (بسوت)ە، (س) بۆتە (ز).

١٠-نردن، یا نرتن- لە نردن وا بزانم تەنیا (نردۆ) ماوە. بە هێندێ نان دەڵێن كە دەیپێچنەوە و بۆ دەشتەوانی دەنێرن. یا كەسێك دەڕوا بۆ لایەك و لەگەڵ خۆی دەیبا: (نردۆیەك نان، دو نردو نان). بەڵام (المنبي للمجهول)ی ماوە: نراومەتە سەر كار، دەنرێمە سەر كار. مصدەرەكەی (نران)ە. لە (نرتن)یش كە دال بۆتە تێ وا بزانم تەنیا (نرت) ماوە كە لەگەڵ (نوێ) بەكارئەهێنرێ. وەك: "نرت و نوێ".

(نردن)- ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ن) و (ر)- بۆتە ناردن:

ناردم، ناردت، ناردی، ناردمان، ناردتان، ناردیان

دەنێرم، دەنێری، دەنێرێ، دەنێرین، دەنێرن

-لە هێندێ لهجەدا فیعلی (ناردن) پێشگری (ئە)ی پێش دەكەوێ و (ئـ) دەبێتە (هـ). پاشان ئاوای لێ دێ:

هەناردم، هەناردت، هەناردی.. تا دوایی.

١١-قەڵشتن- ئەلفێك دێتە نێوان (ڵ) و (ش) دەبێتە قڵاشتن:

قڵاشتم، قڵاشتت، قڵاشتی، قڵاشتمان، قڵاشتتان، قڵاشتیان

دەقڵێشم، دەقڵێشی، دەقڵێشێ، دەقڵێشین، دەقڵێشن

١٢-نشت "هاتە جەم كانیكی ڕۆنشت و نانێ خوە خوەر.."- (كۆمەڵە تێكستی فۆلكلۆری كوردی. پرۆفیسۆر كەناتی كوردۆ، لاپەڕە (٩٦) ئەلفێك هاتۆتە نێوان (ن) و (ش) بۆتە ناشت:

ناشتم، ناشتت، ناشتی، ناشتمان، ناشتتان، ناشتیان

دەنێژم، دەنێژی، دەنێژێ، دەنێژین، دەنێژن

١٣-سپردن- ئەم فیعلە وەكو (بەهار) دەڵێ ئەسڵەكەی (آو سپردن)ە و (پر ثوی-پەهلەوی) خالصە. لە (آو- بەمانا لەسەر- علی) و (سپردن) دروست كراوە. فارسەكان كردوویانەتە (آسپردن). لە

کوردیدا ئەلفێك لە نێوان (پ) و (ر)دا زیاد کراوە بۆتە (ئەسپاردن). (سپاردن)یش دەگوترێ: ئەسپارم، ئەسپاردت، ئەسپاردی، ئەسپاردمان، ئەسپاردتان، ئەسپاردیان.

دەسپێرم، دەسپێری، دەسپێرێ، دەسپێرین، دەسپێرن

-(مبنی للمجهول)ەکەی (سپێران)ە: سپێرام، سپێرای، سپێرا.. تا دوایی.

-پێشگری (را)یان دەکەوێتە پێش و دەبنە (ڕسپاردن) و (ڕاسپێران). بە مانا (سفارش)ی فارسی یا (توصیە)ی عەرەبی: (رام سپارد)، ڕات سپارد.. تا دوایی. ڕاسپێرم، ڕاسپێری.. تا دوایی.

-جاری وا هەیە (پ) دەکەوێتە پێش (س) و دەبێتە (پەساردن). لەم کاتەدا تەنیا لەگەڵ (هەڵ) بە کاردێ و ماناکەشی دەگۆڕێ و دەبێتە دژی مانا پێشوەکەی:

هەڵم پەسارد، هەڵت پەسارد، هەڵی پەسارد.. تا دوایی.

١٤-خوەرن. (ئەوێ خوەرن تێر نەددا زاڕوا..)، "کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، پرۆفیسۆر کوردۆ لاپەڕە ١٣٢" ئەسڵەکەی (خوردن) یا (خوەرتن)ە. بەشی هەوەڵ لەم وشەیە یانی (خوەر) بەهار دەڵێ زۆر کۆنە و لە ڕۆژگاری کۆندا تاقە پیتێك بووە، پاشان بە دوو پیت نووسراوە، شکڵی پەهلەوییەکەی (خو) بووە، وەکو: (خورد) و (خوەتای). دەشڵێ: چەند سەدەیە (تلفظ)ی ئەوە لەبیر چۆتەوە و تەنیا کوردەکان بە دروستی دەیڵێن.

لە خوەردندا، لە جیاتی سەر (فتحة)کە ئێمە بە (ە)ی دەنووسین، ئەلفێك خراوەتە نێوان (و) و (ر) بۆتە (خواردن): خواردم، خواردت، خواردی، خواردمان، خواردتان، خواردیان. لە (مضارع)دا کە (ر)ەکە دەقرتێ، ئەلفەکەشی لەگەڵ دەڕوا:

دەخۆم، دەخۆی، دەخوا، دەخۆین، دەخۆن

وا بزانم ئەوەندە نمونەیە، لەگەڵ بنج و بناوانە مێژووییەکەی، بەسە بۆ سەلماندنی بوونی (ناوگر) لە فیعلی کوردیدا.

بەڵام لە بارەی چەند وشە کە مامۆستا مەسعود وەکو نموونە بۆ بوونی (ناوگر) هێناونی ڕام لەسەر ڕای[٤] ئەو نییە و وا لە هێندێکیان دەدوێم:

١-برێشکە. ئەم وشەیە وشەیەکی کۆنی پەهلەوییە. لە ئەسڵدا (وریژیتك)ە. فارسەکان کردوویانەتە (برشتە). لە کوردیدا (یت)ی لێ فڕی دراوە بۆتە (وریژك). (و) کراوە بە (ب)، (ژ)یش کراوە بە (ش) بۆتە (بریشك). هێیەکی وەدوا خراوە بۆتە (برێشکە).

صیغەیەك لەو ڕیشەیە لە نامیلکەیەکی پەهلەوی ئەشکانیدا بە ناوی (درخت آسوریك) هاتووە، کە لە بارەی کێشەی نێوان دارخورما و بزنە.

دار بە بزن دەڵێ:

"هیزم ام آتوران کی توسیچ بریژند" یانێ: دارم بۆ ئاگرەکانی تۆی پێ دەبرژێنن. ئەمەش دەتوانێ بەڵگە بێ بۆ ئەوە کە (ی) لە برێشکەدا لە ڕیشەی وشەکەیە و لەلاوە نەهاتووە.

٢-برنج- (ر) لەم وشەیەدا لە ڕیشەی وشەکە دەژمێردرێ. ئەمیش هەر بەو شکڵە لە (درخت آسوریك)دا هاتووە. دار لە شانازی خۆیدا بە بزن دەڵێ: "گوازم هچ از کرند کی کوپند شی و برنج" یانێ دنگ لە من دروست دەکەن کە جۆ و برنج بکوتن.

٣-ئاسەوار، لام وایە لە (آثار)ی عەرەبییەوە نەهاتووە. ئەم وشەیە ئەسڵەکەی (ئاستەوار)ە. کاتێ (ت) بە دوای (س)دا دێ، (ت) دەقرتێ و (س) قەڵەو دەکرێ وەکو: (ئێستە) کە دەکوترێ (ئیسە). ئەمیش لە (ئاستەوار)ەوە بۆتە (ئاسەوار) و پاشان (ئاسەوار). مەولەوی دەڵێ:

"ساقی ئاوەردە و گرد کیاسیتێنێن"

"وریا بەردێن و، کردە ئاستێنێن"

(ئاستێن) ئەو کەسەیە کە (مخلفات) و شوێنەوار لە دوای خۆی بە جێ دەهێڵێ. (ئاستە) مخلفات و شتی جێهێڵراوە. ئەم وشەیە وا بزانم زۆر جوانە لە جیاتی (تۆمار)ی قورس و لە زمان ناخۆش بە مانای (ابقاء وتثبیت وتسجیل) بەکاربهێنرێ، وەك بگوترێ "لە مێژوودا ئاستەکراوە" یا "گۆرانییەکی ئاستە کردووە".

٤-خارشت، وشەیەکی فارسیە، ئەسڵەکەی (خارش)ە، اسمی مصدرە. فارسەکان خۆیان جاری وا هەیە (ت) لە دوای اسمی مصدرەوە دەهێنن، یان ئەم (ت)یە لە کوردیدا ڕەگەڵی خراوە. ئەم وشەیە و هی دیکەی لەم چەشنە لە کوردیدا ناتوانن ببنە بەڵگەی هیچ شتێك. لە کوردیدا لە جیاتی ئەم وشەیە دەڵێن (خورۆ). ئەگەر مەبەست نەخۆشی پێست بێ، بە پێی چەشنی نەخۆشییەکە ناوی هەیە وەك: بیرۆ، گەڕێ، گەڕۆڵی.

٥-شەبەق، هەر شەبەقی بە مانای ئەسڵی خۆیەتی کە ڕوناکایی دانە وەك دەڵێن: "شەبەقی بەیانی" یا "شەبەقی داوە". کاتێ بە مانای (قەڵەشت) بەکاردەهێنرێ، مەبەست ئەوەیە کە ڕوناکایی لێوە دیارە. زەمانی زوو شتێکی کۆن کۆنیان دەچنی پێیان دەگوت: (مام شەبەقە). شەوەك، شەوەکێ، شەبەکە، لەگەڵ شەبەقە هەموویان لە ڕیشەیەکن.

٦-ڕێژە لە (ڕێژان)ەوە هاتووە. مامۆستا خۆشی دەڵێ: "لە هێندێ لهجەی کوردیدا لە جیاتی (ڕشتن)، (ڕێشتن) دەڵێن". ئەمە وەکو (گێڕە) لە (گێڕان) و (کێشە) لە (کێشان) وایە.

-(بێژە)ش لە (پێژان)ە نەك لە (پژان). لە موکریان دەڵێن: "خشت پێژ"، "تەپاڵەپێژ". بەو کەسەش کە بە بەش نەك بە کرێ تەپاڵە دەپێژێ دەڵێن "لاپێژ".

٧-ئاراو، ڕەنگە لە (ئارا) بە مانای ئەوە بێ لە گۆڕێدایە و (ئاو)ی تێکخرابێ و ببێتە (ئارائاو) پاشان یەکێ لە ئەلفەکان قرتابێ.

٨-کۆمەڵ- (کۆم) بە مانای کۆوەبوون و گردەوەبوونە، وەك دەڵێن: "ئەم پیاوە کۆم بۆتەوە" یانێ چەمیوەتەوە و گردەوە بوە، یان کۆمایەك خۆڵ، ئەوەندەی گردکراوەتەوە. لامەکەشی وەکو لامی گردەڵ، زەردەڵ، ڕۆشەڵ، گەندەڵ، ڕوتەڵ وایە. پاشگرێکە بۆ مانای (اتصاف و خاوەنداری) بەکاردەهێنرێ.

٩-دروێنه، له (دروان)ەوه هاتووه. ئەلفەکەی بۆته (ی) وەك: سوان و سوین، دران و درین، بران و برین. دروان بۆته دروێن، پاشان (ه)ی کەوتۆته دواوه و کردوویەته اسمی مصدر یا صفتی مصدری و بۆته (دروێنه).

١٠-لامێژ- له موکریان (لامژ) دەڵێن، له جیاتی (گوێرەمێژ)یش، (گوێرەمژ) دەڵێن. بەڵام لێرەدا هەق به لای مامۆستادایه. (مژین) ئەلفی (ناوگر)ی لێ زیاد کراوه بۆته (ماژین). پاشان ئەلفەکه بۆته (ی) و (ماژ) بۆته (مێژ). له ناوچوونی (ماژ) نابێته هۆی ئەوه که (مێژ)ی لێوەرنەگیرابێ.

١١-رەمانه، رەنگه له پێشگری (ره) و (میانه) تێکخرابێ و پاشان (ی)ی میانه قرتابێ.

(ره) پێشگرێکه له هێندێ لهجەدا له پێش وشەوه دێ و مانای (له) و (معیت) دەدا وەك: رەگەڵی کەوه، رەدو کەوتووه، رەسەر کەوت، رەبن کەوت..

یا له (رەمیا-نه)یه و (ی) قرتاوه، (رەمیا) یانێ: هەڵاتوو، رۆییو جولاو. مەولەوی دەڵێ: "رەمیای بۆی باروت هەردە وه هەردە".

٢-"ت" له کۆتایی هێندێ فیعلدا:

"ت" له کۆتایی فیعلەکانی وەکو: "دەکات، دەچێت، دەخوێت، دەکەیت، دەکەوێت"دا، وەك مامۆستا مەسعود دەڵێ گومانی تێدا نییه که (ڕاناو) نییه. له پێش هەموو شتێکدا سەبارەت بەمه که خەڵکێکی زۆر له کوردستان دەڵێن: "دەکا، دەچێ، دەخۆی، دەکەی، دەکەوێ". شتی واش ناتوانرێ بگوترێ که ئەم هەموو خەڵکه به هەڵه چوون. هەروەها ئەمەش ناتوانرێ بگوترێ که له شێوه ئاخاوتنەکەی ئەواندا (ڕاناو) نییه.

ئەم دوو شێوه ئاخاوتنه هەردووکیان دروستن و تەنیا جیاوازی لەهجەییان له نێواندا هەیه. دەتوانین ئەوەش به ڕاشکاوی بڵێین که له لەهجەی دووەمیشدا له ڕۆژگارانی کۆندا "ت" هەبووه و به هۆی (تطور)ەوه سواوه. چونکه قانونێکی گشتییه وشه بەرەو کورتبوون و سووکبوون دەڕوا نەك بەرەو درێژبوون و قورسبوون.

بۆ نموونه، (تطور)ی چەند وشه له ئەوێستائیەوه بۆ کوردی پیشان دەدەین:

ئەوێستایی	پەهلەوی	کوردی
ئائیوبانگهنه	همیان	هەمانه
دروج	دروچ	درۆ
دخیو	دهیوک	دێ
دسه	ده	ده
ماونگه	ماس	مانگ
تیگر	تیگ	تیخ
تیگری	تیر	تیژ
اینگه	آسن	ئاسن

دەمێنێتەوه ئەوه که بزانین بنج و بناوانی ئەم "ت"یه له کوێوەیه. "بەهار" دەڵێ: "جۆره (ت)ی یەك له ئەوێستادا خاصی کۆتایی وشەکانه[٥]". لێرەدا نموونەیەکی هێناوه و دەڵێ چ جۆره وشەییك.

بەڵام ئەگەر تەنیا له کۆتایی فیعلەکاندا هاتبێ ئەوا بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکەی ئێمه بەسه. ئەگەر له کۆتایی هەموو وشەیەکدا هاتبێ دیسان ئاشکرایه که فیعلیش وەبەر دەکەوێ. ئەما وا دیاره زیاتر له کۆتایی فیعلدا هاتبێ. چونکه لەو هەشت وشەیەی ئەوێستائیدا ئەگەر (ه)ش به (ت)ی سوك کراو بژمێرین تەنیا له کۆتایی سێ وشەیاندا هاتووه.

شتێکی دیکەش ئەمه پتەو دەکا. "بەهار" له پەراوێزی لاپەڕه (٣٠)دا دەڵێ: (له زمانی کۆنی دەرێدا له دووەم کەسی کۆی (مضارع)دا که دەبێ "ید" بێ، له جیاتیان "یت"یان دەهێنا، له جیاتی "کنید" و "روید" دیان گوت "کنیت" و "رویت".

بەهەر جۆر وا دیاره له ئەوێستائی و پەهلەوی کۆندا، له کۆتایی فیعلەکاندا دوای (ا) و (ی)، (ت) هاتووه. هەر ئەمەشه که له دوایی هێندێ فیعلی کوردیدا وەك: "دەڕوات" و "دەچێت" ماوەتەوه. له زمانی دەرێ کۆنیشدا ئەمه جاروبار به گۆڕینی (د) به (ت) ڕەچاوکراوه. بەڵام له پەهلەویدا لەبەرئەوه که "هیچ کاتێ له پێش (ن)ی مصدریەوه دال نەهاتووه[٦] و هەمیشه (ت) بووه، (ت)ەکه خۆی هاتۆتەوه، وەك ئەم دوو نموونەیه له (درخت آسوريك):

١-"بوژ او ام نيردت كواز هچ تو اور ترا ام پت وس گونك هير".

یانێ بزن دێته سەرم، به گژمدا دێ که من له تۆ له سەرەوەترم به گەلێ چەشنه شت.

-(نیردت) له (نیردیتن)ەوه هاتووه، یانی بەگژداچوون.

٢-"دت هم برت آويختند كذش آن گفته بوت درخت آسوريك".

یانی دوو هاوکێشه به یەکدا هەڵبرژان کاتێ (درخت آسوريك) ئەوەی گوتبوو.

-(بوت) له (بوتن)ەوه هاتووه، یانێ بوو.

٣-پاشگری (ره)، (وه)، (انێ).

١-پێشگری (ره) وەکو له سەرەوه باسکرا به مانای (له)یه. هەروەکو دەبێته پێشگر دەشبێته پاشگر و له دوای فیعلی (فەرمان-أمر)ەوه دێ. لەم کاتەدا ماناکەی دەگۆڕێ و بۆ (تەئکید)ه، وەك: بیڵێرەوه، قەرزەکەم بدەرەوه، دەرگاکەم لێ بکەرەوه، بیفرۆشەرەوه".

ئەم پێشگری (ره)یه، نه له پەهلەویدا هەیه و، نه له دەرێدا. له پەهلەویدا (رای) هەیه به مانای (بۆ). ئەمه له ئەردەڵان ماوه و دەگوترێ، له دەرێشدا (را) هەیه که نیشانەی (مفعول له -وه مفعولی به واسطه)یه و به دەگمەن بۆ (تەئکید)یش دێ. (ره) وەکو پێشگر و پاشگر وا دیاره له ڕۆژگاری گەلێ کۆنەوه له زمانی کوردیدا هەیه.

٢-پاشگری (وه) له فیعلەکانی وەك: بچۆرەوه، بڵێرەوه، بمدەرەوه، بکەرەوه و هی دیکەدا بۆ چەندپاته کردنەوەیه. ئەمه له پەهلەویدا به شکڵی (وا) هەیه و پێشگره و (اداتی اعادەیه) وەك: (واگویه) و (واگیر)

و (وارسی). مانایەکی دیکەشی هەیە کە (اپاچ-باز)ە و (نفی معیت) دەگەیەنێ وەك: (مهر از ما وا مگیر). هێندێ جاریش لە جیاتی (وا)، (فا) هاتووە[٧]. لە کوردیشدا (وە) دەبێتە پێشگر وەك: "وەکە، وەخۆ، وەنوسە". لە کرمانجی سەروشدا بە شکڵی (ڤە) هاتووە.

گوتمان (وە)ی پاشگر بۆ (اعادە) و دووپاتکردنەوەیە، لێرەدا پێویستە زۆر بە وردی سەرنج بدرێ. چونکە بە کابرایەك کەدەڵێی: "ئەو کتێبە بنووسەرەوە، یان، قەرزەکەم بدەرەوە، یان، ئەو گایەی کڕیوتە کە جوت ناکا بیفرۆشەرەوە". کابرا لەوە پێش کتێبەکەی نەنووسیوە، قەرزەکەی نەداوەتەوە و گاکەی نەفرۆشتووە و بە ڕواڵەت وا دیارە (اعادە) و دووپاتەکردنەوەیان تێدا نەبێ، وەك لە: بیلێرەوە و، بچۆرەوەدا هەیە. بەڵام کە لێی ورد دەبیەوە مەبەستەکە بەرفراوانە. ڕوی فەرمانەکە لە (اعادە) و دوپاتەکردنەوەی فیعلەکەیە، جا هەر ئەو کارا و (فاعل)ەو کردبێتی وەك لە: بیلێرەوە و بچۆرەوەدا، یا فیعلێکی تر وەك لە: بنووسەرەوە و بدەرەوە و بفرۆشەرەوەی نموونەکانی سەرەوەدا. تەنانەت بەرکار (مفعول)ەکانیش یەك بن وەك کتێب و وەرز و گا لە نموونە پیشان دراوەکاندا یان یەك نەبن وەك کەسێك بە کابرایەك دەڵێ: "ئەم کاوڕەم بۆ بکوژەرەوە". نە کابرا لەوەپێش ئەو کاوڕەی کوشتووە، نە کاوڕەکەش لەوەپێش کوژراوە. بەڵام فیعلی کوشتن لەوەپێش بە دەست فاعیلی تر لەمەڕ مفعولی تر کراوە.

-پاشگری (وە) لە فیعلی (بخۆرەوە)دا جگە لە مەبەستی (اعادە)، بۆ جیاوازی نێوان (اکل) و (شرب)ە.

٣-پاشگری (انێ) کە لە هێندێ فیعلی وەك: "دەچمەوانێ، دەچێتەوانێ" و هی دیکەدا کە لە سلێمانی و بانە و سەردەشت و مەریوان دەیڵێن، بنج و بناوانێکی تا ڕادەیەك دووری هەیە. "بەهار" دەنووسێ:

("کردتانی" و "کردمانی" و "کردشانی" صیغەی زۆر کۆنی زمانی دەرێن کە لە جیاتی هەوەڵ کەس و دووەم کەس و سێیەم کەسی کۆی ڕابردوو "جمع ماضی"[٨] کە دەبوو "کردیمی"، "کردیتی" و "کردندی" بڵێن- "کردمانی" و "کردتانی" و "کردشانی" یان دەگوت). لە "دەچمەوانێ" و "دەچێتەوانێ"دا ئەمە پەیدا بووە. بەڵام فەرقیان تەنیا ئەوەیە لە کوردیدا پاشگری (وە) -کە لە فارسیدا نییە- کەوتۆتە نێوان (م) و (ت)وە و بۆتە: "دەچمە(ەو)انێ و "دەچێت(ەو)نێ".

لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین تەنیا بوونی (انێ) لە دوو زمانی کوردی و دەرێدا ناتوانێ ببێتە بەڵگەی ئەوە کە زمانی کوردی لە زمانی دەرێ وەرگرتووە. بۆ ئیسپاتی ئەوە بەڵگەی پتەوتر پێویستە. شتی دیکەی وەك ئەمەش هەروایە. هەڵدەگرێ هەردوو زمانی کوردی و دەرێ، (انێ) و شتی دیکەی وەك ئەوەیان ڕاستەوخۆ لە زمانان و لە لەهجەکانی پێشووتر وەرگرتبێ. ڕونکردنەوەی ئەم جۆرە شتانە لێکۆڵینەوەی هەراوتر و قوڵتری دەوێ.

٤-پاشگری (ك)، (ا):

مامۆستا مەسعود زۆر باشی بۆ چووە کە دەڵێ: "ك" پاشگرە. ئەم مەسەلەیە لە زمانە ئێرانییە کۆنەکاندا ڕیشەیەکی قوڵی هەیە. لە زمانی پەهلەویدا، لە کۆتایی هێندێ وشەی "مصغر و نا مصغر"دا کە ئەمڕۆ "هایەکی غەیرە ملفوظ" دەبینرێ کافێك لە نێوان کافی عەرەبی و فارسیدا هەبووە. وەك: "بندك"، "دستك" کە بۆتە: "بندە" و "دستە" و جاروبار ئەو کافە ماوەتەوە، وەك: "مردك" و "کۆدك[٩]".

لە زمانی کوردیدا پاشگری (ك) هەیە، مەیدانیشی زۆر فراوانە و بۆ گەڵێ مەبەست دێ:

١-بۆ (تصغیر) و بچوککردنەوە، وەك: دار- دارك (دارکەتۆتن).

لان- لانك (بێشکە). قۆڵ- قۆڵك. دڕ- دڕك. شۆڵ و تۆڵ- شوڵك و توڵك.

٢-بۆ (عهد وتعریف) وەك: میوانەکەم بەڕێ کرد، شتەکەم دایە،ماڵی چووە خانووەکەوە.

٣-بۆ (اتصاف و خاوەنایەتی) وەك: شل- شلك. تەڕ- تەڕك. ڕوخ- ڕوخەك. سەر- سەلك، سەرەك. بن- بنك. لاو- لاوك. ڕەو- ڕەوەك.

٤-بۆ (ئالەت و هۆ) وەك: زەرد- زەرتك (هۆی زەردکردن) بە "گێنۆ" دەڵێن کە گیایەکە بەنی پێ ڕەنگ دەکەن. (کوت- کوتەك (هۆی کوتان).

٥-بۆ میهرەبانی، وەك: ژن- ژنەکە. پیاو- پیاوەکە. کوڕ- کوڕەکە. کچ- کچەکە.

٦-بۆ دیاریکردنی کات و زەمان، وەك: بەیان- بەیانەکێ. شەو- شەوەکی.

٧-بۆ دیاریکردنی لاو "جهة" وەك: لا- لاوەکێ. ڕاست- ڕاستەکی. چەپ- چەپەکی.

٨-بۆ دیاریکردنی "محل" و جێگا، وەك: ناو، نێو- ناوك، نێوك. خلیس- خلیسك.

٩-بۆ دیاریکردنی "حاڵەت، وەك: بزر- بزڕك. دامرد- دامرك. ئاڵۆز- ئاڵۆزك، ئاڵۆسك. هەڵتروش- هەڵتروشك.

هی دیکە و بۆ مەبەستی دیکەش وەك: ملوانك، بەروانك، رانك، جلك، بان بانك، ئاوماڵك (ئەو پل و پوشەی ئاو ڕایدەماڵێ و دەیهێنێ)، شۆرتك (لە موکریان بە جێی خۆشۆردن دەڵێن) لۆرك، نێرك و نێرتك. گرتك (پارچە ئێسکی بە گۆشتەوە).

هەر بەو جۆرە کە لە هێندێ وشەی وەك: نەخش، ڕەنگ، ڕەخس و هی دیکە فیعل دروست دەکرێ و دەڵێن: ڕەنگاندومە، دەیڕەنگێنم، نەخشاندومە، دەینەخێشنم، ڕەخسا، دەڕەخسێ، لە هێندێ لەمانەش فیعل دروست دەکرێ، وەك:

لە خلیسك- خلسکام، خلیسکای، خلیسکا

لە بزڕك- بزڕکام، بزڕکای، بزڕکا

لە هەڵتروشك- هەڵتروشکام، هەڵتروشکای، هەڵتروشکا.

هی دیکەش. لە هەموو ئەمانەدا "ك" پاشگرە و (ا) وەکو (ا)ی خورا، کرا، برا.. پاشماوەی (ان)ی مصدرییە، دوای قرتانی (ن)ەکە.

٥-هاتنی ڕاناوی لکاو لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجی سەرودا

مامۆستا مەسعود دەڵێ: "باسی ناوگر وەکو هەموو باسێکی دیکەی ڕێزمانی کوردی لە شێوە ئاخاوتنی ئێستاکەمان سەرهەڵدەدات، نەك لە بنج و بناوان و سەرچاوەی چەند سەد و چەند هەزار ساڵ لەمەوپێش. گریمان بە تۆژینەوەیەکی مێژوویی و ورد و قوڵ بۆمان دەرکەوت فلانە پاشگر و پێشگر و ناوگر لە کۆندا نەبوون یا جۆرێکی تر بوون، ئێمە هەر دەبێ وەك ئێستایان سەیربکەین و بیاننرخێنین".

قسەیەکی دروست و ڕەوایە و گومانی تێدا نییە کە ئێمە دەبێ هەروەك ئێستا بڕوانینە زمانەکەمان و تایبەتیەکانی بنرخێنین و بە ناوی ئەوەوە کە فلانە شت لە فلانە کاتدا هەبووە و ئێستا نەماوە ناتوانین و ناشبێ بەسەر زمانەکەمانیدا بسەپێنین. هەروەها ئەو شتەش کە ئێستا هەیە و لە زەمانی کۆندا نەبووە ناتوانین و نابێ بە ناوی ئەوەوە کە ئەوسا نەبووە لە زمانەکەمانی دەرهاوێژین. بەلام وەکو دەزانین زمانەکانی پەهلەوی، دەری، کوردی و چەند زمانی تریش هەموویان لە ڕەگەزێکن. پەهلەوی و دەریش وەکو کوردی لە چەند لەهجەی جیاواز پێك هاتوون و تەئسیریان لە یەکتردا کردووە. زمانی کوردیش لەبەر خزمایەتی لەگەڵ ئەوان و نزیکی لەو زمانانە شتی هاوبەشی لەگەڵ ئەوان کەم نییە. شتی واش لە زمانی کوردیدا هەیە سەرچاوەکەی دەگاتەوە زمانی ئەوێستایی یا پەهلەوی بەلام لە زمانی فارسی ئێستادا نەماوە. لەبەرئەمە داخستنی دەرگای تۆژینەوەی تایبەتییەکان و تێکستەکانی ئەو زمانە کۆنانە، لە سنوری پێویستدا، بۆ دۆزینەوەی بنج و بناوانی مەسەلەیێکی ڕێزمانی کوردی، یا چەشنی (تطور)ی وشە.. ڕەوا نییە. بەلام ئەگەر ئەم تۆژینەوەیە هەر بۆ چەنەلێدان و فروفیشاڵ و خۆهەڵکێشان یا لەمەر شتی لاوەکی و ناپێویست بێ، بێگومان نابێ گوێی بدرێتێ. جا ئێستا ئەوا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی مەبەستەکە.

هاتنی ڕاناوی لکاو لە پێش فیعلەوە لە شێوەی کرمانجی سەرودا، وەك:

وی گرت، وان گرت، من گرت، مەگرت، تەگرت، وەگرت.

یا لە شێوەی کرمانجی خوارودا لە کاتی نەفیدا وەك:

نەمگرت، نەتگرت، نەمانگرت، نەتانگرت، نەیانگرت، ڕیشەیەکی قوڵ و کۆنی هەیە و لە زمانی پەهلەویشدا هەبووە. "لە زمانی پەهلەویدا ڕاناوی فاعلی لە پێش فیعلەوە هاتووە. ئەم ڕاناوە یا بە نیشانەی اضافە، یا بە (آف) بە مانا واوی عاطفە، یا بە واوی عاطفە، یا بە ڕاناوی ئیشارەی (ان)ەوە.. لکاوە و لە پێش فیعلەوە هاتووە(١٠)".

ئەوا دوو جۆر لەو نموونانەی "بەهار" هێناونی پیشان دەدەین:

افم- وم	افمان- ومان
افت-وت	افتان- وتان
افش-وش	افشان- وشان

ڕاناوی جۆری یەکەم ئاوا صرف کراوە.

افم گپت- من گوتم	افمان گپت-ئێمە گوتمان
افت گپت- تۆ گوتت	افتان گپت- ئێوە گوتتان
افش گپت- ئەو گوتی	افشان گپت- ئەوان گوتیان

ڕاناوی جۆری دووەم، یانێ: وێم، وێت، وێش، وێمان، وێتان وێشان هەر بە شکڵی خۆیان لە شێوەی هەورامیدا ماون:

وێم- وەرنە شێتە وێم دڵ وەشێ دڵەن
گیان جە تەن بەرشی ئاماش موشکوڵەن
(مەولەوی)

وێت- پەرسا بێت چۆنی؟ وێت غەڵەت کەردەن
مەر نمەزانی دوریت چ دەردەن؟
(مەولەوی)

وێش- هەنارەکەی دڵ پڕ جە دانەی ئێش
پیشیای کورەی نار عەشق وێش
(مەولەوی)

وێمان- سەوزەی خاك پاك یاران هام فەرد
فرەمان وە فەرش بەزم وێمان کەرد
(مەولەوی)

وێتان- شەرح حاڵ وێم مواچو پێتان
ئێوە مزاندێ بە بەخت وێتان
(خانای قوبادی)

ڕێشان- چونکە بەی دەستور شا بێ صلاحش
بە ڕەسم وێشان بەستن نیکاحش
(خانای قوبادی)

پەراوێزەکان:

١-(بەهار) نازناوی شیعرییەتی، لەقەبی (ملك الشعرا)یە، ناوی خۆی محەمەد تەقییە، شاعیرێکی پایەرزی ئێرانی و زماناسێکی ناسراو بووە. لای پرۆفیسۆر (هێرتسفێڵد)ی ئەڵمانی پسپۆڕی زمانەکانی ئەوێستایی و پەهلەوی نهێنیەکانی ئەو زمانانەی بە دەرس خوێندوە و لێیان شارەزا بووە. کتێبەکەی ئەو (سبك شناسی) بۆ خوێندنە لە زانستگای تاران، ئەوانەی دەیانەوێ پایەی دوکتۆرا لە ئەدەبی فارسیدا وەرگرن دەبێ ئەو کتێبە بخوێنن.

٢-سبك شناسی لاپەرە ٣١٩.

٣-سبك شناسی لاپەرە ٣٢٧.

٤-ڕەنگە نەمتوانیبێ مەبەستەکە بە ڕوونی دەربڕم. چونکە مامۆستا مەسعود ئەو وشانەی بە تەردیدەوە هێناوە نەك لە سەریان سوور بێ.

٥-سبك شناسی لاپەرە ١٩١.

٦-سبك شناسی لاپەرە ٣٠٩.

٧-سبك شناسی لاپەرە ٣٩١.

سەرچاوە: "گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد"، بەغدا، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧، ل ١١٣-١٣٤دا بلاوبۆتەوە.

بەسەرداچوونەوە*

مەسعود محەمەد

ئەم گوتارەی مامۆستا قزڵجی کە بە عینوانی "لە بارەی هێندێ لە نهێنییەکانی ڕێزمانی کوردی" بۆ گۆڤاری کۆڕ هاتووە، دەنگدانەوەیەکی نرخدار و دڵسۆزانەیە لەوەوە بەرانبەر یەکێك لە بەرهەمە ڕێزمانییەکانی کۆڕی زانیاری کورد، ڕێگە ڕووناك کەرەوەی ڕێبازێکی زمانی کوردیشە. گوتارەکە لەو ڕووپەڕانەی ژورا، بێ دەسکاری و لێپرسینەوە و لێگۆڕین، بڵاوکرایەوە، ناوناوەیەك نەبێ کە بە ناچاری شێوەی ڕێنووسەکەی لەگەڵ شێوە ڕێنووسی کۆڕ گونجێندرا بۆ ئەوەی تا ڕادەی لوان، لەگەڵ چاپکراوەکانی تری کۆڕدا لە ڕووی ڕێنووسەوە یەك ئاهەنگ بێت.

بە عادەت گوتار لە لایەن نرخێنەرەوە تەماشا دەکرێت و ئەو تێبینییانەی هەیبێت بۆ خاوەنی گوتار دەچێتەوە تاکو سەرلەنوێ لەبەر تیشکی ئەو تێبینییانەدا بە گوتارەکەیدا بێتەوە و چی بە ڕاستیان دەزانێت بە هەندیان هەڵبگرێت و لە دووبارە پێداچوونەوەدا جێگەیان بۆ بکاتەوە. ئەوەی ڕێك کەوتنیشی لەسەر نەبێت دەخرێتە بەرچاوی ئەنجومەنی کۆڕ و ئەو بڕیار لە بارەیەوە دەدات.

ئەم جارەیان لەبەر دووری نشیمەنی خاوەن گوتار و بە نیازی کورتکردنەوەی کاتی پێویست بۆ ئەم شێوە "دوو بارخانە"یەی[1] درێژخایێن، ئەنجومەنی کۆڕ لێمی سەلماند ئەوا تێبینییەکانم لە شێوەی گوتاردا یەکسەر بەدوا ئەو گوتارەدا چاپ بکرێن بێ ئەوەی لە پێشەوە بخرێنە بەر نیگای خاوەن گوتارەوە، لەمەشدا نە زیانێك پەیدا دەبێت، نە ڕاستی و زانستیش وەتەنگ دێن.

مامۆستا قزڵجی، وەك لە بەر فرەوانی لێکۆڵینەوەکانی و سەرەژوور تێهەڵکشانی بەرەو مێژووەوە دەردەکەوێت، لە گەلێك جێگە و گوتەدا بۆی ڕێك کەوتووە پارێز بباتە ڕایەکانم و بە تیری ڕەخنە بیانپێکێت، بەڵام ویستوویەتی جوانمەردی خۆیان لێ بەکاربهێنێت و بەشی زۆریان جەب بدات. من هەرچەند هەست بە چاکەکردنیشم تیژیش بێت و بە چاوی خێلەوە[2] سەیری چاکە بکەم، دەشی کەم، هەرگیز وەتەنگ نایەم لەوەی نشتەری پسپۆڕی دۆست و دڵسۆز لەشی هەموو بەرهەمێکم کوناش کوناش بکات. حاجی قادر گوتەنی:

"پێم خۆشە غەزەل فەرشی قدوومی غوقەلا بێ"

هەر ئەم تێبینیکردنەی باخەڵ فەڕاحی دۆستێکی زانای وەك مامۆستا قزڵجییە وا ڕێگەم پێدەدا لە وەرامی ڕەخنەدا، وەیا لە تەك دەرنەزەر خستنی ئەوەی بە "پوختتر"ی دەزانم پەروای دوودڵی کردن و زمان گرتن لەبیر خۆم ببەمەوە و بێ خوتخوتەی دڵ شکستە کردن و کۆمەی دۆست ڕەنجاندن مەشقی خامەڕانی بکەم.

بە دوا گوتارەکەی مامۆستادا، ئێستا پێ بە پێ و جێ بە جێی تێبینی تێدا کردن، چی لام هەبێت، لەوانەی خزمەتی باسەکە دەکەن، بە زنجیرە دەخرێنە بەرچاوی خوێنەرانەوە. واش بووە ترسی درێژەی لە حەد بەدەر قسەی لێ کورت کردوومەتەوە، وەیا هەر بە جارێ بێ قسەی کردووم. وەك بزانم تازەیی ئەو باسانە داخوازی شیکردنەوەی نەفەس درێژ دەکات.

-١-

بە پێی ئەوەی لە لاپەڕە (١١٣، ١١٤)ی گۆڤاردا نووسراوە وا دەفامرێتەوە کە لە نووسینەکەی ناو "چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی"دا لەو مەبەستانە دواوم کە لە کۆتایی لاپەڕە (١١٣) و سەرەتای لاپەڕەی دواتردا ڕیزیان بەستووە. لێرەدا ناوی ئەو سەرەباسانە دەنووسم کە لە (حەشارگە..)دا لێیان کۆڵراوەتەوە:

١-حەشارگەی "ڕاناوی".

٢-حەشارگەی پاشگرەکان "کار" کە بریتین لە (١، کا، را).

[1] دووبارخانە: کاروانچی کاتێك ژمارەی بارەکانی لە ژمارەی وڵاغەکانی پتر بوو هەموو وڵاغەکانی باردەکات و بارەکان تا نیوەی ڕێگەی قۆناغ دەبات و دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو بارانەی بەجێمابوون، ئەوانیش دەباتە لای بارەکانی تر. هەر بەوپێیەش بەشەکەی تری ڕێگا بە شێوەی "دووبارخانەیی" دەبڕێت.

[2] مەشوورە، دەگوترێ خێل یەك بە دوو دەبینێ.

٣-حەشارگەی "فیعلی انتقالی و انتقالی پێچەوانە".

٤-حەشارگەی "ناوگر".

دوای ئەمانە، بە زیادەوە و بێ ئەوەی ژمارەی بۆ دابندرێت، لە ڕاناوبوون و ڕاناونەبوونی ئەو "ت"ە دواوم کە لە کاری ئاینەدەدا دەکەوێتە کۆتایی ڕێژەی لەمەڕ کەسی سێیەمی تاکەوە، وەك: دەڕوات، دەچێت.. لەمەوە دەردەکەوێت من لە (حەشارگە..)دا باسی پاشگری "رە، وە، انێ"م نەکردووە کە لە گوتارەکەدا لێیان کۆڵراوەتەوە. ئەم ئیشارەتەش بە هیچ جۆرێك دەخلی بەسەر نرخ و ناوەڕۆکی گوتارەکەوە نییە چونکە ئەدوانی من لەو شتانە نرخان لە گوتارەکە داناشکێنێت، لە سەنگیشی کەم ناکاتەوە.

-٢-

لە لاپەڕە "١١٤"ی گۆڤاردا کە لە دەسنووسی مامۆستا قزڵجییەوە بە چاپ گەیشتووە نووسراوە فیعلی "برگشتن" تێپەڕە. نەمویست نووسینەکەی مامۆستا دەست لێبدەم هەرچەند دەزانم مەبەستی ئەوە بووە بڵێ "تێنەپەڕە"، کە ئەمەش ڕاستی فیعلەکەیە، چونکە لە قسەکانی دواتریدا کە دەڵێ "برگردانیدن" تێپەڕی عام و "برگاشتن" تێپەڕی خاص بووە دیارە دەبێ بە لای ئەویشەوە "برگشتن" تێنەپەڕ بێت.

-٣-

لە لاپەڕە "١١٥"دا فیعلی "سون، جون" هاتوون، گوایا لەوانەوە دوو فیعلی "ساوین، جاوین" بە لێ زیادکردنی ئەلفێك لەهەر یەکێکیان پەیدا بوون.

لە پێشەوە دەبێ بڵێین ئەگەر سەلماندمان "ساوین، جاوین" لە "سون، جون"ەوە هاتوون پێویستە بیسەلمێنین کە نەك تەنها ئەلف، بەڵکو یێش بە زیادەوە هاتووە، بەوپێیە ئەلفێك لە دەرەوە هاتۆتە بەرایی واوەکە و یێیەکیش هاتۆتە دوایەوە، کە ئەمە شێوەیەکی نەدیتراوە لە پەیدابوونی ناوگر لە فیعلی کوردیدا.

من وا دەزانم فیعلەکان لە بنەڕەتدا "ساوین، جاوین" بوون و بە تێپەڕینی کات و گۆڕانی ئاخاوتن بەرەو سووکی و کورتی شێوەی کورتتر و سوکتریان لێکەوتۆتەوە. ئەوەی لە ئاخاوتنی ناوچە جوداکانی کوردستاندا دێتە بەرگوێ ئەم سێ شێوەیەیە:

ساوین: ساویم، دەساوم

سوین: سویم، دەسووم

سوون: سووم، دەسووم

فیعلی "جاوین"یش دوو شێوەی "جوین، جوون"ی لێ دەبیسرێ و هەر سێ شێوەش لە باودان.

دیارە ئەم فیعلانە هەوەڵ جار ئەلفەکەیان قرتاوە و بوونەتە "سوین، جووین" دواتر کورتتر کراونەتەوە بۆ "سوون، جوون".

من له گوتاری ترمدا نووسیومه چۆن وشەی "دژنێو- به واتای دشنامی ققارسی" ئەم گۆڕانەی بەسەردا هاتووە.

دژنێو- جنێو- جوێن- جوون.

ساوین و جاوینیش نەختێکی ڕێگەی "دژنێو- جوون"یان کوتاوەتەوە و بوونەتە "سوون، جوون". ئەم باوەڕە لە ڕێگەیەکی تریشەوە پتەو دەبێت، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کە هاتنی ناوگر بۆ ناو وشە گۆڕان بەسەر واتایدا دەهێنێت کەچی دەزانین "جاوین- جوون" "ساوین- سوون" واتایان نەگۆڕاوە، کەواتە دەبێ وشەکانی لە ڕێی لێسوان و لێقرتانەوە شێوەیان گۆڕابێت چونکە بەمەدا واتای وشە ناگۆڕێت وەك کە وشەی "هەستام، هەڵستام" و چەندین وشەی تری کورتکراوەی کوردی واتا گۆڕانیان تێدا پەیدا نەبووە. ئەم لێکدانەوەیە تەنها لە حاڵێکدا هەڵدەوەشێتەوە کە بە توێژینەوەی مێژوویی بسەلمێندرێ، لە کۆندا وشەکان "سوون، جوون" بوون دوایی لێیان زیادکراو بوون بە "ساوین، جاوین".

-٤-

لە لاپەڕە "١١٦"دا وشەی "بوردن، بواردن" هاتووە: من لە "حەشارگە.."دا باسی ئەمەم کردووە، بەڵام لێرەدا دەبێ بڵێم "بوردن" کە کارێکی تێنەپەڕە بە واتای "بەخشین"ی پاتەوپات نایەت چونکە "بەخشین" کارێکی تێپەڕە، دیارە تێپەڕ و تێنەپەڕیش پێکەڵ نابن. ئەوەی بە واتای "بەخشین"ی تەواو دێت وشەی "لێبوردن"ە کە تێپەڕی بە واسیتەیە. دەبێ بگوترێ "من لە تۆ بوردم" ناشێ بگوترێ "من ئەتۆم بورد". ئەوەی بەسەر زارانەوەیە و دەگوترێ "بمبورە" تەواوێك لە دەستووری لاداوە و ڕاستییەکەی "لێم ببوورە"یە. دەگوترێ "دارام بوارد، دارا منی بوارد، بمبوێرە.." چونکە "بواردن" کارێکی تێپەڕە و جێی خۆیەتی بەرکاری بێ واسیتەی هەبێت..

بە دوا "بوردن- بواردن"دا من لەگەڵ ڕای مامۆستا قزڵجیدام کە دەڵێ دوو وشەی "ئەنگوتن- ئەنگاوتن" تێنەپەڕ و تێپەڕی یەك کارن هەرچەند لە گەلێك شێوە ئاخاوتندا ئەنگوتن بە واتای "بزوتن [گەلاوێژ ئەنگوت]، هەڵکردن [نەسیم ئەنگوت].." و واتای ئەوتۆیی تریش بە زۆری لەکار دێت. من لە "حەشارگە.."دا ئەم دوو وشەیەم هەڵبوارد چونکە هەندێ برادەری زمانزان لێان نەسەلماندم واتای تێپەڕ و تێنەپەڕی یەك کار هێندەی "ئەنگوتن، ئەنگاوتن" لە یەکتر دوور بکەوێتەوە، ئەو برادەرانەش نەیانبیستبوو کارەکان بەو واتایە دێن کە مامۆستا قزڵجی باسی کردووە [بە واتای پێکران، ئەنگێوران].

بە پێچەوانەی ئەوەی مامۆستا لە بارەی "هەڵئەنگاوتن"ی گوتووە کە گوایا ئەم کارە وجودی نییە، لە زۆر ناوچەی کوردەواری دیوی کوردستانی عێراقدا دەگوترێ "لولەی تفەنگەکەم هەڵئەنگاوت دەنا کابرام دەکوشت- جۆگاکەم نەختێك هەڵئەنگاوت و ئاوەکەم سەرئەرز کرد..".

-٥-

لە بارەی کارەکانی "شردن [بووبێتە شاردن]، ژمردن [بووبێتە ژماردن]، بژردن [بووبێتە بژاردن]".. من وا دەزانم ئەسڵی ئەم فیعلانە "شران، ژمران، بژران"ە کە لە جۆری فیعلی مطاوعی وەك "سوتان، رمان، پاشان"ن. ئەمانە بە هۆی ناوگر دەبنە "شاردن [ەوە]، ژماردن، بژاردن" ڕێژەی "مبنی للمجهول"یشیان تا ئێستا بە پێی دەستووری گشتی لە ئاخاوتندا هەر ماوە و دەگوترێ "دەژمێردرێ، دەشاردرێتەوە، دەبژێردرێ" کەواتە دەشێ بڵێین لە ڕووی بەراورد کردنەوە ئەم لیستەیە پێکدێت:

تێنەپەڕ	تێپەڕ	مبنی للمجهول
رما	رماندی	رماندرا [رمێندرا]
سوتا	سوتاندی	سوتاندرا [سوتێندرا]
پسا	پساندی	پساندرا [پسێندرا]
شرایەوە	شاردییەوە	شاردرایەوە
ژمرا	ژماردی	ژماردرا [ژمێردرا]
بژرا	بژاردی	بژاردرا [بژێردرا]

لێرەدا ئەو ڕەخنەیەم لێ ناگیرێ کە بگوترێ "سوتا، رما، پسا" بە هۆی "اند"ەوە بوونەتە تێپەڕ کەچی "شرا، ژمرا، بژرا" لە ڕێگەیەکی ترەوە بوونەتێ، چونکە مەرج نییە هەموو فیعلەکان بە یەك ڕێگەدا بەرەو تێپەڕی بڕۆن: بە نمونە، فیعلی "ئەنگوا- بە واتای پێکرا" بە هۆی "اند" ناکرێتە تێپەڕ و نابێتە "ئەنگواندی" بەڵکو دەبێتە "ئەنگاوتی" کە هەر خۆی ڕێژە تێپەڕی "ئەنگوت"یشە.

ئەگەر ئەم بۆچوونەم ڕاست بێ کاری (سپاردن)یش هەمان جۆر هاتنی لە "سپران"ەوە جێی باوەڕپێکردن دەبێ. وەك لە "حەشارگە.."دا گوتوومە "سپرا، دەسپرێ" لە نێوان خێڵەکانی بەشێکی هەرێمی ڕانیە و قەڵادزە و کۆیەدا دەبیسترێ. ئەگەر بشڵێین "ژمرا، شرایەوە، بژرا، سپرا" ڕژەی مبنی للمجهولن دەبێ بسەلمێنین کورتکراوەی "ژماردرا، شاردرایەوە، بژاردرا، سپاردرا"ن. ڕەنگە توێژینەوەی مێژوویی بەلایەکیاندا ساغ بکاتەوە. ئەوەی مامۆستا قزڵجی لە بارەی "ژماردن"ی گوتووە کە گوایا لە "شمردن"ەوە بە ئەلفێکی زیادەوە هاتووە [کۆتایی لاپەڕە "١١٧"] ناوگرمان بە دەستەوە نادات چونکە "ژماردن"ی کوردی بەرامبەر و پێکەڵپێکی "شمردن"ی فارسییە و هەردوویان تێپەڕن. وا بزانم نابێ بڵێین "ژماردن" لە "شمردن"ەوە هاتووە بەڵکو هەر ئەوەندە ڕێگەیەمان هەیە کە بڵێین لە کوردیدا ژماردن بە واتای "شمردن"ی فارسییە هەر وەك "پێ"ی کوردی بەرانبەر "پا"ی فارسییە.

-٦-

منیش وەك مامۆستا قزڵجی [لاپەڕە "١١٨"]، لە "حەشارگە.."دا گوتوومە "بزوتن" بە هۆی ناوگرەوە لە تێنەپەڕەوە بۆتە "بزاوتن" کە تێپەڕە.. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم لە هەندێ شوێنی کوردستانی عێراقدا لە جیاتی "بزوێو" وشەی "بزۆز" بەکاردەهێنن، واش پێ دەچێ ڕێژەیەك بێت لەوانەی تا ئێستا بەر حیسابان نەکەوتوون، هەڤاڵیشی هەن وەك لەم نموونانەوە دەردەکەوێت:

بزۆز

کلۆڵ

گلۆڵ

فسۆس

-٧-

ڕۆنشتن و دانشتن [وەیا دانیشتن] لە یەك واتادان و زۆریش باون، بەڵام کە بە هۆی "اند" بکرێتە تێپەڕ دەبێتە "دانیشاندن- ڕۆنیشاندن"، دیارە کە بە هۆی ناوگری "ا" بکرێتە تێپەڕ دەبێتە "ناشتن" و تەواوێك لە واتاکەی دەگۆڕێت، ئەمەش مافی بێ دەمەتەقەی ناوگرە: پاشگری "اند" هەر ئەوەندە دەکات کە لە تێنەپەڕەوە تێپەڕ دروست دەکات بێ ئەوەی واتای بگۆڕێت.

-٨-

لە لاپەڕە "١٢٠"دا وا ڕاگەیەندراوە کە وشەی "پەساردن- هەڵپەساردن" لە "سپاردن"ەوە هاتووە و واتاکەی گۆڕاوە. وا دەزانم بەڵگەیەك نییە ئەمە بسەپێنێ، پتریش لەگەڵ باوەڕدا دەگونجێ بگوترێ هەردوویان وشەی سەربەخۆن و لە بنەڕەتدا لە یەکتر جودان وەکو هەموو دوو وشەی تری لە یەکتر جودا. گەلێك وشە هەن لە کوردیدا وەك ئەم دوو وشەیە حەرفەکانیان [دەنگەکانیان] هاوچەشنن بەڵام لەدوایەکترداهاتنی دەنگەکان و واتای وشەکان جودان وەك: گەرم، مەرگ- دەرز، زەرد- زێڕ، ڕێز.. چ بەڵگەیەکیشم بە دەست کەسەوە نەدیتووە ئیسپاتی ئەوە بکات کە یەکێکیان لەوی ترەوە وەرگیراوە.

-٩-

لە بابەت وشەی "خوردن، خورتن، خو.."ەوە کە لە لاپەڕە "١٢١" باس کراوە دوو تێبینیم هەیە:

یەکەم: لەم وشانەوە کە سەرچاوەی "خواردن"ی ئێستاکەی کوردی بە دەستەوە دەدەن دەزانرێ بۆچی ئەم وشەیە لە تەصریفدا وەك ئەو کۆمەڵە وشانە نییە کە هاوکێشن و بەریەك دەستووری بێ کەلەبەر و بێ ڕیزپەڕی تصریف دەکەون وەك:

بواردم	دەبوێرم
هەناردم	دەهەنێرم
ژماردم	دەژمێرم
بژاردم	دەبژێرم
سپاردم	دەسپێرم

فیعلی "خواردم" دەبوو بە پێی ئەم دەستوورە لە ئایندەدا ببێتە "دەخوێرم" کەچی دەبێتە "دەخۆم" ناوناوەیەکیش لێرە و لەوێ دەگوترێ "دەخۆرم". بەڵام کە زانرا بە ئەصل "خواردن" نەبووە چ گلەیی لەوەدا نامێنێ کە ڕێژەی ئایندەی بچێتەوە بەرەو ڕێژەی ئەو سەرچاوەیەی کە لێیەوە هەڵقوڵیوە.

دووەم: کە زانیمان دەنگی "ا"ی ناو وشەی "خواردن" لە دەنگی فەتحە "ە"وە هاتووە نابێ بڵێین ناوگرە و لەلاوە هاتووە بۆ ناو وشەکە بەڵکو ئاشکرایە کە لە ئاکامی گۆڕانەوە پەیدا بووە، گۆڕانیش باسێکە زۆر جودا لە باسی "ناوگر".

-١٠-

لە بارەی وشەی "برێشکە"وە کە ئەویش لە لاپەڕە "١٢١"دا باس کراوە من هەر وا دەزانم بە هۆی ناوگری "ێ" لە "برژان"ی کوردییەوە پەیدا بووە نەك لە "وریژیتك"ەوە، بەڵگەشم وشەیەکی ترە کە ئەویش، هەمان جۆر، ئەم دەنگەی "ێ" تێدا بە ناوگر هاتووە، وشەکەش "نان برێشك"ە کە خەڵق کردوویانەتە "ناوبرێشك". وا دەزانم زۆر زەحمەتە زمانی کوردی لە وشەی "وریژیتك"ەوە ڕێژەی "برێشك"ی بۆ وشەی "نان برێشك- ناوبرێشك" خواستبێتەوە بە تایبەتی کە لە کۆنەوە وشەیەکی وەك "نان بریژیتك" نەبووبێت بیکەین بە بنەمای وشەکەی ئێستای کوردی.

-١١-

لە وشەکانی "برنج، ئاسەوار [لاپەڕە "١٢٢"]، کۆمەڵ [لاپەڕە "١٢٣"]، دروێنە" بێ سێ و دوو لێکردن هاتمە سەر ڕایەکەی مامۆستا قزڵجی، لە دوو وشەی "ئاسەوار، کۆمەڵ"یش وێڕای قەناعەت هێنان، ڕوون بوونەوەیەکی زمان ناسانەشم پێگەیشت بە تایبەتی لە وشەی "ئاسەوار"ەوە. بەڵام وا دەزانم دەنگی "ێ"ی ناو وشەی "دروێنە" لە "دروین"ەوە گۆڕاوە نەك "دروان" چونکە ئەمەی دوایی تێنەپەڕە "دروون، دروین"یش تێپەڕە. "سوان، بڕان"یش هەردوویان تێنەپەڕن "سوین، بڕین"یش تێپەڕن..

-١٢-

وشەی "پێژە" ناشێ لە "پێژان"ی "خشت پێژان"ەوە هاتبێت کەوا لە لاپەڕە "١٢٣" باس کراوە چونکە واتای "پێژە" لە وشەی

"ڕێـژە و پێـژە"دا بڵاوبوونەوەیـە نـەك كەوتنـەوە سـەریەك و ڕێـك كەوتن. بڵاوبوونەوەش بۆ "پژان" دەچێتەوە.

بـە داخـەوە لـە دەستنووسـەكەی مامۆسـتا قزڵجـی دوو وشـە هـاتوون، نیشانەیەك بەسـەر پیتێكـی هەریـەكێك لـەو دوو وشانەوە هەیە بەڵام نازانرێ هی كام پیتە. وشەكان "گیرە، گیران"ن، لە چاپ كردندا بوون بە "گێڕە، گێڕان" دیاریشە نابێ وا بن.

-١٣-

وشـەكانی "خارشـت، شـەبەق، ئـاراو [لاپـەڕە "١٢٣"]، ڕەمانـە [لاپـەڕە "١٢٤"] دەمەتەقـە هەڵـدەگرن، ڕەنگـە لێـشیان بـە كۆتـایی نەگەین، ئەوەندەش گرنگ نین زۆریان پێوە ماندوو بین، لەبەرئەمە بەسەریاندا نەڕۆیشتمەوە.

-١٤-

لـە بـارەی خـاڵی دووەم كـە لـە كۆتـایی لاپـەڕە "١٢٤" و بـەرەو دواوە باسی "ت"ی كۆتایی هێندێ فیعل دەكات، مامۆستا لەوەدا لەگەڵم گونجاوە كە دەڵێم ئەو تێیانەی كۆتایی فیعلی كەسی دووەم و سێیەمی تاك، وەك "دەخۆیت، دەكەیت- دەبات، دەچێت.." ڕاناو نین نمونەی وشەی كۆنی دەرێ و ئاوێستاشی هێناوە كە لەواندا، وەك لە پەهلەویدا، [بە پێی نوسینی ناو گوتارەكە] ئەم تێیانە بـەكارهاتوون. بـەڵام لـە گۆشـەنیگای ڕێزمانـەوە، وا دەزانم، ئـەو بەڵگانـەی من لە "حەشارگە.."دا هێنابووم بۆ ڕاناو نەبوونی ئەو تێانە [بە تایبەتی هی كەسی سێیەمی تاك] پتر ئیسپاتی مەبەست دەكـەن لـەوەی كـە بزانـدرێ لـە كۆنـەوە تـێ لـەوە شـوێنانەدا بـەكارهاتوون چـونكە ئـەو كەسـەی بڵـێ تێیـەكانی ئیمـڕۆ ڕانـاون دەتوانێ بڵێ لە كۆنیشەوە ڕاناو بوون، بگرە پتریش بەردەوام دەبێ لەسەر بیروڕای خۆی كە دەزانێ بەر لە دوو هەزار ساڵ زیاتر ئەم جۆرە تێیـە بـەكارهاتوون، بـەڵام كـە بەڵگـەی پتـەو ئیـسپاتی ڕأنـاو نەبوونیانی كرد چ بایەخێك نامێنێ لەوەدا ئایا كۆنن یا تازە. من لە حەشـارگەدا دوو بەڵگـەم هێنـابۆوە [بڕوانـە لاپـەڕەكانی ٨٨-٩١ی "حەشـارگە.."] بـۆ ڕانـاو نـەبوونی تێیەكـەی كەسـی سێەمی تـاك یـەكێكیان لـەوەدا كـە ئەگـەر ڕانـاو بوویایـە دەبـوو وەك ئـەوانی تـر مومكین بـێ لـە ڕستەدا ببێتـە مـەفعول. ڕاناوەكـانی ڕێـژەی ئاینـدە ئەمانەن:

دەڕۆم (م)

دەڕۆین (ین)

دەڕۆیت (یت، ی)

دەڕۆن (ن)

دەڕوات (گۆیا "ت" یاخود "ات" ڕاناوە)

دەڕۆن (ن)

ئێستا ئەم ڕاناوانە -ئەگەر ڕاناوبن- دەخەینـە ڕستەی ئـەوتۆوە تێیدا ببن بە مەفعول:

دەیانبردم (م)

دەیانبردین (ین)

دەیانبردیت (یت، ی)

دەیانبرد ( )

دەیانبردن (ن)

ئەگەر (ات) وەیا (ت) لە كۆتایی (دەڕوات)دا ڕاناو بوویایە دەبوو ئەویش وەك ئەوانی تر ببوویایە مەفعول و بگوترابایە:

دەیانبردت

وەیا دەیانبردات

وەیا دەیانبردێت (ئەگەر نمونەكە لە "كوشتن"ەوە هاتبا دەبووز بگوترێ "دەیانكوشتێت").

بەڵگەی دووەم، کە بەهێزتریشە لە هی یەکەم، لەوەدایە کە وا بە پێی باوەڕی ئەم زمان شناسانەی تێیەکەی کەسی سێیەمی تاك بە ڕاناو دادەنێن دەبێ ئەم تێیەی کۆتایی فیعلی وەك "بووبێت، چووبێت.." ڕاناو بێ. جا ئەگەر ئەمە ڕاست بێ کە تێیەکە ڕاناوە دەبێ بسەلمێنین لە فیعلەکانی وەك "چووبێتم، چووبێتین، چووبێتیت.."دا دوو ڕاناو هەبێت یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاك و ئەوی تریشیان هی کەسەکانی تر. لە فیعلی تێپەڕدا وەك "گوتبێتمان، کێلابێتیان، کردبێتت.." کەوا هەمیسان دوو ڕاناوی فاعیل لە یەك فیعلدا کۆدەبنەوە یەکێکیان هی کەسی سێیەمی تاك و ئەوی تریان هی کەسەکانی تر، دەبێ لە "گوتبێتی، کێلاییێتی، کردبێتی"دا دوو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاك هەبێ "ت،ی" ئەمەش شتێك نییە هیچ لێکدانەوەیەکی بەڕێ و جێ مەرحەبای لێ بکات.

لەبەرئەمە وا دەزانم مامۆستا قزڵحجی لە پێویست کەمتر سەرنجی کێشاوە بۆ ئەم باسە و بە چاوی کڕیاریش سەیری هەموو بەڵگەکانی ناو "حەشارگە.."ی نەکردووە. بۆ نموونە، ئەگەر ڕێی هەبا پتر خۆی بەو باسانە و بەڵگەکانی ناو "حەشارگە.."وە خەریك کردبا دەبوو هەڵوەستێکی لە ئاست لێکدانەوە دەربارەی ڕاناوی لکاوی بەهێز و بێهێز [لاپەڕە ١٣-١٧] بکردبایە وەیا ناوێکی فیعلی "انتقالی و انتقالی پێچەوانە [لاپەڕە ٥١-٧٧]"ی بهێنابایە..

-١٥-

لە بارەی وشەی (نپردت، نپردیتن) کە لە سەرەتای لاپەڕە "١٢٧"دا هاتوون چ زیانێك پەیدا نابێ لەوەدا کە بڵێم ڕەنگ بێ وشەی (نبرد-نەبەرد) لەوانەوە کەوتبێتەوە.

هەر لەو لاپەڕەیەدا مامۆستا قزڵجی وشەی "رە"ی بە پێشگری داناوە و دەڵێ بە واتای "لە"یە. لێرەدا تێبینیم هەیە:

ناشێ "رە" بە پێشگر دابندرێت چونکە خۆی وشەیەکە لەو بەشە ئاخاوتنەی پێی دەڵێن "preposition" و لە عەرەبیدا پێی دەڵێن "حرف جر". دەوری "پێشگر" لە پێکهێنانی وشەدایە، دەوری پریپۆزیشنیش لە ڕستەدایە. پێشگر و پاشگر و ناوگر خۆیان هەمیشە دەبنە کەرتێکی وشە، هەر ئەم تایبەتییەشە لە وشەی دیکەیان جودا دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕاستییە مەنعی ئەوە ناکات پریپۆزیشن وەك هەموو وشەیەکی تر ناوناوە وشەی لێکدراو وەیا داڕژاو دروست بکات وەك کە بڵێین (پیاوی "بێ دین" چ پەروای نییە..) وەیا (پیاوی "بەدین" دەست دەپارێزێ..). لەم نمونانەدا "بەدین، بێدین" بوونەتە وشەی فەرهەنگی هەروەك دەشێ وشەی "دەست کورت"یش بە واتای هەژاری بخرێتە ناو فەرهەنگەوە، بەڵام کە گوتمان "ئەم دنیایە بێ دین ڕاناوەستێ- کابرا بە پارە چارەی کارەکەی کرد.." دوو وشەی "بێ، بە" لە ڕستەدا دەوریان دێت و وشەی فەرهەنگییان دروست نەکرد چونکە نەبوون بە کەرتی وشەیەکی تر وەك کە "هەڵن دا، تێ، را.." لە وشەکانی "هەڵگرتن، داگرتن، تێسرەواندن، ڕاهاتن.." هەمیشە کەرتێکیانن و ناتوانن لێیان بپچڕێنەوە بۆئەوەی سەربەخۆ لە ناو ڕستەدا دەور ببینن. لە شێوەی وەك "هەڵمگرت، داتانشکاند، تێیانهەڵسوو، ڕایدەپەڕێنن.."دا پێشگرەکان هەر پێشگرن و بەشێکی فیعلەکانن هەرچەند ڕاناوێك کەوتۆتە نێوانیانەوە.

لە وشەی وەك "ڕەدوکەوتن"دا ئەم "رە"یە پێوەندی بە وشەی "دوو" وە هەیە وەك پریپۆزیشن نەك پێشگر، چونکە لەوێدا "دوو" زەرفە نەك فیعل.

لە بارەی "رای" پەهلەوی و "را"ی دەریشدا [لاپەڕە "١٢٧"] هەرچەند نەشتوانم ببم بە بەرەوان لەو دوو زمانەدا بەڵام جوداوازی نێوان واتاکەیان هێندە ئاشکرایە ڕێ بە خۆم دەدەم بڵێم ئەم دوو وشەیە دەخڵیان بەسەر یەکترەوە نییە چونکە "رای" پەهلەوی پریپۆزیشنە "را"ی دەریش نیشانەی "مفعولیە"ە چ بە واسیتە و چ بێ واسیتە. هەروەك "رای" ناشێ پێشگر بێت هەروەها "را"ش ناشێ پاشگر بێت هەرچەند لە دوای وشەوە بێت چونکە نابێتە کەرتێکی وشە و چ مەعنایان لە ناوەڕۆکی وشاندا زیاد و کەم ناکات.

لە بارەی پاشگری "وە"وە [لاپەڕە "١٢٧"] قسە زۆرن، من بەوپەڕی لێ کورتکردنەوەوە خۆمی لێ ڕزگار دەکەم:

أ-نمونەکانی مامۆستا قزڵجی "بچۆرەوە، بڵێرەوە، بمدەرەوە، بکەرەوە" هەموویان لە ڕێژەی فەرمان هاتوون، باشتر ئەوەیە "چۆوە [چۆوەوە]، گوتیەوە، دایەوە، کردییەوە" بە سادەیی و بێ لێ زیادکردنی ئەم "ر"ەی ڕێژە فەرمانی بەشێك لە لەهجەکانی کوردی بخرێنە بەر سەرنجەوە.

ب-وەك بۆ سەرنجی بینەر دەردەکەوێت پاشگری "وە" کە لە هەندێ لەهجەی کوردیدا دەبێتە پێشگری "وە،ڤە" نەك تەنها بۆ دووپاتکردنەوە بەڵکو بۆ گەلێك مەبەستی تر لەگەڵ فیعلدا بەکاردەهێندرێ، لەوانە:

-دوپاتکردنەوە.

-خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا کە بێ ئەو فیعلە کە واتای دروست نادات وەك "ڕازانەوە، گواستنەوە، شاردنەوە.." لەم فیعلانەدا پاشگری "وە-ەوە" نە واتای دووبارەکردنەوەی تێدایە نەبێ ئەو فیعلەکان واتایان دروست دەبێ.

-خۆی بەشێکی بنجییە لە فیعلدا بەڵام کە لێی قرتا فیعلەکە واتایەکی تر دەدات و لە هیچیشیان دووپاتکردنەوە پەیدا نییە وەك "ئاوخواردنەوە، پارەبردنەوە، دەرگا کردنەوە، مەڕ کوشتنەوە..". ئەم فیعلانە ئەگەر بە واتای "شرب، کسب، تح، ذبح" بن لە دووپاتکردنەوەدا دەبێ بگوترێ "جارێکی تر وە یاخود دووبارە

خواردنەوە، دووبارە بردنەوە، دووبارە کردنەوە- جارێکی تر بردمەوە، دووبارە دەرگەکەم کردەوە، سەرلەنوێ خواردمەوە.. هتد". مامۆستا قزڵجیش لە بەرەو کۆتایی لاپەڕە "١٢٨"دا گوتویەتی "پاشگری (وە) لە فیعلی (بخۆرەوە)دا جگە لە مەبەستی (اعادە)، بۆ جیاوازی نێوان (اکل) و (شرب)ە." بەڵام دەبوو بڵێ فیعلی تریش لەم جۆرەی "خواردن" زۆرن.

-لە فیعلەکانی ئەو نمونانەی مامۆستا قزڵجی لە لاپەڕە "١٢٨"دا هێناونیەوە "ئەو کتێبە بنووسەرەوە، قەرزەکەم بدەرەوە، ئەو گایەی کڕیوتە کە جووت ناکا بیفرۆشەرەوە.." وەك مامۆستا خۆی دەڵێت سەرنج گرتنێکی ورد پێویستە: چ لەم نمونانە بێت و چ لە نمونەی تری وەك "کەوتم و هەڵستامەوە، چووم و هاتمەوە، کەپرم کرد و تێکم دایەوە.." بێت، دیاردەیەکی گشتی لە هەمووانەدا هەیە هەرچەند دیاردەکە بە پێی سروشتی "فیعل" جلوەگۆڕیش بکات. لە بەشێکی زۆری ئەم فیعلانەدا فیعلەکەی دوایی کە پاشگری "وە-وە"ی پێوەیە بەردەوام بوون وەیا دووبارە کردنەوەیەکی پێچەوانەیی فیعلی یەکەم ڕادەگەیەنێت لە هەموانیشدا ئەگەر فیعلی یەکەم نەبێت هی دووەم نابێت:

چووم و هاتمەوە- هاتنەوەکە بەردەوام بوونێکی پێچەوانەیی چوونە.

کەوتم و هەڵستامەوە- هەڵستانەوەکە پێچەوانەی کەوتنە و لەوەوە پەیدا بۆتەوە.

کردم و تێکم دایەوە- تێکدانەوە پێچەوانەکردنی کردنەکەیە و لەوەوە هاتووە.

گایەکە دەفرۆشمەوە- دیارە لەمەوپێش کڕیومە دەنا دەمگوت "دەفرۆشم"، ئەم فرۆشتنەوەیە پێچەوانەکردنی کڕینەکەیە.

لە فیعلی "کوشتنەوە"دا وەك گوتم پاشگری "وە-وە" بۆ دووبارەکردنەوە نییە بەڵکو خۆی دەوری بنجی واتاگۆڕی دیتووە وەك کە لە "پارەبردنەوە، دەرگە کردنەوە.."دا دەوری بنجی دیتووە بێ "اعادە". ئەگەر ئێمەش وەك مامۆستا قزڵجی بڵێین کوژرانی بەرخ لە لایەن خەلقی ترەوە سەبەبە بۆ ئەوەی واتای دووبارەکردنەوەی تێدا "تصور" بکرێت، ڕووبەڕووی دوو بەرهەڵستی گەورە دەبین: یەکێکیان ئەوەیە کە دەبوو یەکەم "کوشتنەوە" پێی بگوترێ "کوشتن" تاکو دووەم و سێیەم و.. هەزارەم دووبارەکراوەی ئەو بن. بەرهەڵستی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر لە کوشتنەوەدا ڕێ هەبێ کاری لێرە بە پێشەوەی خەلق ببێتە "مبرر" بۆئەوەی هی من و تۆ بە شکڵی دوبارەکراو دەربڕرێت، ئەوسا دەبوو هەموو کارێکی تێپەڕ نەك هەر "کوشتن، کوشتنەوە" هەمان شکڵی دووبارەکراو وەرگرن چونکە هەروەك بەر لە بەرخەکەی من و تۆ بەرخی تر سەربڕاون بەر لە جگەرەی من و تۆش جگەرەی تر داگیرسێنراون، ئەوساش دەبوو بڵێم "جگەرەیەکم داگیرساندەوە.." هەروەهاش بڵێم دەموچاو شووشتەوە، زەویەکەم کێڵایەوە [بە واتای کێڵام]، سەگەکە پشیلەکەی خنکاندەوە.. هتد" چونکە لێرە بە پێشەوە دەموچاویش شۆراون و زەویش کێڵراون و پشیلەش خنکێنراون. [باسەکە پتر بەدواکەوتن هەڵدەگرێت].

-١٧-

لە بارەی ئەوەی مامۆستا قزڵجی لە کۆتایی لاپەڕە "١٢٨"دا پێی دەڵێ پاشگری "انێ": ڕاستکردنەوەیەکی بچوك لە سەرەتای لاپەڕە "١٢٩"دا پێویستە بکرێت. نووسراوە ("کردتانی" و "کردمانی" و "کردشانی" صیغەی زۆر کۆنی زمانی دەرین کە لە جیاتی هەوەڵ کەس و دووەم کەس و سێیەم کەسی کۆی ڕابردوو..) وا دەزانم دەبێ وشەی "کردمانی" لە پێشەوە بێت بۆئەوەی لە خوردکردنەوەکەی دواتردا بەرانبەر کەسی یەکەم ڕاوەستێت، ئەوساش "کردتانی" دەکەوێتە بەرانبەر کەسی دووەمەوە.. کە سەرنج ڕاگریت دەبینیت دواتر لە دێڕی چوارەمی لاپەڕەکەدا فیعلەکان ڕیزی ڕاست و دروستیان بەستووە.. بەدوا ئەمەدا کە مامۆستا دەڵێ "دەچمەوانێ، دەچێتەوانێ" لەمەوە پەیدا بووە باشتر ئەوەبوو بیگوتایە "چوومەوانێ، چویتەوانێ" تاکو ئەوانیش وەك نمونەکانی ناو کتێبەکەی "بەهار" ڕێژەی ڕابردوویان هەبوایە.

ئێستا دەبێ سەرنج بۆ شتێکی گرنگ ڕابکێشم لە مەسەلەی "انێ-ەوانێ"دا:

لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی ئەم پاشکۆیە وە نییە هەر لەگەڵ فیعلدا بێت بەڵکو بە دوای ناویشدا دێت و دەگوترێ "لە ماڵەوانێ..". ڕەنگە بگوترێ ئەم "ەوانێ"ەش هەر هی دوای فیعلە پەڕیوەتەوە بۆ کۆتایی ناو، بەڵام ئەم هێندە گوتەیە ڕاستی دیاردەکەمان بۆ ڕوون ناکاتەوە چونکە دەبێ لە پەڕینەوەی وشە وەیا کەرتیوشە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر، هەر نەبێ، بۆرە دەستورێك ڕەچاو بکرێت وەك ئەوەی کە من خۆم لە کۆتایی لاپەڕە "٢٢٩" و لە لاپەڕە "٢٣٠"ی کتێبی "چەپکێك لە گوڵزاری نالی"دا گوێزانەوەی هەندێ دەنگ و ئامرازم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر لە نمونەکانی ناو ئەو لاپەڕانەدا داوەتەوە بە داخوازی کێش وەیا قافیەی شیعر[٣]. لێرەدا دەبێ ئەو تێبینییەش بکرێت، هاتنی ئەم "ەوانێ"یە بەدوا غەیری فیعلدا لە شوێنی تایبەتیدا دەبێ، ژمارەی ئەو شوێنانەش زۆر نین، وشەکەش دەبێ لە حاڵەتی غەیری "فاعلیە و وصفیە"دا بێت، بە کورتی دەبێ لەو حاڵەتەدا بێت کە عەرەب پێی دەڵێن "معمول" ئیتر مفعول بێ وەیا زەرف وەیا هەر شتێکی تری

---

[٣] وا دەزانم ئەوەی لەو جێگایەی "چەپك"دا گوتراوە یەکەم ئیشارەیە بۆ ئەو تەرزە جێگۆڕکێیە لە ئاخاوتنی کوردی، ئەم جارەشیان دووەم ئیشارەیە.

وەك ئـــەوان. بـــە نمونـــە دەڵـــێم كـــەس نەیبیـــستووە بگـــوترێ "مـەحمودەوانێ كوڕێكی زیرەكە، ئەم ڕوبارەوانێ ئاوەكەی خوڕە، خانوەكەم خۆشەوانێیە، مەلێكی جوانەوانێم گرت..".

بەهـەرحاڵ ئەم باسە گەلێك پتر لێوردبوونەوەی دەوێت لـەوەی مامۆستا قزڵجی كردوویەتی وەیا من لێرەدا كردومە. بەلای باوەڕی منیشەوە بەكارهێنانی ئەم شێوە "ڕستە سازییە" بابەتی "زمانی ئەدەبی یەكگرتوو" نییە بەڵكو بەكارهێنانێكی ناوچەییە، تەنانەت هێنـانی ئـەو "ر"ە نەرمـەش لـە ڕێـژەی فەرمانـدا وەك "بنوسـەرەوە، بڵێرەوە، بچۆرەوە.." كە هەندێك لە نووسەران بە شتێكی وەك "نون الوقایە"ی[٤] دادەنێن بۆ پاراستنی بزوێنـی سـەرەتای "ەوە" ئـەویش ڕەفتـارێكی ناوچـەییە و ناشـێ بەسـەر هـەموو نووسـینی كوردیـدا بهێندرێ.

-١٨-

له بارەی پاشگری "ك"ەوە:

ئـەوەی لـە لاپـەڕە "١٢٩" و "١٣٠" و "١٣١"دا نووسـراوە لـەژێر عینـــوانی [٤-پاشـــگری (ك)، (ئـــا)دا تـــەواوێك لـــە مەبەســـتی نـــاو "حەشارگە.."ی لاداوە، چونكە لەوێدا باسی پاشگری "كا" كراوە كە بە دوا فیعلدا دێت و لە ئایندەدا دەبێتە "كێ- بزڕكا، دەبزڕكێ" كەچی لە گوتارەكەدا كۆمەڵێك مەبەستی لە یەكتر جودا لەژێر ئەو عینوانـەدا كۆكراونەتـەوە كـە زۆر تێبینـی هەڵـدەگرن مـن لـەم چـەند خاڵەی ژێرەوەدا كورتەییێكیان دەنووسم:

١-كـافی "بنـدك، دسـتك- كـە بوونەتـە بەنـدە، دەسـتە" لـە هـیچ ڕوویەكەوە لەگەڵ باسەكەی مندا یەكتر ناگرنەوە، تەنانەت وشەیەكی وەك "كوتك- كوتەك" كە لـە فیعلـی "كوتـان"ەوە هـاتووە ئـەویش لـە پەراوێزی قسەكانی من بەدەرە چونكە "كوتك" و كافەكـەی گـەردان ناكرێن وەك ئەو فیعلانەی لە "حەشارگە"دا بە نموونە هاتوونەتـەوە.

---

[٤] بەلای هەندێ زمانەوانانەوە ئە پاشگرە "ەوە"یە نەك "وە" چونكە لەهـەر جێگایـەكی مـومكین بێـت بزوێنەكـەی پێـشەوەی بپارێزرێـت پـارێزراوە، بەڵگەیەكیش بۆ ئەم باوەڕە لەوەدا دەهێننـەوە كە لـە ڕێـژەی فـەرمان "فعل امـر"ی كوردیـدا لەبەرئـەوەی كۆتـایی ئـەو ڕیبژەیـە هەمیـشە هـەر بزوێنـە، بەشـێك لـە كوردەكـان ئـەم "ر"ە لاوازە بـە نیـازی پاراسـتنی بزوێنەكـەی سـەرەتای "ەوە" دەهێننـە نـاو ڕێـژەی فـەرمان چـونكە دیـارە بـزوێن بـە بزوێنەوە نالكێ: تۆ ناتوانی تلفظ بكەی "وەرە ەوە- بكە ەوە - بخۆ ەوە- بێ ەوە.." تا كۆنسانتێك دێت و بزوێنەكە بە خۆیـەوە دەگرێت.. ئەوەی ڕاستی بێ من تا ئێستا نەمگوتووە "وە" یاهود "ەوە" پاشگرە هەرچەند لە بیروڕا و لێكدانەوەدا بەلای "ەوە)دا دەچمەوە چونكە ئەم بزوێنـە لێرەو لـە شوێنی تریـشدا زۆر بەرچـاوە و دەورێكـی گـەورەی هەیـە لـە ئاخـاوتنی كوردیـدا، دیـارە نابـێ ئـەم هـەموو سـەرەتاتكەیە لەلایـەن بزوێنـی "ە"ەوە خۆرشایی بێت، دەرنەكەوتنیشی لە هەندێ حاڵ و باردا نابیچتە ڕەسەن نـەبوونی چـونكە بەشـێكی زۆر لـە دەنگـەكانی نـاو وشـەی زمـانی كـوردی تێـدەبردرێن و دیـچنەوە كەسـیش ڕێـی نییـە بڵـی تێبردنەكـە بەڵگـەی ناڕەسەنییە:

چووم	دەچم- لێرەدا واوەكە تێبردرا
هاتم	دێم - هێ نەما
شوشتم	دەشۆم- "شت" ون بوو
خواردت	دەخۆی- "ارد" ڕۆیی
بەرڵلا	لە بەرهەڵدراوەوە هاتووە..

هـەر بـەو جۆرەش بزوێنـی پێش نیشانەی تـەعریف "ەكـە" لـە زۆر شـێوە ئاخاوتندا كە كەوتە دوای بزوێنەرە تێدەبردرێت وەك:

پەنجەرە	پەنجەرەكە- نەگوترا و ناگوترێ "پەنجەرەكە"
برا	براكە- نەگوتراو ناگوترێ "براەكە".

واش دەبێـت كۆنـسنانت دێـت و ئـەم بزوێنــە دەپارێزێـت و دەگـوترێ "برایەكە".

لە هەندێ لەهجەدا پاشكۆی "اسم الاشارە" كە بزوێنی "ە"یە، كاتێك بە دوای وشەی وەهادا هات كە بە "ە" كۆتایی دێت تێدەچێت

پەنجەرە	ئـــەم پەنجـــەرە. لـــە شـــێوەی تـــردا دەگـــوترێ "ئـــەم پەنجەرەیە..".

دەرنەكـەوتنی بزوێنـی "ە" لـە بـەرایی "ەوە" كـە دەبێتـە پێـشگر، شـتێكی ناچارییە چونكە لەو حاڵەتەدا چ كۆنسنات لە پێشییەوە نییە خۆی پێوە بگرێـت، لەبەرەئمـە نابێـە بەڵگـەی ناڕەسـەنی بزوێنەكـە. كورتـەی قـسەم لەمەدا ئەوەیە كەوا بە ئاسانی ناتوانین بڵێین ئەم پاشگرەن كە دەشبێتەوە بپێشگر "وە"یە نەك "ەوە". ئەو نووسەرانەی دەڵێن هاتنی ئەو بزوێنە لە بـەرایی "وە" وەیـا لـە كۆتـایی وشـەكاندا بـۆ ئاسـان كردنـی دەربڕینـی بێژەكانە قسەیەكی بێجی دەكەن چونكە چ قورسایی لەوەدا پەیدا نییـە كە ەل جیـاتی "چۆمەوە" بگـوترێ" چـوومـوە" لـە حاڵێكـدا نـاوی جێگـە و ئـاوایی هەیـە لـە كوردسـتاندا وەك "پەسـوە، بێـژووە.." كۆتایـان بـە "وە" دێت و كەس لێیان وەتـەنگ نـەهاتووە: بەڵـی مومكینـە بگوترێ "پەسوێ، بێژوێ" بەڵام زۆریش بە جۆرەكەی تری دەردەبڕن بە تایبـەتی بە ڕستەدا كـە دەڵـێن "فڵانەكـەس خـەڵقی بێژوەیـەو و خـەڵقی پەسـوەیە..". لەمـەش بترازێ، یـەكێك لـە ڕێـژەكانی ڕابدرووی كوردی هەمیشە كۆتـایی بـە "وە" دێت وەك: دار نووستووە، ئەمەم بردووە، كێت دیتـووە؟ چەندین ڕستەش هەن وەك: ناوم برزوە، دایكی ژن خەسووە، دوای ژمارە یـەم ژمـارە دووە.. كە هەمووان كۆتاییان بە "وە" دێت.

لێرەدا پێویستە بڵێم، مادەم مامۆستا قزڵجی لە مادەی پێشگری "م"دا بە زۆر لایانـدا قسەڕانی كـردووە، دەبـوو لـە بـارەی "وە، ەوە" ئـەوەش بخاتـە سەر قسەكانی كە بێژەی "ەوە" دەبێـە پاشكۆی بەشێك لە پریپۆزیشنەكان و بەدوا ئەو ناوانەدا دێت كە لەبەر ئتاوی پریپۆزیشنەكەدان وەك:

لە هەولێرەو بۆ سنە.

بە باب و باپیریشیەوە ڕای ناكەوێ.

لەمن و تۆوە خەڵق فێربون.

لە من و تۆوەڕا خەڵق فێربوون.

ئەگەر گوترابایە "کوتکا، دەکوتکێ، دەتکوتکێنم، دەیکوتکاند.." ئەوسا دەمانگوت ئەم کافە کە بۆ پەیداکردنی ناوی "ئامێر"ە پاشگرێکی فیعلە.

پ-کافی "بچوك کردنەوە" کە ئەویش لە باسی ناو "حەشارگە.." بەدەرە، دەشێ پێی بگوترێ "پاشگر" چونکە گۆڕینێك لە واتای وشە بچوك کراوەکە پەیدا دەکات، بەڵام دیارە پێوەندی بە فیعلەوە نییە.

ج-نیشانەی (عهد و تعریف- لاپەڕە "١٣٠"ی گۆڤار) کە مامۆستا خستویەتیە ژێر سەرەباسی پاشگری "ك"، لە هیچ ڕویەکەوە بەر ئەو سەرەباسە ناکەوێت:

پاشگری "ك" لە وشەی وەك "کۆتك، کۆچك، کوتك، لانك.."دا بۆ هەر مەبەستێك بێت تەنها دەنگی کافە، کەچی نیشانەی "تعریف" سێ دەنگی سەرلەبەری "ەکە"یە. ئەگەر جایەز بێت "ەکە" بە پاشگری "ك" بژمێردرێت دەبێ "ۆکە"ش لە وشەی وەك "جلۆکە، مەڕۆکە، بزنۆکە.." بە پاشگری "ك" لە قەڵەم بدرێت، هەروەهاش هەموو پاشگرێکی تری دەنگی "ك"ی تێدابێت.

گوتم نیشانەی "عهد و تعریف" و نەمگوت پاشگری "عهد و تعریف"، لەمەشدا بە ئانقەست ئەم "ەکە-الف لام التعریف"ەم لە مەفهومی ناو گوتارەکە دزییەوە چونکە هەر وەك نەشیا بخرێتە ژێر عینوانی پاشگری "ك" هەروەهاش ناشێ پێی بگوترێ پاشگر: واتای پاشگر هەر ئەوە ناگەیەنێ کە لە کۆتایی وشەوە بێت. هەڵکەوتنی وشە و کەرتی وشە لە پێشەوە و لە دواوە شتێکی ڕواڵەتییە و خۆی بە تەنها نابێتە هۆی بەشداربوون لە پێکهێنانی وشەی تازەدا. پێشگر و پاشگر و ناوگر وشەی تازە دادەهێنن، واتە "تدخل" لە شیرازەی وشە دەکەن و دەبن بە کەرتێکی پێکهێنەر و واتا بەخشی وشە تازەکە. هەر بۆیەیە کە کوردەواری ناوی "عمر" دەکات بە "عومبەر" و دەنگێکی "ب" دەخاتە ناو کلێشەی وشەکەوە چ ناوگری لەوەدا بەکارنەهێناوە چونکە "عمر" و "عومبەر" یەك شتن و جواداوازییان لە نێواندا نییە: ئەم "بە"ەی ناو "عومبەر" زیادییێکی فۆنەتیکییە دەم و ڕاوێژی بەشێکی کوردەواری لەو شوێنەدا حەزی لێدەکات هەروەك "کەمەر" دەکەن بە "کەمبەر" وەیا بە مەکینەی "کسارە" دەڵێن "کەستارە" وەیا وشەی "تسویە" دەکەن بە "تەوسییە". لە وشەی "عومبەر"دا دەنگی "ب" چۆتە ناو کلێشەی وشەکەوە بەمەشدا بەشێکی ڕێگەی بڕیوە بەرەو ناوگری، بەڵام چونکە هیچ واتای نەگۆڕیوە و چ وشەی تازەی دانەهێناوە لە ناوگری دەشۆرێت و دەبێتە زیادییەکی فۆنەتیکی. هەروەهاش "کەمبەر" لەتەك "کەمەر"دا.

لە بابەتی "ەکە"ی تەعریف نیشانەی تر هەن وەك "ان"ی کۆ [پیاوان، درەختان] و پاشکۆی ناوی ئیشارەت [ئەم پیاوە- ئەم پیاوانە] کە ئەوانیش نابن بە کەرتی وشە و ناشێ پێیان بگوترێ پاشگر. بۆ ئەم تەرزە بێژانە زاراوەی "نیشانە" بەکاردێت کە مامڵەتێکی پەسەندە لەگەڵ وشە و ڕێزماندا. هەندێك زمانەوان هەن "دە"ی "دەڕۆم، دەخوێن.." و "ب"ی "بڕۆ، بخۆ.." و "نە"ی "نەڕۆی، نەخۆین.." و "مە"ی "مەڕۆن، مەخۆن.."یش بە نیشانە دادەنێن. ئەو لیژنەیەی "زمان و زانستەکانی" کە من تێیدا ئەندام و دەمڕاستم تا ئێستا لە لێکۆڵینەوەکانی خۆیدا نەگەیشتۆتە باسی ئەو وشانەی لە زیمنی "وشەی بەستراو"دا بەر تاقمی "نیشانە" دەکەون، بەڵام هەر جارە کە پێویستی توێژینەوە ڕووبەڕووی ناوهێنانی تاك تاکەی وشەکانمان بکات زاراوەی "نیشانە"یان بۆ بەکاردەهێنین.

دەنگی "ك" لە ئاخاوتنی کوردیدا یەکێکە لە دەنگە هەرە چالاکەکان کە دەوری جۆراوجۆر دەبینن لە دروستکردنی وشە و لە پێکەوە بەستنەوەی ڕستان. مامۆستا قزڵجی لە بەشێکیان دواوە، خۆشم لێرە بە پێشەوە باسی گرنگی دەوری "ك"م کردووە، نووسەری دیکەش بە گشتی (نەك بە تایبەتی) لە نمونانەدا ئەم "ك"ەیان باس کردووە، بەڵام تێکڕای ئەو بۆچوونانە بخرێنەوە سەریەك هەر بایی سەرەتاییێکی باسەکە دەکەن. لێرەدا دوو نموونەی عەنتیکە لە بەکارهێنانی دەنگی "ك" دەخەمە بەرچاوی خوێنەر. یەکێك لەو دوانە، بەر لە ئێستا، کەوتۆتە ناو نووسینمەوە، ئەوی دیکەیان یەکەم جارە لێرەدا باس دەکرێت.

نمونە باسکراوە ناوی یاری "دایە مەمدۆڕەکێنە"یە کە لە کۆیێ و شوێنی نزیك بەو پێیی دەڵێن (دونگ لە مەڕێ-ڕەنگە "گورگ لە مەڕێ" بووبێت و گۆڕابێت چونکە یەکێك لەو گەمەیەدا دەوری گورگ دەبینێت و خۆی لەمەڕ دەدات).دیارە وشەکە بە پێی دەستووری زمان و ڕێزمانی کوردی "دایە مەمدۆڕێنە" بووە و ناوگری "ەك" خراوەتە ناو کلێشەی پاشگری "اند" کە لە ڕێژەی فەرماندا دەبێتە "ێنە-دۆڕاندت، دەدۆڕێنیت، بدۆڕێنە". بۆیەش پێی دەڵێم ناوگری "ەك" چونکە:

١-چۆتە ناو کلێشەی بەشێکی وشەوە.

٢-ناوێکی تازەی داهێناوە بۆ جۆرێك لە یاری و گەپ.

نموونە باس نەکراوەکە فیعلی "ڕاوەستەکێ"یە کە لە دەوروبەری خۆمم بە زۆرێ بیستووە. لەم فیعلەدا دوو ڕەفتاری بەرچاو کراوە:

١-فیعلی "ڕاوەستە" گێڕدراوەتەوە بۆ سەر بنجی خۆی کە لە بنەڕەتدا "وەستا، دەوەستێ، بوەستێ"یە.

٢-ناوگری "ەك" خراوەتە نێوان دوو دەنگی کۆتایی وشەکە.

دیارە گۆڕانێکیش لەو بەکارهێنانەدا بەسەر واتای "ڕاوەستە، ڕاوەستێ"ی عادەتیدا هاتووە چونکە کە دەگوترێ "ڕاوەستەکێ" مەبەست هەر "ڕاوەستان"ی عادەتی نیە بەڵکو ئەو ڕاوەستانەیە کە

وردبوونەوە و یا گلەیی کردن وەیا مەبەستێکی تایبەتی بەدوادا دێت.

لە وشەی "دایە مەمدۆڕەکێنە" بیر بۆ وشەکانی وەك "شلکێنە، نیسکێنە، زەردێنە، ماشێنە، ترخێنە، جگێنە، قرتێنە، وەردێنە.." دەڕوات، بەڵام لە ڕووی ڕێزمان و وشەسازییەوە قیاسی ئەو لەوان ناکرێ چونکە "ێنە"ی کۆتایی "مەمدۆڕێنە" شێوەی پاشگری "اند"ە لە ڕێژەی فەرماندا و پاشگرێکی لەمەڕ فیعلە، کەچی "ێنە"ی دوای وشەکانی تر پاشگری بەرەی ناوە و سەربەخۆیشە چونکە لە شتێکی دیکەوە نەهاتووە وەك "ێنە"کەی تر کە لە "اند"ەوە هاتبوو.

د-لە بارەی "شەوەکی، بەیانەکی، ڕاستەکی، چەپەکی، لاوەکی.."یەوە:

لە گوتارەکەدا (لاپەڕە "١٣٠"، خاڵی ٦-٧) ئەم پاشگرەی "ەکی"ش هەر لەژێر عینوانی پاشگری "ك"دا باسکراوە. دیارە لە شکڵدا "ك" و "ەکی" هەر هێندە یەکدی دەگرنەوە کە لە هەردوویاندا دەنگی کاف هەیە، لەوە بەولاوە نە بە شکڵ و نە بە واتا و نە بە جۆری لەکارهێنان خزمایەتییان لە نێواندا پەیدا نابێ. لێرە بە پێشەوە ئەم "ەکی"یە لە لایەن لیژنەی زاراوە و زانستییەکانی سەر بە کۆڕی زانیاری کورد، کە خۆم دەمڕاستی بووم، نەختێك بە

پێی پێویستی فەرمانی زاراوە دانان لێی کۆڵراوەتەوە [لاپەڕە ٤٣٩-بەرگی چوارەکی گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد ١٩٧٦] و لە داهێنانی زاراوەدا بەکاریش هاتووە [لە نێوان لاپەڕە ٤٤٢-٤٧٥ی هەمان گۆڤاردا].

لەو شوێنانەدا لیژنە ئەم پاشگرەی "ەکی" بە ئەداتی نیسبەت داناوە وەك کە "ی" لە کۆتایی بەشێکی وشەی کوردیدا دەوری نیسبەت دەبینێت. ئەمەی خوارەوە سەرەتای قسەکانی لیژنەیە لە بارەی ئەم پاشگرە و بەکارهێنانی لە داڕشتنی وشە و زاراوەی تازەدا:

"لەم کارەی داهێنانی زاراوە کەوا گەلێك جار ڕێژەی نیسبەتی تێدا بەکاردێت لیژنە خۆی لە (ی) تەقلیدی دزییەوە بۆ پاشگرێکی تر کە ئەویش هەر بۆ نیسبەتە و زۆریش لە تاکە دەنگی (ی) لەبارترە بۆ هاتن لە دوای زۆربەی وشانەوە. لە کوردیدا دەگوترێ (لاوەکی، دەرەکی، ناوەکی، سەرزارەکی، شەوەکی، بەیانەکی، ڕۆژەکی، پێشەکی، پاشەکی، ڕەمەکی..) کە هەموویان ڕێژەی نیسبەتن و گونجاوتریشن لەوەی بە هۆی (ی) پێکهاتبان. ئەوەی ڕاستی بێ پاشگری (ی) نیسبەت لە بنەڕەتدا بۆ دەربڕینی نیسبەت لەگەڵ شار و وڵات و عەشرەت و گەل و شتی ئەوتۆییدا بەکارهاتووە، ئێستا نووسەران خەریکن لەگەڵ وشەی وەهای

بەکاربێنن کە هەرگیز کورد لەگەڵیاندا بەکاری نەهێناوە وەك وشەی ئاوەڵناوی عادەتی (جوان، ئازا، سوور، زەرد، تێر.. هتاد). ئەم وشانە کە پاشگری (ی)یان چووە دواوە دەبنە ئەبستراکت هەرچەند پاشگرەکە لە هەمان کاتدا بۆ نیسبەتیش بەکاردێت. لیژنە وای پەسەند کرد لە جیاتی پاشگری (ی) لەم شوێنانە و شوێنی وەك ئەواندا پاشگری "ەکی" بەکاربێنێت".

"(جوانەکی، ئازایەکی، سوورەکی، زەردەکی..) بە واتای (جمالیّ، اقدامیّ، احمریّ، اصفریّ..)، ناوە ئەبستراکتەکەشیان دەبێتە (جوانەکییەتی- الجمالیة، ئازایەکیەتی- الاقدامیة، سورەکیەتی- الاحمریة، زەردەکیەتی- الاصفریة..)" [بنواڕە لاپەڕە ٤٣٩ی گۆڤارەکە، دواتریش لە لیستەی زاروەکاندا ئەو وشانە دەبینیت کە بە تازەیی پاشگری "ەکی" لەگەڵیاندا بەکارهاتووە]".

ئەم بۆچوونەی لیژنە، وا دەزانم، بۆچوونێکی ڕاست و دروستە، تەنانەت ئەگەر پێشنیارەکەشی وەر نەگیرێ لە داهێنانی وشەی تازەدا لەوەدا نیشانی پێکاوە کە دەڵی پاشگری "ەکی" بۆ نیسبەتە.

بە پێی بیروباوەڕی ناو گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی پاشگری "ەکی" بۆ دیاریکردنی:

١-کات و زەمان [بەیان-بەیانەکی. شەو-شەوەکی]

٢-لا "جهة" [لا-لاوەکی. ڕاست- ڕاستەکی. چەپ- چەپەکی].

نەختێك وردبوونەوە بە چاوی مامڵەت دەریدەخات کە پەیدابوونی واتای "کات، لا" لەم وشانەدا شتێك نییە پاشگرەکە پێکی هێنابێت چونکە ئاشکرایە واتای کات لە وشەکانی "بەیان، شەو"دایە واتای "جهە"یش لە وشەکانی "لا، ڕاست، چەپ"دایە. ئەگەر هاتبا پاشگرەکە لە وشەی وەك "بەرد، دار، ئاو، هەنجیر، کراس، چوێلەکە.." واتای "کات" وەیا "لا"ی پەیداکردبا دەمانگوت دیاەر ئەم پاشگرە بۆ داهێنانی "کات، لا" لە وشاندا بەکاردێت. فەرموو سەیری وشەی "سەرزارەکی، سێ جرتەکی، ڕەمەکی.." بکە، کوا واتای "کات، لا"؟ ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە لیژنە بۆی چووە: ئەم پاشگرە لە کوردیدا بەدوا کۆمەڵێك وشەدا هاتووە بۆ دەربڕینی واتای نیسبەت لەو وشانەدا ئیتر کاتیان تێدا بێت یا شتێکی تر، هێندە هەیە هەست بەوە دەکرێت کە وشەکان بە زۆری واتایەکی "ظرفیة" دەدەن بەڵام وەنییە پاشگری "ەکی" "ظریفة"ەکەی پەیداکردبێت. واتای "کات، لا"ش لەو وشانەدا لەوەوە دێت کە "ظرف" بە واتای تەقلیدی یا "ظرف زمان"ە یا "ظرف مکان"ە. بە پێی دەستوورەکانی ڕێزمانی کوردی چ گرفت لەوەدا نییە بگوترێ "سەرەوژێرەکی تێنیشتین".

-١٩-

لە بارەی خاڵی نۆیەم کە لە لاپەڕە "١٣١" باسکراوە:

مامۆستا قزڵجی بۆئەوە چووە کە دەنگی "ك" لە فیعلەکانی وەك بزڕکان، دامرکان، نوسکانەوە، هەڵتروشکان.."دا پاشگرە و ئەو "ا"یەش کە لە دوایەوە دێت نیشانەی "مصدرية"ە وەك کە لە وشەکانی "خورا، کرا، برا.."دا نیشانەی "مصدرية"ە.

لە پێشەوە دەبێ ئەوە بڵێم فیعلەکانی "خورا، برا، کرا" ڕێژەی "مبنی للمجهول"ن کە لەوێدا پاشگری "را" هەیە نەك تەنها "ا". من لە کتێبۆلکەی "حەشارگە.."دا بە درێژی باسی ئەم پاشگرەم کردووە و نابێ لێرەدا پێیدا بێمەوە. بەڵام هەلێکم بۆ هەڵکەوتووە کە قسەیەکی خۆم لە بارەیەوە ڕاست بکەمەوە: لە سەرەتای لاپەڕە "٢٩"ی ئەو کتێبۆلکەدا گوتوومە، لەمەوبەر هیچ کەس لە زمان شناسان باسی ئەم پاشگرەی نەکردووە کەچی دواتر کتێبی ڕێزمانی یەکێك لە پۆلەکانی قوتبخانەی ناوەندیم کەوتە بەرچاو کە لەوێدا لە نێوان پاشگرەکاندا باسی "را" کراوە. من ئەگەر زووتر ئەمەم دیتبا هەرگیز پشتگوێم نەدەخست بەڵگەشم ئەوەیە کە ئێستا لە خۆمەوە ئەو سەهوەم ڕاست دەکەمەوە. بەڵام لەو کتێبەدا لە بارەی "را"وە هەڵەیەکی بەرچاو کراوە کە دێت و دەڵێت بۆ فیعلی ئایندەی "مبنی للمجهول" پاشگری "رێ" بەکاردێت کەچی زۆر ئاشکرایە هەر پاشگری "را"ی ڕابردووە لە ئایندەدا دەبێتەوە "رێ" ئەمەش مامڵەتێکی "تصریفی"یە وەك چەندین مامڵەتی تر کە لەگەڵ فیعلی کوردیدا دەکرێت. بە نموونە دەڵێم ئەم دەنگەی "ا" لە کۆتایی سێ جۆرە فیعلدا دەبن بە "ێ" کاتێك کە ڕێژەی ئایندەیان پێدەدرێت:

١-ترس	ترسام	دەترسێم
٢-بڕزکان	بزڕکام	دەبزڕکێم
٣-دیتران	دیترام	دەدیترێم

جگە لەمانە فیعلی دیکەش هەن کە دەنگی ئەلفیان لە ئایندەدا دەبێتە "ێ" هەرچەند ئەلفەکەشان لە کۆتایی وشەکانیانەوە نایەت:

ڕماندن:	ڕماندم	دەڕمێنم
بزاوتن:	بزاوتم	دەبزێوم
سپاردن:	سپاردم	دەسپێرم
قەڵاشتن:	قەڵاشتم	دەقەڵێشم
پاراستن:	پاراستم	دەپارێزم

هەموو ئەم فیعلانەش لە "تصریف"دا بە پێی دەستوور لە ڕابردووەوە بۆ ئایندە و بۆ فەرمان دەگۆڕێن، کە ئێرە جێگەی کوتانەوەی ئەم باسە بەربڵاوەی تێدا نابێتەوە.

دەگەڕێمەوە سەر گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی.

بەلای منەوە لە فیعلی "بزڕکان، هەڵتروشکان، ئاڵۆزکان، پەشۆکان.." و هی تری وەك ئەواندا سەرلەبەری "کا" نەك تەنها دەنگی "ك" پاشگرە. بەشێك لەو فیعلانە هەڵدەگرن تەنها "ا"یان

بەدوادا بێت وەك "ئاڵۆز- ئاڵۆزا- ئاڵۆزكا" كە ئەمە ڕاستییەكە زۆر بە ڕوونی و ئاشكرایی بەڵگەی ئەوە بە دەستەوە دەدات كەوا جارێكیان پاشگری "ا" فیعلەكەی دروستكردووە جارێكیشیان پاشگری "كا". بۆ ڕەواندنەوەی ئەو بۆچوونەی كە دەشڵێ ئەلفی ئەو فیعلانە نیشانەی "مصدرية"ن بەڵگەی زۆر بەهێز هەن:

١-وشەی وەك "ترس، نەخش، قەڵش، سوور، خول.." خۆیان "اسم مصدر"ن و واتای تەواویان هەیە، دیارە ئەلفێكی پاشگر دێت و دەیانكاتە فیعل "ترسا، نەخشا، قەڵشا، سووڕا، خولایەوە..". سەلیقەی زمانشناسانە پێمان دەڵێ دەوری پێكهێنانی فیعلیشی دیتووە. ئەم ڕاستییە جارێكی تریش لە خاڵی دووەمدا دەردەكەوێتەوە.

ئەلفی فیعلی "ترسا، سووتا، ئاڵۆزا" جارێكی تریش بەوەدا مەعلوم دەبێ كە بەشێكی بنجی فیعلەكانە نەك تەنها نیشانەی "مصدر"ە كە لە ئایندەدا بە شكڵی "ێ" دێتەوە و تێناچێت. [پێش ماوەیەكی كەم نموونەم لێ هێنانەوە]. فیعلی دیكە هەن كۆتاییەكەیان بە "ا" دێت بەڵام لە ئایندەدا تێدەچێت لەبەرئەمە دەبێ جودایی نێوان ئەمانە لەگەڵ ئەوانی تردا دەربخسترێ وەك لەم نموونانەدا ڕوون دەبێتەوە:

كێڵان	كێڵام	دەكێڵم
وێران	وێرام	دەوێرم
هەڵستان	هەڵستام	هەڵدەستم
ڕاوەستان	ڕاوەستام	ڕادەوەستم

وشەی "هەڵستان-هەڵوەستان-ڕاوەستان" كە تێنەپەڕە ئەگەر بە واتای پەككەوتن بوویایە دەبوو بگوترێ: وەستام، دەوەستێم چونكە یەكێك لە تایبەتییەكانی ئەم فیعلانەی كە ئەلفەكەی كۆتاییان لە ئایندەدا دەبێتە "ێ" ئەوەیە كە لەو جۆرە فیعلانەن لەچاو غەیری خۆیاندا بێهێزن چونكە فاعیلەكانیان خوایشت و ئیرادەیان نییە لەوەی ڕوودەدات هەر بۆیەش بوو من لە ساڵی "١٩٧٣" لە گوتاری (دەوری "ی" لە ڕێزمانی كوردی)دا بەو فیعلانەی وەك "سووتام، برژام، ڕمام- دەسووتێم، دەبرژێم، دەڕمێم" كە ئەلفەكەیان لە ئایندەدا دەبێتەوە "ێ" گوتم "فیعلی ڕوودان- اعال الوقوع". لە ڕووی هێزەوە فیعلی كوردی "٣" جۆرە:

١-تێپەڕ.
٢-تێنەپەڕی عادەتی.
٣-تێنەپەڕی بێهێز.

ئەم بەشە بێهێزە "٣" لكی لێدەبێتەوە.

١-لكی فیعلی وەك: سوان، ڕژان، برژان.
٢-لكی فیعلی وەك: ئاڵۆزكان، بزركان، پەشۆكان.
٣-لكی فیعلی "مبنی للمجهول" وەك: كوژران، دیتران، خوران.

ئەم قسانە زۆریان بە بەرەوەیە، من لێیان دەبڕمەوە.

كە دەڵێم لە "بزڕكا، پەشۆكا.."دا سەرلەبەری "كا" پاشگرە نەك تەنها "ك" ئەو ڕاستییەم ڕەچاو كردووە كە وشەكان بەر لەوەی ببن بە فیعل، دەنگی "ك"یان لە كۆتاییەوە نەهاتووە تاكو لە حاڵەتی فیعلیەتیشدا هەر بۆ وشە ئەصڵییەكەی حیساب بكەین: كەس نەیبیستووە گوترابێ "بزڕك، پەشۆك، تروشك.." تاكو فیعلەكانی "بڕزكا، پەشۆكا، تروشكا.." بە تاكە دەنگی "ا" بووبێتە فیعل. وشەی "ئاڵۆز" كە هیچ كافی تێدا نییە، جارێكیان بە پاشگری "ا" دەبێتە "ئاڵۆزا" جارێكیشیان بە پاشگری "كا" دەبێتە "ئاڵۆزكا". دوو فیعلی "تووزایەوە، تووسكایەوە" ئەوانیش كە لە "تووزە"وە وەرگیراون بە پاشگری "ا.كا" بوونەتە فیعل". بەلای باوەڕی منەوە ئیشكال كە هەبێ لە فیعلی وەك "داچڵەكین"دا هەیە، كە بە دوو جۆر تصریف دەكرێ بۆ ڕێژەی ئاینده:

داچڵەكین	داچڵەكیم	دەدەچڵەكم	دادەچڵەكێم

لە شێوەی یەكەمدا ئەو (ی)ەی دوای كافەكە لە ئایندەدا تێدەچێت "دادەچڵەكم"، لە شێوەی دووەمدا تێناچێت و هەر دەڵێی لە فیعلی "داچڵەكان"ەوە هاتووە ، كە بە پێی دەستوور دەبێتە "دادەچڵەكێم". ئەگەر بسەلمێنین "دادەچڵەكێم" لە "داچڵەكێم"ەوە هاتووە، دەبێ بسەلمێنین كە "ی" لە وشەی "داچڵەكێن"دا بۆتە "ی" لە "دادەچڵەكێم"دا:

داچڵەكێم دادەچڵەكێم

كەچی وەك دەزانین هەموو ئەو فیعلانەی لە پێش نوونی چاوگیانەوە "ی" هەیە لە ئایندەدا لێیان دەقرتێت:

خزین	خزیم	دەخزم
نووسین	نووسیم	دەفڕم

من لە نووسینی لێرە بە پێشەوەمدا گوتوومە، ئەو دەنگەی "ی" كە گەلێك جاران فیعلی لە وشەی ترەوە دروست كردووە وەك "لەرز، لەرزی.." بۆیە پێی ناڵێم پاشگر چونكە لە ڕێژەی ئایندەدا تێدەچێت: لەرزیم، دەلەرزم. ئەگەر تێنەچووبایە جێی خۆی بوو بەویش گوترابایە پاشگر چونكە دیاەر بەدوا "اسم المصدر"دا هات و كردییە فیعل. وا دەزانم تێچوونی دەنگەكە بەسە بۆئەوەی لە "پاشگری" بكەوێت، هەروەك لە شوێنی تردا گوتم، مامۆستا قزڵجیش وای گوت، كە قرتان و سوانی دەنگی "ت" لە فیعلەكانی كەسی دووەم و سێیەمی تاكدا وەك "دەڕۆی [لە جیاتی دەڕۆیت]، دەخوا [لە جیاتی دەخوات]" بەڵگەیە بۆ ڕاناو نەبوونی دەنگەكەی "ت" لەو شوێنانەدا.

-٢٠-

لە لاپەڕە "١٣١"، لەژێر عینوانی "ە-هاتنی ڕاناوی لکاو.."دا مامۆستا قزڵجی چەند بیروڕایەکی دەربڕیوە هەندێك تێبینی هەڵدەگرن:

أ-لە لاپەڕە بیست گوتەیەکی مامۆستا وا ڕادەگەیەنێ کە من گوتبێتم نابێ تۆژینەوەی مێژوویی بکرێت بۆ دۆزینەوەی بنەمای وشەی کوردی.. ئەوەی ڕاستی بێ من لە کتێبۆلکەی "حەشارگە."دا هەر ئەوەندەم گوتووە کە دەبێ نرخاندنی وشەی کوردی لە شێوەی ئێستاکەیدا بێت نەك لە شێوەی کۆنیدا بەو مانایە کە ناشێ ئاخاوتنی ئێستاکەمان بە هی کۆنی بەر لە هەزاران ساڵ بگۆڕینەوە هەرچەند بشتوانین شێوەی ئەو کۆنە ئاخاوتنە لە هەناوی مێژوو دەرکێشینەوە. وا دەزانم لەمەدا چ گرفتێك پەیدا نابێ مامۆستا قزڵجیش هەر لەو باوەڕەدایە بەڵام وا دیارە قسەکانم ئەوەندە ڕوون نەبوون کە گومانی داخوازی مەنعکردنی تۆژینەوەی مێژوویی لێ نەکرێ. بە لای منەوە ئەم جۆرە تۆژینەوەیە نەك هەر ڕەوایە بەڵکو لە پێوست پێویستترە چ لە زمان بێت چ لە مێژوو بێت چ لەهەر شتێکی تری سەر بە کۆمەڵایەتی کوردەوارییەوە بێت چونکە ئێمە هیچ گۆشەیەکی بوونمان ڕووناك نییە، ڕووناکیش نابێ بە تۆژینەوەی مێژووی نەبێت. من لەم لایەنەوە هێندە بە پەرۆشم تاکو جارێکیان نووسیم، ئەوەی پێوەندی زمانی ئێستاکەمان بە هی سەردەمی ئاوێستا و کۆنترەوە دەربخات دەبێ پەیکەری زێڕی بۆ دروست بکرێت و بە قارەمانی کوردایەتی بژمێررێت..

ب-لە شێوە ئاخاوتنی کرمانجی سەروودا ئەوەی لە پێش فیعلی تێپەڕەوە دێت "ڕاناوی لکاو" نییە هەروەك لە ئینگلیزیدا کە دەگوترێ:

I came
He said
You go

ئەم "he, you,I"ە ڕاناوی لکاو نین.

وەك من بۆی دەچم لە کرمانجی سەروودا لە فیعلی ڕابردووی تێنەپەڕ و لە هەموو ئایندەیەکدا ڕاناوی نەلکاو و لکاو دێن. بەڵگەی ئەم بۆچوونە، جگە لە سەلیقە، لەوەوەش دێت کە ڕاناوی "من" لە هەموو کرمانجی خوارووا ڕاناوێکی نەلکاوە. هەروەها ڕاناوی "ئێمە، مە- ئەوان، وان- تۆ، تە- ئێوە، وە" هەموویان نەلکاون و لەیەك سەرچاوەشەوە هاتوون. لەگەڵ ئەمەشدا بۆچوونەکەی مامۆستا قزڵجی سەرنج ڕادەکێشێت لێکدانەوەش هەڵدەگرێت.

ج-پێشکەوتنی ڕاناوی لکاو لە فیعل، وەك کە مامۆستا قزڵجی نموونەکانی "نەمگرت، نەتگرت، نەمانگرت.."ی لە تاکە وێنەی نەفیەوە بۆ هێناوەتەوە دیاردەیەکە لە زمانی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ طەبیعەتی ڕاناوی لکاو کە جێگۆڕکێ دەکات لە ڕستەدا. ئەم دیاردەیە هەر لە نەفیدا بەدی ناکرێت بەڵکو لە زۆر باری تردا بەرچاو دەکەوێت. ئەو فیعلە تێپەڕانەی کە پێشگریان پێوەیە هەمیشە لە ڕابردوودا ڕاناوە لکاوەکانیان دەکەوێتە پێشەوە:

هەڵمانگرت

دامکرد

وەرتانگرت

چەندێکش بەرکار دیاربێت لە ڕێژەی ڕابردوودا ڕاناوی لکاوی بەدوادا دێت و ڕاناوەکە دەکەوێتە بەرایی فیعلەکە:

گۆشتم خوارد

ماڵمان ماشت

ماستی فرۆشت

دارتان سووتاند

تا مومکین بێت ڕاناوی لکاو بە یەکەم کەرتی فیعلەکەوە دەنووسیت:

دەمکرد

نەمدەکرد

هەڵمنەدەکرد

ڕۆژێکم هەڵنەدەکرد

هەر ئەم جۆرە بزۆزییە و چالاکییەی ڕاناوی لکاو بوو وای کرد من پێشنیار بکەم پێی بگوترێ "ڕاناوی چالاك".

کەواتە پێش کەوتنەوەی "ڕاناوی چالاك" لە فیعل، بە پێی ئەو دەستوورانەی کە ئێستا شێوە ئاخاوتنی کرمانجی خوارووی دەخەنە گەڕ دیاردەیەکە لەمەڕ ڕاناوی چالاك و خاسیەتەکانی.

د-وا دەزانم نموونەکانی لاپەڕە "١٣٣"ی گۆڤار کە دواتر بە نموونەی شیعری شێوەی هەورامی دەرخستراون "وێم، وێت، وێش، وێمان، وێتان، وێشان" بریتین لە ڕاناو و وشەیەکی تری بە واتای "خۆ" بەوپێییە دەبنە "خۆم، خۆت..". کە ئەمە وابێ، بەلای منەوە، وشەکان لەوە دەشۆڕێن پێیان بگوترێ "ڕاناو" چونکە وشەیەکی داڕژراو دروست دەکەن کە بە پێی واتاکەی داخوازی دەستووری لە کارهێنان دەکات. لە گوتارێکی خۆم "سووڕێکی خامە بە دەوری ڕاناودا" نەختێك بە درێژی لەم "خۆ"یە دواوم.

*   *   *

لە کۆتایی ئەم بەسەرچوونەوەیەدا هەر ئەوەندە دەڵێم، چەندێکی بە ناوی وەرامدانەوە وەیا ڕوونکردنەوەی وەیا لێنەسەلماندن خەریکی گوتارەکەی مامۆستا قزڵجی بم، نرخی گوتارەکە گەلێك لەوەی پتر بە بەرەوە دەمێنێتەوە کە ئەو تەرزە پێوە خەریك بوونە لە منەوە یا لە یەکێکی ترەوە بە گوتارەکەوە دیاربێت.

سەرچاوە: گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، بەرگی پێنجەم، ١٩٧٧، ل ١٣٥-١٧٥.

حەسەن قزڵجی و
بیرەوەری و هەڵوێستێك بەرامبەر چیرۆکی کوردی*

ئەوە بوو دەستەی نووسەران لە ژمارەی (٧)ی گۆڤارەکەماندا بڕیاری دابوو، کە هەر جارە لە بارەی پەلێك لە پەلەکانی ئەدەبەوە، چەند پرسیارێك بخاتە بەردەم نووسەرەکانمان، چ تاك تاك و چ بە کۆمەڵ.. تاکو بیرەوەری و کرد و کۆشیان لە مەیدانی ئەدەبدا تۆماربکەین و دەربارەی جوڵانەوەی ئەدەبیی ئەمڕۆمان ئاگاداری هەموو چەشنە لێکدانەوە و تێڕوانینێك بین و ڕێگەی لێکۆڵینەوە و لێدوانی هونەرەکانی ئەدەب بە هۆی گۆڤارەکەمانەوە تەخت بکەین تا بێتە کەرەستەیەکی بەکەڵك و ئەو بیرەوەرییانەش تۆماربکەین کە دەوری پێشڕەوی لە ئەدەبەکەماندا دیاری دەکەن. وا ئەمجارەش دیسانەوە دەربارەی چیرۆکی کوردی ئەم وتارە بڵاو دەکەینەوە، کە بریتییە لە وەڵامی مامۆستای چیرۆکنووس حەسەن قزڵجەیی دەربارەی ئەو پرسیارانەی کە گۆڤارەکەمان ئاراستەی کردبوو سوپاسی هەستی خاوێن و بەرزی مامۆستاش ئەکەین.

نووسەری کورد

نامەکەی مامۆستا حەسەن قزڵجی

برایانی بەڕێز، دەستەی نووسەرانی گۆڤاری "نووسەری کورد" دووای ڕۆژباش و سڵاوی گەرموگوڕ.

نامەکەتانم لە کاتێکدا پێگەیشت کە نەخۆش بووم و لەناو جێوباندا کەوتبووم. پرسیارەکانتان تەواوی بیرەوەری ڕابوردوومی هێناوە بەرچاوم. بە تایبەتی بیرەوەری ئەو سەردەمەی کە وەکو شاعیری عەرەب دەڵێ:

وکنا باجتماع کالثریا   فصیرنا الزمان بنات نعش

ئەو ڕۆژگارانەی کە لەناو خزمەکان و کەسوکارمدا دەژیام و دەمخوێند و ئەدەبی عەرەبی و فارسی فێردەبووم، وە ئێستا یەکدویەکیان نەبێ هەموویان لە ژێر خاکدان. ئەو زەمانەم بۆیە وەبیرکەوتەوە، چونکە پێوەندی بە یەکێ لە پرسیارەکانەوە هەیە.

لەگەڵ سڵاو و ڕۆژباشی گەرم، وە ڕێزی زۆر و زەوەند، سەرکەوتنتان لە وەپێشخستنی ئەدەبی کوردیدا بە ئاوات دەخوازم.

براتان- حسن قزڵجی

پرسیاری یەکەم:

"لە بارەی سەرەتای نووسینی کورتە چیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا یادگارتان چییە، وە ئەوەی پاڵی پێوەنان بۆئەوە سەر بەم دەرگایەدا بکەن، وە ئەو چیرۆکانەش هەوەڵ جار دەتخوێندەوە و چێژت لێ ئەدین کامانەن؟!".

ئەم پرسیارە لە سێ بەش پێکهاتووە:

١-لە بارەی سەرەتای نووسینی کورتەچیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا.

٢-ئەوەی پاڵی پێوەنام سەر بکەم بەم دەرگەیەدا.

٣-ئەو چیرۆکانەی هەوەڵ جار دەمخوێندنەوە.

بەشی دووەمی پرسیارەکە لە تویێ پرسیاری سێیەمیشدا هاتووە. لەبەرئەوە ئێستا وەڵامی بەشی یەکەم و سێیەم دەدەمەوە.

بەشی یەکەم.. لەو پرسیارە لە بارەی سەرەتای نووسینی کورتەچیرۆك لە ئەدەبی کوردیدا:

نووسینی کورتەچیرۆك کە بە هێندێ لە زمانەکانی ئۆروپایی "نۆڤیڵ- novella" و "وە بە ڕووسی ڕاسکاز- Pacckaz"ی پێ دەڵێن بە مانای ڕاستەقینەی وشە و لە سەدا سەد، لە زمانەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، یانی عەرەبی و فارسی و تورکیشدا. لە مێژ نییە، وە مێژووی ئەوە مەگەر تاك و تەراك، ئەگینا لە شەڕی هەوەڵی جیهانی کۆنتر نییە، چونکە کورتەچیرۆك بەو مانا تایبەتییەی کە هەیەتی لەناو ئەواندا باو نەبووە، وە لە ئەدەبی ئۆروپایی وەرگیراوە.

نووسینی کورتەچیرۆك لەناو گەلەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەستەبووە بە ئاشنایەتی ئەو گەلانە لەگەڵ ئەدەبیاتی ئوروپایی، وە هەروەها بەستەش بووە، بە دامەزران و پەرەسەندنی چاپ و

چاپەمەنی لەناو ئەو گەلانەدا. هەرکامێکیان زۆرتر ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەدەبیاتی ئوروپایی پەیدا کردووە، وە زووتر چاپ و چاپەمەنییان دامەزراندووە زووتر دەستیان کردووە بە نووسینی کورتەچیرۆك. چونکە کورتەچیرۆك وەکو شیعر نییە چەند دێڕێك بێت و لەبەر کرێ یان خێرا بنووسرێتەوە. کورتە چیرۆك یان لە ڕۆژنامە و گۆڤارا چاپ دەکرێ یان کۆدەکرێتەوە و بە جیاوازی دەکرێ بە کتێب. جا لەبەرئەمە چاپەمەنی، بە تایبەتی گۆڤار لە پەرەسەندنی کورتەچیرۆکدا تەئسیرێکی گەورەی هەیە. یا بە جۆرێکی تر بڵێین ئەدەبی هەرگەل و میللەتێك دەبێ بگاتە پلەیەکی تایبەتی لە پێگەیشتن و بەخۆداهاتندا تا نووسینی چیرۆك و کورتەچیرۆك لە ناویدا ببێتە باو.

لە کوردستان، ئەو حکومەتانەی کە فەرمانڕەوایی بەسەردا دەکەن نەیانهێشتووە چاپ دامەزرێت و چاپەمەنی کوردی ببێ، چاپەمەنی کوردی کە ماوەیەکی کەم لە سەردەمی عوسمانیدا، وە هەروەها پاش ڕووخانی ڕژێمی عوسمانی ماوەیەکی کەمیش لە سووریە هەبوو زۆر تەنگەبەر و شپرزە و کەم تەمەن بووە. لەبەرئەوە نەیپەرژاوەتە سەر ئەم جۆرە کارانە لە عێراقی سەردەمی پادشایەتیدا کە ئیجازەی چاپەمەنی ئەدەبی کوردی دەدرا، چاپەمەنییەکە تووشی ئەوەندە کەندوکۆسپ دەهات نەیدەتوانی ماوەیەکی درێژ بژی، جێی خۆی بگرێ و وە دەرفەتی خزمەتکردنی ئەدەبی کوردی ببێ. هی هەرە تەمەن درێژیان ڕۆژنامەی حەوتەیی "ژین" وە گۆڤاری مانگانەی "گەلاوێژ" بوو.

ڕۆژنامەی "ژین" لە دوو پەڕەی بچووکدا چاپ دەکرا، بەشی زۆری بە ئاگاداری و شتی وا پڕ دەکراوە، "پیرەمێرد" پیر و تەنیاباڵ بوو، کەمتر دەیپەرژا سەر کورتەچیرۆك، لە ڕاستیدا زۆر کەمیش یارمەتی دەدرا. بەڵام گۆڤاری گەلاوێژ مەیدانێکی فراوان و هەراوی هەبوو، وە خزمەتێکی باشی ئەدەبی کوردی، بە تایبەتی کورتەچیرۆکی کرد. ئەم گۆڤارە زیاتر ئاوڕی لە کورتەچیرۆکی وەرگەڕاو دەداوە. وە کارێکی زۆریش بەجێ بوو. کورتە چیرۆکی وای وەردەگێڕا کە بۆ چاوکردنەوەی لاوەکانی ئەوسا بەکەڵك بوو. وە بە ناوی ئەوە کە وەرگەڕاوەیە خۆی لە گێچەڵی حکومەت لادەدا. کاك برایم ئەحمەد خۆشی کورتەچیرۆکی تێدا دەنووسی، وە هی نووسەرانی دیکەشی چاپ دەکرد. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە ئەو نووسەرانەی لە وزەیاندا بوو کورتەچیرۆك بنووسن دەست بکەن بە نووسین بەم پێیە دەتوانین ساڵی ١٩٣٩ کە ساڵی دەستپێکردنی بڵاوبوونەوەی گۆڤاری گەلاوێژە بە سەرەتای نووسینی کورتەچیرۆك دابنێین لە کوردیدا. ئەمە وەکو بزووتنەوە لەم ڕستە ئەدەبییەدا. ئەگینا پێش ئەوەش بە چەشنی تاك و تەراك کورتەچیرۆك نووسراوە. بەڵام وەکو بزووتنەوەیەك ناژمێردرێ.

بە داخەوە، هیچ ژمارەیەکی گۆڤاری گەلاوێژ یا چاپەمەنی دیکەی ئەو سەردەمەم بەلاوە نییە. لەبەرئەوە بە چەشنی گشتی ڕێبواری لەم باسە دوام. ئەگەر کەسێك بیەوێ وردتر و قووڵتر باسەکە ڕوونکاتەوە دەتوانێ ژمارەکانی گەلاوێژ و ڕۆژنامەی ژین و هی دیکە بپشکنێ وە چەندایەتی و چلۆنایەتی ڕەوتی نووسینی کورتەچیرۆك لەوسادا ڕوونکاتەوە.

بەشی دووەم.. لە پرسیاری هەوەڵ "ئەو چیرۆکانەی هەوەڵجار دەمخوێندەوە؟".

کۆمەڵە چیرۆکەکەی کە (منفلوطی)ی میسری کردبوونی بە عەرەبی. چیرۆکێك بە ناوی (ئینسان)، چیرۆکێك بە ناوی (روزاموند)، تارتوف، گەلێ لەو چیرۆکانەی کە ئەوسا لە گۆڤاری (الهلال)ی میسریدا چاپ دەکران، گەلێ لە چیرۆکەکانی ماکسیم گورکی، چیخۆف، ئەلکساندر دوما، ڤیکتۆر هۆگۆ وە هی دیکە.

پرسیاری دووەم: ئاگاداریت بەسەر چیرۆکنووسەکانی هاوتەمەن و هاچەرختدا، وە ناوی بەرهەمەکانیان و ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانەی تێیاندا بڵاوکراونەتەوە؟".

کورتەچیرۆکەکانی کاك برایم ئەحمەد کە لە گۆڤاری گەلاوێژدا چاپکرابوون، لە دواییدا بە ناوی (کوێرەوەری) بە جیاوازیش چاپ کران. کۆمەڵە چیرۆکێکی کاك شاکر فەتاح کە بە ناوی "شەبەنگە بەڕۆژ" چاپ کرابوو، چیرۆکێکی ا. ب. هەوری بە ناوی "دڵداری و پەیمانپەروەری" کە وەکو نامیلکەیەك چاپ کرابوو، هێندێ لە چیرۆکەکانی شێخ مارفی بەرزنجی کە لە گۆڤاری "هیوا"دا چاپ کرابوون، هێندێ چیرۆکی (مەم)یش کە هەر لەو گۆڤارەدا چاپ کرابوون و هی دیکە.

پرسیاری سێیەم: "چیرۆکنووسین لای ئێوە هەر ئەنجامی بەهرە، یا خولیایەکی ئەدەبی بوو، یان بارێکی تایبەتی، چ کۆمەڵایەتی، چ ڕۆشنبیری، چ بیروباوەڕ وایکرد ئەوەی لە دڵتان دایە بە چیرۆك دایڕێژن؟".

وەکو لە سەرەتای ئەم نامەیەدا ئیشارەکم کرد، لە تەمەنی بیست ساڵیدا بووم، لەگەڵ ئامۆزایەکم کە بە داخەوە لەم ساڵانەدا لە کرماشان لە دنیا دەرچوو، لەلای مامێکمان (مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە) لە مەهاباد دەمانخوێند. تۆرجانی زادە بۆ پێخوێندنی ئێمە میتۆد و شێوەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنا. ڕێزمانی عەرەبی (نحو-صرف)ی فێردەکردین، دوای فێرکردنی هێندێ (قاعدە) یەکێ لە چیرۆکەکانیمەنفەلووتی پیشان دەدان. دەبوو لەو چیرۆکەدا دیاری بکەین کە ئەو قاعدانە چۆن بەکارهێنراون. لە پاشان دەبوو تەواوی چیرۆکەکە بگێڕینەوە و ڕوونی کەینەوە مەبەستی نووسەر لە نووسینی ئەو چیرۆکە چ بووە. ئەگەر بمانزانیایە ئافەرینی دەکردین، ئەگەر نەمانزانیایە خۆی ئەو مەبەستەی بە درێژی بۆ ڕووندەکردینەوە و تێی دەگەیاندین. تۆرجانی زادە بایەخێکی زۆری

بە چیرۆك دەدا، خۆشی لە کتێب و گۆڤاراندا چیرۆکی بخوێندایەوە گەلێ جار بۆمانی دەگێڕایەوە و بە درێژی لێی دەکۆڵییەوە. ئەمە بووە هۆی ئەوە کە هەر لەو وەختەوە حەز لە چیرۆك بکەم. ماوەی چەند ساڵێکیش لە تاوی پۆلیسی ئەوسا لە "بازیان" خەریکی تووتنکردن بووم و لەناو وەرزێرەکاندا دەژیام، دەمدی کە وەرزێرەکان گەلێ نەقڵ و حیکایەتیان دەزانی وە زۆر بەتام و لەزەت بۆ یەکتریان دەگێڕاوە. لەمەش بۆم دەرکەوت کە چیرۆك لەناو کۆمەڵانی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشی کورددا تەئسیرێکی زۆری هەیە. بەڵام ئەمە بەو شەرتە کە چیرۆك یان هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەدەبی باری گەلایەتی ببێ.

بەرهەمی ئەدەبی کاتێ دەتوانێ ئەم خاسیەتەی ببێ کە لەو مەسەلە گرنگانەی تووشی کۆمەڵانی خەڵك هاتوون و، لە دیاردە گرنگەکانی ژیانی ئەوان بدوێ، وە لە ڕوانگەی سوود و مەسڵەحەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە لەو مەسەلە و دیاردانە بکۆڵێتەوە.

خاسیەتی گەلایەتی داوا لە نووسەر دەکات کە نووسینەکەی سادە بێ، دەم و کاوێژی ڕەوان بێ، مەبەستەکان بە ڕۆشنی بخاتە بەرچاوان تا کۆمەڵانی خەڵك بە ئاسانی تێی بگەن.

ئەمانەش بوونە هۆی ئەوە لە کورتەچیرۆك، وەکو هۆیەك بۆ دەربڕینی ئەوەی کە لە دڵمدایە کەڵك وەرگرم.

ئەما ئەوەی کە لە دڵم دایە:

ژیان و موتالا و تەجروبە تێی گەیاندم هەر خوێندەوارێك کە پێدەنێتە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە پێویستە بۆ جاری دووەم بێتە دنیاوە. ئەم، وەکو ئەو کەسانەی کە بۆیان نەلواوە بخوێنن و پەروەردە ببن لێی قبووڵ ناکرێ بە لەدایکبوونی هەوەڵ جار بەسی بکات، بە چاوبەستراوی بە هەوراز و نشێوی ژیاندا بڕوات، وە بە چەشنی تەبیعی سەرەتایی لە دەرگای لانکە و بێشکەوە بێتە دنیاوە و لە دەرگای گۆڕەوە بۆی دەرچێ.

خوێندەوار کە جاری هەوەڵ بە دەست خۆی نەبووە، هاتووەتە دنیاوە جاری دووەم بەدەست خۆیەتی.

پێشینان گوتوویانە: "بزن بۆ شەوێك جێگای خۆی خۆش دەکات" خوێندەوار کە ئینسانیشە و خوێندووشیەتی دەبێ ئەو شوێنەی کە سەدان و هەزاران باوك و باپیران بۆیان بەجێهێشتووە، وە لەمەش دووا سەدان و هەزاران نەوە و تیرەشی لەوێدا دەژین خۆش بوێت، وە بۆ ئاوەدانی و بوژانەوەی ئەوی تیبکۆشێ. خوێندەوار دەبێ سەرنجی ئەوە بدات کە لە کام گەل و کۆمەڵە هەر بەو جۆرە کە خەرمان لە تەواوی دەنکە دەنکەی گەنمەکان پێکدێ گەل و کۆمەڵەکەی ئەویش لە یەکە یەکەی ئەو کەسانە پێکهاتووە، وە هەرکامێکیشیان لەبەرئەوە کە یەکێکە لەو گەل و کۆمەڵە ئەرکێکی زۆری دەکەوێتە سەرشان، کە ئەرکی هەرە گەورەیان ئەوەیە بۆ ئازادی و خێر و خۆشی و بەخۆداهاتن و پێگەیشتنی گەل و کۆمەڵ کاربکات.

خوێندەوار دەبێ بە وردی ڕوونیکاتەوە کە کامانەن لە تەواوی گەل و کۆمەڵەکەی زوڵم دەکەن: چ زوڵمی نەتەوایەتی، چ زوڵمی ئابووری، وە چ زوڵمی ئەدەبی و زانیاری. وە کامانەن لەو زاڵمانە پشتیوانی دەکەن مەسەلەن وەکو ڕژێمی ئێران و ئیمپریالیستەکانی پشتیوانی ئەو ڕژێمە. وە لە دژی تەواوی ئەوانە خەبات بکات.

هەروەها خوێندەوار پێویستە بڕوانێتە خودی کۆمەڵیش و بزانێ لە چ جۆرە چینێك پێکهاتووە. ئەو چینانەی ڕزیو و داوەشاون و بوونەتە بەرهەڵستی پێشکەوتن و پێگەیشتنی کۆمەڵ وە مێژوو فەرمانی فەوتانی داون کامانەن، وە ئەو چینانەش کە خەریکی



بووژانەوەن و بەرەو پێگەیشتن دەڕۆن و دوواڕۆژی ڕووناك و ژیانی خۆشتر و باشتری گەل بەدەست ئەوان دەکرێ کامانەن وە دۆستان و پشتیوانانی ئەم چینانە کێن. لەگەڵ ئەم چینانە و دۆستانی ئەوان بێت و خزمەتی ئەوان بکات، وە بۆ ئەوەی خێراتر ببووژێنەوە هەوڵ بدات. لەم جۆرە سەرنجدان و وردبوونەوەیە تێگەیشتم ئەو حکومەتە کۆنەپەرست و زاڵمانەی حوکمڕانی بەسەر پارچەکانی کوردستاندا دەکەن دوژمنی کوردن. ئیمریالیزم پشتیوانی ئەوانە. خەبات لە دژی ئەوان و پشتیوانەکانیان ئەرکی سەرشانی هەموو خوێندەوارێکی کوردە. تێگەیشتم کە چینی دەرەبەگ و ڕیسەندۆڵی ئەو ڕزیو و داوەشاوە، بەرهەڵستی بووژانەوە و بەخۆداهاتنی کۆمەڵە. وە پێویستە بە هەموو تواناوە لە دژی ئەم چینە خەبات بکرێ. چینی خەریك بووژانەوە و ڕوو لە پێشکەوتن چینی کارگەر و وەرزێر و توێژی ڕووناکبیری پێشکەوتخواز و زەحمەتکێشەکانی دیکەیە، وە دۆستان و پشتیوانی ئەوان هێزە پێشکەوتووەکانن. خوێندەواری کورد دەبێ لەگەڵ ئەم چینانە بێت و شان بە شانی ئەوان و بۆ خێر و خۆشی گەل و بۆ ئازادی و ئاوەدانی نیشتمان تێبکۆشێ.

لە نەتیجەی ئەم سەرنجدان و وردبوونەوەیەدا ویستوومە بۆ خەبات لە دژی چینەکانی کۆنەپەرست و داوەشاو، وە بۆ خزمەتکردنی چینەکانی خەریك بووژانەوە و بەخۆداهاتوو بە پێی توانام لە کورتەچیرۆك کەڵك وەرگرم، وە ئەرکی سەرشانم ئەوەندەی لە وزەمدا بێ بەجێ بگەیەنم.

پرسیاری چوارەم "بە ڕوانینێکی ڕەخنەگرانە و، لە باری مێژووی ئەدەبەوە، بەلای ئێوەوە چیرۆکی کوردی بە چەند دەور یان قۆناغدا تێپەڕیوە، چ لە بارەی شێوە و چ لە بارەی ناوەڕۆکدا؟".

١-لێرەدا دوو ئەرك بە من سپێردراوە: یەکەم، لە باری ڕەخنەی ئەدەبییەوە، دووەم لە باری مێژوویی ئەدەبەوە. لە چیرۆکی کوردی بدوێم کە بە چەند وارگەدا تێپەڕیوە.

ئاشکرایە کە ئێمە نامانەوێ لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبی بورژوازییەوە بڕوانینە شوێنەواری ئەدەبیمان. چونکە لە ڕەخنەی ئەدەبی بورژوازیدا بیروڕا و سوودی چینەکانی فەرمانڕەوا بایەخیان پێدەدرێ و دەخرێنە بەرچاو. لەبەرئەوە، ڕەخنەی بورژوازی بە زانستە و بە ئەنقەستە لەو ئەسەرە ئەدەبییەی کە نیشاندەری بیروڕای پێشکەوتووە، وە چینی کارگەر و ڕەنجدەر وریادەکاتەوە و هەستی نەتەوایەتی ڕەوای گەلە غەدرلێکراوەکان دەبزوێنێ -بە نادروستی دەکۆڵێتەوە. ڕەخنەی بورژوازی ئەسەری کۆنەپەرستی دەخاتەبرەو. یانی ئەو ئەسەرانە بە باش و بەنرخ دەزانێ کە لەواندا نابەرامبەری ئینسانەکان و دەستەلاتی زۆردار و دەوڵەمەندەکان وەکش و ماتی گەلە ژێردەستەکان، بە پێویست و گرنگ زانراوە یان ئەسەری ئەدەبی بێ ناوەڕۆکی وا کە خوێنەر لە تێگەیشتنی هۆ و سەبەبەکانی بێعەدالەتی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی هەڵدەکا وە لە خەبات بۆ پێکهێنانی نیزامی ڕەوای کۆمەڵایەتی دەیگێڕێتەوە.

٢-لە باری مێژووی ئەدەبیشەوە، ئەگەر مەبەست ئەوە بێ کە مێژووی ئەدەبی بە ناوبانگی یەکێ لە گەلەکانی ئوروپا بکەینە ئەیارە و پێوانە بۆ سەرنجدانی ڕەوت و تێپەڕبوونی چیرۆکی کوردی بە وارگە و قۆناغەکانیدا لەو بڕوایەدام کە ئەمەش سەرناگرێ، وە تەواوی ئەو زاراوانەش وەکو: کەلاسیسم، ڕومانتیسم، سیمبولیسم و هی دیکە، غەیری ڕەئیالیسمی ڕەخنەگری کە بەکاردەهێندرێن، هیچیان نەك تەنیا لەگەڵ ئەدەبی کوردی، بەڵکو لەگەڵ ئەدەبی فارسی و عەرەبی و شتی واش ڕێك ناکەوێ، وە بەکارهێنانی ئەوانەیان بە چەشنی "مجازی"یە، یا بە ئیعتباری کەرتێك لە ماناکەیانە، یا بە مانای "لغوی" وشەکانە. چونکە مەسەلەن لە فەرانسە نزیکەی دوو سەد ساڵ لەمەوپێش شۆڕشی بورژوائی کراوە نیزامی دەرەبەگی و فیئودالی ڕووخێنراوە، ئەوسا نیزامی بورژوائی پێشکەوتوو بووە، پاشان پێشکەوتوویی لە کیس چووە، پاشان بۆتە نیزامی ئیستعماری وە ئاخرەکەی بۆتە نیزامی ئیمپریالستی.

ژێربینای ئابووری کۆمەڵی فەرانسە لەهەر سەردەمێك لەو سەردەمانەدا جۆرە سەربینایەکی ئەدەبی خواستووە کە هەرکامێکیان ناوێکی تایبەتی هەیە. بەڵام ئەدەبی کوردی و ئەم گەلانەی دیکە کە ئێستاش هێندێکیان لە نیزامی دەرەبەگیدا دەژین و، هێندێکیشیان تازە خەریکن لەو نیزامە ڕزگاریان بێ بەو وارگە و قۆناغانەدا تێنەپەڕیوە تا -بە تەواوی مانا وەبەر ئەو وشانە بکەوێ.

لێرەدا دەمەوێ داوای لێبوردن بکەم و، بە ڕێبواری و زۆر بە کورتی لە ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب بە چەشنی نوێ و عیلمی بدوێم:

١-ڕەخنەی ئەدەبی:

بریتییە لەو ئەسەر و وتار و نووسراوانەی کە لە ڕوانگەی سوود و مەسڵەحەتی ژیانی کۆمەڵایەتی وەخت و زەمانەوە لە ئەسەری ئەدەبی دەکۆڵنەوە و لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی مەسەلەکانی ئەم سەردەمە نرخی بۆ دادەنێن. ئەم ڕەخنەیە ڕوون دەکاتەوە کە ئەسەرە ئەدەبییەکە تا چ ڕادەیەك کۆمەکی چارەکردنی مەسەلە ژیانییەکانی گەل دەکا. ئەم ڕەخنەیە پیشان دەدا کە ئەو کارانەی لە ئەسەرەکەدا نوێندراون، یا ئەو دیمەنانەی لەودا لە ژیان کێشراون تا چ ڕادەیەك ڕاستەقینەن. ئەم ڕەخنەیە هەروەها نیشان دەدات کە نووسەرەکە بە بەکارهێنانی وەسائیلی هونەری توانیویەتی بگاتە ئەو ئامانجەی کە بۆ خۆی داناوە یان نا. ڕەخنەی ئەدەبی هۆیەکی کاریگەرە بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی کەیفییەت و چلۆنایەتی بیروڕای هونەری، وە دەبێ لەگەڵ ڕوونکردنەوەی لایەنە ئیجابییەکانی ئەسەری هونەری، کەم و کووڕییەکانیشی بە دەلیل و بەڵگەوە نیشان بدات.

٢-مێژووی ئەدەب:

باسی پێگەیشتنی ئەدەب دەکا لە کاتی پەیدابوونیەوە تا ئەمڕۆ. مێژووی ئەدەب شوێنەواری خوڵقێنەری گەل و ئەشخاس دەگرێتەوە. ئەرکی بنەڕەتی ئەو ئەمەیە کە قانونییەتی مێژوویی مەوزوعی ڕەوت و جەرەیانی ئەدەب ڕوون کاتەوە. مەسەلەن لە ئەم یا ئەو ئەسەرە هونەرییە بکۆڵێتەوە، پایە و گرنگی نووسەرەکان دیاری بکا، وە گرنگی میتۆدە جۆربەجۆرەکانی ئەنواعی پێگەیشتنی ئەدەبی نیشان بدات.

ئەدەب لە هەموو جێگایەك لە پێوەندی لە پسان نەهاتوودا لەگەڵ تایبەتییەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری وە ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ژیانی گەلدا پێ دەگا.؟ وە ئا ئەمەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلەکان و خەڵکە جیاوازەکان شوێنەواری ئەدەبی تایبەتی خۆیان بێ، وە دەبێتە هۆی ئەوە کە مێژووی ئەدەب مێژووەکانی شوێنەوارە ئەدەبییەکانی میللەتەکان جیاکاتەوە. مێژووی ئەدەب لە پێگەیشتنی ئەدەب لە وڵاتێکدا دەکوڵێتەوە، وە پێوەندی ئەو ئەدەبە و تەئسیرکردن و تەئسیر وەرگرتنی ئەو لەگەڵ ئەدەبی وڵاتانی دیکە ڕوون دەکاتەوە. مێژووی بە ڕاستی عیملی ئەدەب قانونایەتیەی جەرەیان و ڕەوتی ئەدەب و هونەر پیشان دەدا، یانی ئەو قانونایەتییەی کە لە پێوەندی ئەدەبیاتی میللی لەگەڵ پێگەیشتنی مێژووی گەل و میللەتێکی موعەین و موشەخەس هەڵدەقوڵێ- دیاری دەکا. ئەمەش لەسەر بنچینەی وەزعییەتی ئەو گەل و میللەتە دادەمەزرێ. چونکە لە تەواوی کۆمەڵەکانی چینایەتیدا پێگەیشتنی ئەدەبیاتی میللی تاقە ڕەوت و جەرەیانێك نییە. "لینین" دەنووسێ: "لە تەواوی ئەدەب و کولتوورەکانی میللیدا، دوو ئەدەب و کولتوور هەیە".

مێژووی ئەدەب لە کۆمەڵی چینایەتیدا، خەباتی چینەکانی بنەڕەتی لە دژی وەزع و، هەڵوێستگرتنی دژی وەزع لە ئەدەبدا — ڕوون دەکاتەوە. پێگەیشتنی میتۆدە جیاوازەکانی هونەری، جەرەیانەکانی ئەدەبی، وە تێپەڕبوونی مێژوویی ڕێبازە جیاوازەکانی ئەدەبی نیشان دەدات. گەلێ ئەرکی دیکەشی لە ئەستۆیە، کە لێرەدا دەرفەتی لێدووانیان نییە.

ئێستا لەژێر تیشکی ڕەخنەی ئەدەبی و، مێژووی ئەدەبدا، بە پێی ئەو پرسیارە لە بارەی کورتەچیرۆکی کوردی ئەم ئەرکانە دێنە پێشەوە:

١-لە ڕوانگەی سوود و مەسڵحەتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەم وەخت و زەمانەوە لە کورتە چیرۆکی کوردی بکۆڵینەوە، وە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی گرنگترین مەسەلەکانی ئەم سەردەمە- نرخی بۆ دانێین.

٢-ڕوونی کەینەوە کورتەچیرۆك تا چ ڕادەیەك کۆمەکی چارەکردنی ئەو مەسەلە ژیانییانەی گەلی کورد دەکا؟

٣-ئەو ئاکارانەی لە کورتەچیرۆکدا نوێندراون. یان ئەو دیمەنانەی لەودا کێشراون و تا چ ڕادەیەك ڕاستەقینەن؟

٤-نووسەرەکانی ئەو کورتە چیرۆکانە توانیویانە بە بەکارهێنانی وەسائیلی هونەری بگەنە ئەو ئامانجانەی بۆ خۆیانیان داناوە یان نا؟

٥-ڕادەی چلۆنییەتی بیروڕای هونەرییان چۆنە؟

٦-لایەنە ئیجابییەکانیان و کەموکوڕییەکانیان کامانەن؟

٧-پێگەیشتنی کورتەچیرۆکی کوردی لە کاتی پەیدابوونییەوە تا ئەمڕۆ چۆن بووە؟

٨-پایە و گرنگی نووسەرەکانی کورتەچیرۆك چۆنە؟

٩-میتۆدە جۆربەجۆرەکانی کورتەچیرۆکی کوردی کامانەن؟

١٠-پێوەندی کورتەچیرۆکی کوردی لەگەڵ تایبەتییەکانی ئابووری، سیاسی، کولتووری وە ئاڵوگۆڕەکانی دیکەی ژیانی گەلی کورد چۆنە؟

١١-کورتەچیرۆکی کوردی لە کام ئەدەبی دیکە تەئسیری وەرگرتووە، وە داخۆ تەئسیری کردۆتە ئەدەبی خەڵکی دیکە؟

١٢-لە کورتەچیرۆکی کوردیدا (بە ناوی ئەوە کە بەشێکە لە ئەدەبی کۆمەڵێکی چینایەتی، وە دەبێ دوو چەشنە کولتووری تێدا ببێ) دوو چەشنە کولتوورەکە کامانەن:

١٣-خەباتی نێوان چینە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵی کوردی، لە کورتەچیرۆکدا چۆن خۆی دەنوێنێ؟

١٤-هەڵوێست گرتنی دژی وەزع لە کورتەچیرۆکی کوردیدا چۆنە؟

١٥-جەرەیانەکانی ئەدەبی لە کورتەچیرۆکی کوردیدا؟

١٦-تێپەڕبوونی ڕێبازە جیاوازەکان لە کورتەچیرۆکی کوردیدا؟

ئەمانە لانی هەرە کەمی ئەو پرسیارانەن کە ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی ئەدەب، لە بارەی کورتەچیرۆکی کوردی دەیانهێننە پێشەوە. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە هیچ نەبێ بەشی هەرە زۆری کورتەچیرۆك لەبەردەستدا بێ، وە لە یەك بەیەکیان بکۆڵرێتەوە تا بتوانرێ بڕیارێکی گشتی بدرێ. هەزار حەیف و داخ من هیچی وام بەلاوە نییە! ئەگینا هەرچەند نەخۆشی و کار کەکەمتر وەختم بۆ دەهێڵنەوە، دیسان پەلەقاژەیەکم هەر دەکرد.

بەڵام لەژێر تیشکی ئەو قانونیاتییە ئەدەبییەدا کە باسمان کرد دەتوانین بڵێین:

گەلی کورد گەلێکە لە نیزامی فیئودال- بورژوائی دەژی. وە چەند چینی جۆربەجۆری تێدا هەیە: وەرزێر و دەرەبەگ وە توێژەکانی سەر بە چینی دەرەبەگ، چینی کارگەر کە تازە خەریکە سەقامگیر دەبێ، وە چینی بورژوا بە توێژەکانی سەربەخۆیەوە.

چینەکانی وەرزێر و کارگەر و بورژوا سوود و قازانجیان پێویست دەکا لە دژی دەرەبەگ خەبات بکەن. دەرەبەگیش لە دژی

ئەوان هەڵدەسووڕێ چینەکانی کارگەر و وەرزێریش مەسڵحەتیان پێویست دەکا لە دژی بورژواش تێکۆشن، ئەمیش لە دژی ئەوان هەڵدەسووڕێ.

گەلی کورد بە گشتی و بە هەموو چین و توێژەکانییەوە لە پێناوی مافی نەتەوایەتیدا تێدەکۆشێ. ئەم نەژاد و خەباتانە دەبێ هەموویان لە ئەدەبی کوردیدا (وە کورتەچیرۆکیش بەشێکە لەو) خۆیان بنوێنن.

جگە لەمانە هێندێ نووسەری بێ چین و کەمتەرخەمیش هەن کە گوێ نادەنە ژیانی کۆمەڵایەتی، وەبیریان بە ژیانی خۆیانەوە خەریکە، ئەمانیش هەستی دەروونی خۆیان (دڵداری بێ، تێشکان بێ لە ژیاندا، یا خۆشی و ناخۆشی ژیانی تاکی بێ) لە کورتەچیرۆکدا دەردەبڕن.

کۆمەڵی کورد لە حاڵی تێپەڕ بوون (انتقال)دایە، نیزامی دەرەبەگی هەڵوەشاوە چینی کارگەر زۆر پەرەی نەسەندووە، چینی بورژوا بە تەواوەتی سەقامگیر نەبووە، وە ناشتوانێ سەقامگیربێ. چونکە کشان بۆ لای سوسیالیزم زۆر بە تەوژمە.. لەبەرئەوە لە کورتە چیرۆکیشدا وەکو تەواوی ئەدەبی کوردی گەلێ جۆرە بیروڕای جیاواز سەرهەڵدەدات وە هەر بەو جۆرە کە چینەکان خۆیان لە حاڵی شلکیدان، ئەمیش هێشتا شلکە، تەبیعییە ئەمەی کە دەیڵێین بە چەشنی گشتییە، ئەگینا ئەگەر قسە لە تاک تاکی کورتەچیرۆکەکان بێ. هی پێگەیشتوویان زۆر تێدا هەیە.

نووسەرەکانیش بە پێی وەزعی چینایەتی و ژیان و وریایی سیاسی خۆیان لە تەزادەکان و خەباتەکانی نێوان ئەو چینانە تەئسیر وەردەگرن، وە ئەم تەئسیرە لە چیرۆکەکانی ئەواندا بە جۆرێك لە جۆران خۆی دەنوێنێ. ئەو خەباتانەی خۆیان لە چیرۆکدا دەنوێنن زۆربەیان پێشکەوتووانەن. خەباتی گەل بە گشتی لە پێناوی مافە ڕەواکانی نەتەوایەتیدا، خەباتی وەرزێر و کارگە و بۆرژوا لە دچی دەرەبەگایەتی وە خەباتی کارگەر و وەرزێر لە دژی بورژوازی. لەبەرئەمە کورتە چیرۆکەکانیش زۆربەیان لە باری ناوەڕۆکەوە پێشکەوتووانەن.

لە باری شێوەوە:

ڕاستەکەی ئەوەیە نەمتوانی بە وردی بزانم مەبەست لە شێوە چییە. وە لە جیاتی کام زاراوەی ئەدەبی بەکارهێنراوە. داخۆ مەبەست لە شێوە (ستیل)ە، (کومپوزیسیون)ە، فورمە، یان زمانی هونەرییە؟ بەهەر جۆر با وای دانێین کە بە مانای قاڵبی داڕشتنی چیرۆك بێ.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر وەڵامی پرسیارەکە، کە "کورتە چیرۆکی کوردی لە باری شێوە و ناوەڕۆکەوە بە چەند دەورا تێپەڕیوە؟ لام وایە دەتوانین بە چەشنی گشتی" بڵێین:

١-لە وارگەی (زەو-تولد) تێپەڕیوە.

٢-لە دەوری کاڵ و کرچی و ساوایی تێپەڕیوە و گەیشتۆتە وارگەی لاوێتی.

٣-لە وارگەی بێ ئامانجی و نووسین بۆ نووسین تێپەڕیوە و گەیشتۆتە وارگەی ئامانجداری.

٤-لە باری (شێوە- قاڵبی داڕشتنەوە) لە شێوەی نەقڵ و حیکایەت تێپەڕیوە و کەوتۆتە قاڵبی تازەوە.

٥-لە یاریکردن بە وشەش، زۆربەیان ڕزگاریان بووە.

پرسیاری پێنجەم: ئەمڕۆ چیرۆکی تازەی کوردی چۆن دەبینین؟

لام وایە وەڵامی پرسیاری چوارەم، وەڵامی ئەم پرسیارەشی تێدابوو.

بەڵام دەتوانین شتێکی لێ زیادکەین و بڵێین:

کورتەچیرۆکی کوردی لەگەڵ ئەوە کە لە توێی تێکڕای ئەدەبی کوردیدا خنکێنراوە تاقە چەندساڵێکە دەرەتانی خۆنواندنی هەیە لە چاو کورتەچیرۆکی فارسی و عەرەبی کە ئەو هەموو دەرەتانە بێ سنوورە یان هەبووە و هەشیانە، بەش بە حاڵی خۆی زۆر لە دووا نییە. ئەمەی کە دەیڵێین دیارە لە باری کەیفییەت و چلۆنایەتییەوەیە، نەك لە باری کەمییەت و چەندایەتییەوە.

کورتەچیرۆکی کوردی دوواڕۆژێکی ڕوناکی بۆ چاوەڕوانی دەکرێ، وە هیواداری ئەوەی لێ دەکرێ کە بە خێرایی پێ بگات. بەڵام ئەمڕۆ لەگەڵ ئەوەش کە کورتە چیرۆکی باشمان هەیە، کورتە چیرۆکی واشمان زۆرە کە بە سەنگ و تەرازووی تەیئووری ئەدەبی نایەتەوە، هی واشمان کەم نییە کە فورمالیسم و سیمبولیسم و شتی وا وەبیر دەخەنەوە. دەردی ئەمانە هیچیان زۆر گران نییە، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار هەموو شتێك جێگای خۆی دەگرێتەوە. بەڵام دەردی زمانی گەلێ لە کورتە چیرۆکەکان زۆر گرانە. لە ڕاستیدا زمانی گەلێ لەو چیرۆکانە کەمتر لە زمانی عادەتی کوردی دەچێ، دەڵێی کەسێکی بێگانە، کە تەواو کوردی فێرنەبووبێ نووسیونی. ئەم دەردە دەردێکی زۆر گرانە ئەگەر بێت و چارەی نەکرێ، وە هەروا بڕوات لەوانەیە زمانەکە بشێوێنێ. یان بە لانی کەمەوە ڕەنجی ئەو نووسەرانە بە فیڕۆ دەڕوات و کەس نووسراوەکانیان ناخوێنێتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بڵێم لەبەرئەوە کە دەستم ناگاتە کورتەچیرۆکەکان نەمتوانی بۆ هەر مەبەستێك لەو مەبەستانەی باسم کردن نموونە پیشان بدەم. ئەگەر چیرۆکی زۆریشم بەلاوە بوایە دیسان لێرەدا مەیدانی ئەو هەر نەدەبوو. چونکە باسەکە پتر لەوەی کە دەرفەت هەیە درێژ دەبووەوە.

سەرچاوە: گۆڤاری "نووسەری کورد"، بەغدا، ژ ١٠، ئەیلوولی ١٩٧٣.